

داستانی
بکوژێک
ئالان محەمەد

# داستانی بکووژێک

**ئالان محەمەد**

# بەشی یەکەم

## 30ی ئەیلوولی 1891ز

**ئێوارەیەکی درەنگ بوو لەناو باخچەکەدا، هەوا بەرەو ساردبوون دەڕۆیشت و خۆریش لە کۆتا ساتەکانی ئاوابوونی بوو. لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا، ئەوا ڕەنگی درەخت و گوڵە ڕەنگینە جۆراوجۆرەکان بەرەو ڕەنگێکی تاریک دەچوو، وەکو ئەوەی کە نزیک بوونەوەی شەو بووبێتە هۆکاری ترسیان و ڕەنگیان دەرپەڕی بێت. لە کاتێکدا کە بەناو گۆڕەپانی باخچە گشتییەکەدا دەڕۆیشتین، ئەوا سەرەتا هەستمان بەو سەرمایە نەکرد کە هەموو پاییزێک بەرۆکی دەگرتین، یاخود وردتر بڵێم پشتگوێمان خستبوو. نەخێر، بەڵکو بە پێچەوانە هەستمان بە گەرمییەکی نەرم دەکرد، گەرمییەک کە ڕوحی هەردووکمانی لە سەرما دەپاراست، گەرمییەک کە لە ئاکامی ئاسوودەیی و خۆشەویستییەوە درووست بووبوو. هەڵبەتە کە باس لەم گەرمییە دەکەم، ئەوا مەبەستم گەرمی ڕوحە، ئەگینا شتێک نەبوو بە ناوی گەرمی جەستەیی لەو کەشە ساردەدا بە تایبەتی کە شنەبایەکی کز هەڵی کردبوو. کاتێک بینیم کە ئەو کەمێک دەلەرزێت، ئەوا پاڵتۆیەکەم دانا و بەسەر شانەکانی ئەوم دادا. ویستی ڕەتی بکاتەوە، بەڵام پێداگیریم لێ کرد، ئیتر قبووڵی کرد. ئەمە یەکەم جارمان نەبوو کە بەو ئێوارە درەنگە پیاسە بکەین، بەڵکو لە ڕاستیدا کارێکی ڕۆتینی بوو کە ڕۆژێک نا ڕۆژێک ئەنجامما‌ن دەدا. شایەنی باسە کە ئەمە بیرۆکە یان ویستی من نەبوو بەو کاتە درەنگە و بەم سەرمایە بچینە دەرەوە، بەڵکو هەر حەزیشم پێ نەدەهات، بەڵام ئەو حەزی بەم کەشە سارد و تاریکە دەهات، ئەمەش شتێکی سەیر بوو، تاکە شتێکی سەیربوو لەودا. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر و بە شێوەیەکی ڕۆتینی دەچووینە دەرەوە، ئەوا ڕاهاتم، ئیتر کێشەم نەما. بەڵام لێتان ناشارمەوە کە ئەم سەرما نەفرەتییە هێشتا کەمێک هەر بێزارم دەکات.**

دوای ئەوەی کە بۆ ماوەی نیو خوولەک بە دەم قسەکردنەوە بەناو باخچەکەدا پیاسەمان کرد، ئەوا لە کۆتاییدا لەسەر دوور کورسی دانیشتین کە لە دەوری مێزەیەکی دارینی خڕی بچووک دانرابوون. نزیکەی پێنج خوولەک بە دانیشتنەوە قسەمان کرد، بەڵام ئای کە چەندە پێنج خوولەکێکی پڕ لە ناڕەحەتی بوو. ئەو کەشە سارده بە ڕاددەیەک کاری لە من کردبوو کە ددانەکانم دەلەرزین، لە هەمان کاتیشدا جەستەشم کەوتبووە لەرزین. لوسی کە ئەوەی بینی، ئەوا زەردەخەنەیەکی بۆ کردم و گوتی: پێت چۆنە کە پاڵتۆیەکەت پێ بدەمەوە؟ ئاشکرایە کە لە من زیاتر پێویستت پێیەتی.

نەمویست دان بەوەی دابنێم کە سەرمامە، بۆیە نکۆڵی ئەوەم کرد و گوتم: نەخێر، سەرمام نییە، با هەر لای خۆت بێت.

لوسی دووبارە زەردەخەنەی کردەوە، بەڵام ئەم جارە هیچی نەگوت و لەسەر کورسییەکە هەستا. دەستی بۆ لای من درێژکردەوە تاکو دەستی بگرم، دواتر گوتی: وا خەریکە دونیا تاریک دەبێت، وە هەوا زۆر ساردە، بۆیە با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە و دوو چای گەرم بخۆینەوە تاکو ئەم سەرمایە لە جەستەمان دەرکەین.

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا دڵخۆشییەکی زۆر دایگرتم. بەڵام ئەم دڵخۆشییەم نیشان نەدا، بەڵکو وەکو ئەوەی لام گرنگ نەبێت، ئەوا هەستام و دەستم گرت، دواتر گوتم: زۆرباشە. ئەگەر ئەمە ویستی تۆیە، ئەوا با بڕۆین.

ئەم جارە زەردەخەنەکەی بوو بە پێکەنینێکی بچووک، کە لە پێکەنینەکەی تەواو بوو، ئەوا گوتی: دەزانم کە سەرماتە و دەتەوێت بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، ئاخ لە ئێوەی پیاوان، دان بە هیچ شتێکدا نانێن!

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا پێکەنین منیشی داگرت، دواتر گوتم: باشە، باشە، ڕاست دەکەیت. ئێستا کە ئەم ڕاستییە دەزانیت، ئەوا تکایە با خێرا

بگەڕێینەوە، بە ڕاددەیەک سەرمامە کە دەمەوێت خۆم بخەمە ناو ئاگردانی ماڵەکەمان تەنیا بۆ ئەوەی گەرمم ببێتەوە!

زۆرمان پێ نەچوو تاکو گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە بەوەی کە ماڵەکەمان لە نزیک باخچەکەوە بوو. کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا لوسی پاڵتۆیەکەی داکەند و پێی دامەوە، منیش لە نزیک دەرگایەکە هەڵمواسی. دوای ئەمە ڕۆیشتم بۆ ژووری میوانەکان تاکو ئاگری ئاگردانەکە پێبکەم و خۆشی بکەم، دوای ئەوەی ئاگرەکەم پێکرد، ئەوا ڕۆیشتمە سەر قەنەفەکە و لە بەردەم ئاگردانەکە دانیشتم. لە هەمان کاتدا لوسی ڕۆیشت بۆ چێشتخانەکە تاکو کترییەکە پڕی ئاو بکات، دوای ئەوەی کە لە پڕکردنی تەواو بوو، ئەوا کترییەکەی خستە سەر سەماوەرە هەڵمینەکە تاکو بکووڵێت. لە کاتێکدا کە چاوەڕێی کووڵینی کترییەکەی دەکرد، ئەوا لە چێشتخانەکە هاتە دەرەوە و هات بۆ لای من. لەسەر قەنەفەکە لە نزیکمەوە دانیشت، دواتر ڕاکشا و سەری خستە سەر ڕانەکانم، لە کاتێکدا کە پێکەوە سەیری ئاگرە خۆش و هێمنەکەمان دەکرد، ئەوا دەستم بەسەر قژیدا دەهێنا و گۆرانییە دڵخوازەکەم بۆ دەگوت کە بریتی بوو لەمە:

ئیستۆم فەرتەڤیا

یێ ڤاندرێیالێنێ

ئۆڤە ئیسپرییا تاییێمێگرام

ئییا پلێهاگن ستا مۆیان دێن ڤێنێ

ئۆهـ سنگرا:

ناکۆما دو هیەم؟

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە پێنج خوولەک، ئەوا گوێمان لە دەنگی کووڵانی کترییەکە بوو، بۆیە لوسی هەستا و ڕۆیشتە چێشتخانەکە تاکو چایەکە ئامادە بکات، زۆری پێ نەچوو کە بە دوو کوپی بچووکی پڕ لە چای گەرم گەڕایەوە. کوپێکی بە مندا و هی خۆیشی لەسەر مێزە بچووکەکەی نزیک قەنەفەکە دانا. بۆیە ئەمەی کرد چونکە بە پێچەوانەی من حەزی نەدەکرد ڕاستەوخۆ چایەکی گەرم بخواتەوە، هەمیشە لەسەر مێزەکەی دادەنا تاکو کەمێک سارد بێتەوە و ئینجا بیخواتەوە.

لەم جۆرە کاتانەدا، ئەوا هەمیشە بە دەم قسەکردنەوە بووین، هەمیشە باسی ئەوەمان دەکرد کە ڕۆژەکەمان چۆن بەسەر بردووە و چ شتێکی سەرنجڕاکێش ڕوویداوە، بەڵام ئەو شەوە وەکو شەوەکانی تر نەبوو، کەشێکی تایبەتی هەبوو. سەرمای دەرەوە، گەرمی ناوەوە، دیمەنی جوانی ئاگر و بوونی چای گەرم، هەموو ئەمانە وایان کرد کە بە بێدەنگی و بە نیگایەکی پڕ لە سۆزەوە سەیری یەکتری بکەین. پێویستمان بە بوونی هیچ وشەیەک نەبوو تاکو خۆشەویستی بۆ یەکتری دەرببڕین، نیگایەکانمان بەس بوون بۆ ئەوەی دڵمان بەرامبەر یەکتری ئاوێنە بداتەوە.

بەم شێوەیە لە سەیرکردنی یەکتری بەردەوام بووین تاکو خەریک بوو ئاگری ئاگردانەکە خامۆش بێتەوە، بۆیە خێرا ڕۆیشتمەوە لای ئاگردانەکە و دووبارە ئاگرەکەم خۆش کردەوە. دوای ئەوەی کە ئەمەم ئەنجامدا، ئەوا لوسی کوپە چایەکانی هەڵگرت و بەرەو چێشتخانەکە ڕۆیشت تاکو لەسەر سینکە بچووکەکە بیانشواتەوە، دواتر وشکی کردنەوە و خستنییە سەر هەڵگری کوپ و پەرداخەکان. لە کاتێکدا کە هێشتا هەر لە بەردەم ئاگردانەکە بووم، ئەوا لوسی گەڕایەوە بۆ لام و گوتی: هەرچەندە کاتەکەی زووە، بەڵام پێت چۆنە بڕۆینە

**سەر جێگا و بخەوین؟ هەست بە ماندوویی دەکەم، وە کەشی ئەمشەویش کە کەشێکی ساردە، کەشێکی زۆر خۆشە بۆ خەوتن. بۆیە پێت چۆنە؟**

**حەزم بەو بیرۆکەیە دەهات، بەڵام لەبەر ئەوە نا کە خەوم دەهات، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە حەزم لەوە بوو باوەش بەودا بکەم.**

**هەرچەندە بیرۆکەکەیم بەدڵ بوو، بەڵام نەمتوانی قبووڵی بکەم و گوتم: حەز دەکەم ئازیزەکەم، بەڵام ناتوانم بەوەی کە ئەمشەو لە نووسینگەکە کارم هەیە.**

**پێویستە بە قسەی گەواهییەکاندا (شاهید) بچمەوە و سەیری بەڵگەکانی پۆلیس بکەم تاکو بتوانم شتێکی گونجاو و بێ هەڵە لە ڕۆژنامەکەدا بڵاو بکەمەوە.**

**لوسی کە گوێی لەمە بوو، ئەوا کەمێک دڵتەنگ بوو، بەڵام ئەم دڵتەنگییەی خێرا کۆتایی پێهات بەوەی کە دەیزانی کارەکەم گرنگە. دواتر گوتی: باشە ئازیزەکەم، کەوایە تاکو دەگەڕێیتەوە چاوەڕێت بکەم یاخود...؟**

**لە وەڵامدا گوتم: نەخێر ئازیزەکەم، ئەمشەو درەنگ دەگەڕێمەوە، بۆیە چاوەڕێم مەکە و بخەوە.**

**دواتر زەردەخەنەی بۆ کردم و گوتی: باشە ئازیزەکەم، کەوایە دەڕۆمە سەرەوە تاکو بخەوم. کە ڕۆیشتیت، ئەوا ئاگرەکە بکووژێنەوە و دەرگایەکەش دابخە.**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا لێم نزیک بۆوە و ماچێکی نەرمی لێوەکانی کردم، دواتر ڕۆیشتە سەرەوە و منیش بە تەنیا لای ئاگردانەکە مامەوە. نزیکەی کاژێرێک لە نزیک ئاگردانەکە مامەوە، تاکە شتێک کە بیرم لێ دەکردەوە بریتی بوو لەو ناڕاستگۆییەی کە بەرامبەر ئەوم ئەنجامدا، ناڕاستگۆییەک کە ئازارێکی زۆری دەدام. هەرگیز حەزم نەدەکرد و حەزیش ناکەم درۆ لەگەڵ (لوسی)دا بکەم،**

بەڵام ئەمە شتێکە کە هەرگیز نابێت تیشکی ڕووناکی بکەوێتە سەر و ئاشکرا بێت. چونکە ئەگەر ئاشکرا بێت، ئەوا هەرچی لەپێناویدا کارم بۆی کردووە و قوربانیم بۆ داوە، ئەوا لەناو دەچێت. بۆیە ناچار بووم کە ڕاستییەکەی پێ نەڵێم. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو شەوە لە نووسینگەکە کارم نەبوو، بەڵکو کارم لە شوێنێکی تر هەبوو، کارێک لەگەڵ چارەنووس. دوای ئەوەی کە ئاگرەکەم کووژاندەوە و لەگەڵ دەرچوونم دەرگایەکەم داخست، ئەوا بەرەو ناوچەی وایت چاپڵ بەڕێکەوتم. بە هۆی ئەوەی کە ناوچەکە دوور بوو، ئەوا دەستم بۆ گالیسکەیەک بەرز کردەوە و دواتر سەرکەوتمە سەری، ناونیشانەکەم پێگوت و بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێکەوتین. لە کاتێکدا کە گالیسکەکە بە خێرایی بە شەقامە سارد و تاریکەکانی ناوچەی "ستراند"دا دەڕۆیشت، ئەوا لەپڕ تەواوی یادگارییەکانی ڕابردوو هزریان داگیر کردم، ئەو یادگارییانەی کە منیان بەم ڕۆژە گەیاند. هەموو شتێکم بیر هاتەوە، هەموو یادگارییەکان لە چەند ساتێکی کەمدا بە پێشمدا تێپەڕین، ڕێک وەکو ئەوەی کە بینەری ژیانی ڕابردووی خۆم بم.

## 7ی حوزەیرانی 1877ز

**ڕۆژێکی گەرم بوو، هەر ئەمەش چاوەڕێ دەکرێت لە ڕۆژەکانی مانگی حوزەیران، بەڵام ئەم ڕۆژە زیاتر لە ڕۆژەکانی تر گەرمتر بوو. وەکو هەمیشە هەموو بەیانییەک پێش هەمووان لە خەو هەستام و نانی بەیانیم خوارد، دواتر ڕۆیشتمە دەرەوە تاکو پیاسەیەک بە شەقامە وشکەکانی "وایت چاپڵ"دا بکەم. لە کاتێکدا کە بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتم، ئەوا بینەری ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بووم، بینەری ڕووخساری تەمبەڵ و بێ وزەی ئەو خەڵکە بووم کە هێشتا ئاسەواری خەو بە ڕووخساریانەوە دیار بوو. دوکانەکان تازە دەکرانەوە و خەڵکیش دەچوونە سەر کار. هەبوو کارمەندێکی ئاسایی بوو کە بە پۆشاکە فەرمییەکەی و جانتایەکەی بەرەو نووسینگەکەی دەڕۆیشت، هەشبوو کرێکار بوو و بەرەو بینای کارکردنی دەڕۆیشت، هەشبوو وەکو باسم کرد دوکانەکەی دەکردەوە تاکو بژێوی ئەو ڕۆژەی پەیدا بکات. جێی باسە کە تەنیا پیاوەکان نەدەچوونە سەر کار، بەڵکو بەشێک لە ئافرەتەکانیش دەچوونە سەر کار. دەزانم کە ئەمە سەیرە، بەڵام ئەوە بزانن کە من مەبەستم ئەو کارە نییە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکو مەبەستم شتێکی ترە. لە سووچی چوار شەقام لە سەرووی ماڵی ئێمەوە، ئەوا خانوویەک هەبوو کە تێیدا ئافرەتان... نازانم چۆن ئەمە بڵێم. خانەیەک هەبوو کە تێیدا ئافرەتان کاری لەشفرۆشیان ئەنجام دەدا، بەڵێ، ئەمە کاری ئەوان بوو. باوکم هەمیشە ئاگاداری دەکردمەوە کە لەوێ نزیک نەبمەوە بەوەی کە ئەوێ کرۆکی شەیتانە و تووشی گوناحم دەکات. هەرچەندە زۆربەی کات ئاگادارییەکەی باوکم ڕێی لێ دەگرتم کە لەوێ نزیک نەبمەوە، بەڵام هەندێک جار خۆم بۆ نەدەگیرا و دەڕۆیشتم تاکو سەیریان بکەم. ئەو کات تەمەنم چواردە ساڵ بوو، تازە هەرزەکار بووم. کە دەڕۆیشتم بۆ ئەوێ بۆ ئەوە نەبوو تاکو سەیری جەستەی ڕووتیان بکەم، نەخێر... بەڵکو**

زیاتر بۆ ئەوە بوو تاکو فزوولییەتی خۆم تێربکەم. کاری ئەوان سەرنجی منی ڕاکێشا بوو، لە هەمان کاتیشدا بەزەییم پێدا دەهاتنەوە بەوەی کە ئامادەیی ئەوەیان هەبوو جەستەی خۆیان بفرۆشن تەنیا بۆ ئەوەی بڕە پارەیەک بەدەست بهێنن. بە پێی کات ئەم بەزەیی پێداهاتنەوەم بوو بە توڕەیی، چونکە بڕوام وابوو کە خودا ئافرەتی لەوە گەورەتر درووست کردووە تاکو بۆ بڕە پارەیەکی پووچ جەستەی خۆی بفرۆشێت و کاری سەرجێی لەگەڵ پیاواندا بکات. سەرەڕای توڕەییەکەم، ئەوا ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی کە بە نزیک ئەوێدا نەڕۆم. هەموو بەیانییەک کە بەوێدا دەڕۆیشتم، ئەوا سەیری پەنجەرەکانی خانووەکەم دەکرد کە چۆن پەردەکانیان لە لایان لەشفرۆشەکانەوە لادەدرا، سەیری ئەوانم دەکرد کە چۆن دەرگای خانووەکەیان دەکردەوە تاکو خزمەتی کڕیارانی ئەو ڕۆژەیان بکەن.

بەهەرحاڵ کە بە نزیک ئەوێدا ڕۆیشتم، ئەوا زۆر نەمامەوە و بەرەو چایخانەی بەڕێز لاندگرن بەڕێکەوتم. کە گەیشتمە چایخانەکەی، ئەوا وەکو هەمیشە بینیم کە تازە دوکانەکەی دەکردەوە. لێی نزیک بوومەوە و سڵاوم لێکرد، ئەویش بە هەمان شێوە سڵاوی لێ کردمەوە و دواتر بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: دووبارە بەم بەیانییە زووە هەستاویتەوە، کە منداڵێکی سەیریت ! ئەوانەی لە تەمەنی تۆدان تاکو نزیکی نیوەڕۆ هەڵناستن، بۆچی وا هەمیشە زوو لە خەو هەڵدەستیت؟!

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا زەردەخەنەم کرد و گوتم: من وەکو ئەوانی تر نیم ! وە بۆیە وا زوو لە خەو هەڵدەستم چونکە تەنیا بەیانیان هەوا فێنکە، دەمەوێت خێرا چێژ لە ڕۆژەکە ببینم تاکو گەرما دانەهاتووە، خۆت دەزانیت کە گەرمای مانگی مایس چەندە بێزارکەرە. بەهەرحاڵ، ئایا چایەکە ئامادەیە؟

بەڕێز لاندگرن کە گوێی لەمە بوو، ئەوا بە پێکەنینەوە گوتی: بەڕاستی منداڵێکی سەیریت ! چایەکە هێشتا ئامادە نییە، جارێ لێرە دانیشە تاکو ئامادەی دەکەم، زۆرم پێ ناچێت.

دواتر لەسەر کورسییەک دانیشتم کە لە دەرەوە دانرابوو، لە کاتێکدا کە چاوەڕێی چایەکەم دەکرد، ئەوا بۆ تێپەڕاندنی کات سەیری ئەو خەڵکەم دەکرد کە بە نزیک ئەوێدا دەڕۆیشتن. هەموو جۆرە کەسێکم دەبینی... پیاو، ئافرەت، گەنج، پیر، منداڵ، هتد. هەرچەندە تێڕامان لە خەڵک کارێکی باش نییە، بەڵام شتێک بوو کە هەمیشە چێژم لێ دەبینی. دەمویست بزانم کە هەر یەکێک لەوان بیر لە چی دەکەنەوە، لە چ دونیایەک دان، خەون و ئاواتیان چییە، ویستم ناخیان ببینم. دان بەوە دادەنێم کە هەرگیز نەبووە ناخی کەسێکم بەو شێوەیە بینیبێت، بە تایبەتی لەو تەمەنە بچووکەی مندا. بەڵام هەڵسوکەوتی ئەوانم دەبینی، ڕەفتاری چاوەڕوانکراوی ئەوانم دەبینی. بۆ نموونە دەمزانی کە ئەو پیاوە سەرخۆشەی کە هەموو بەیانییەک بەوێدا دەڕوات خۆی بە خەڵک دادەدات و توڕەیان دەکات، دواتر لە سووچێکی شەقامەکە دەکەوێتە سەر زەوی وەکو ئەوەی خەوی لێ بکەوێت. هەڵبەتە ئەم کارەی بە ئەنقەست نەبوو، بەڵکو بە هۆی سەرخۆشییەوە بوو. یاخود ئەو ئافرەتە خزمەتکارەی کە هەموو بەیانییەک جلوبەرگەکانی خاوەنەکەی دەبات بۆ شۆرگەیەکی نزیک تاکو بیانشوات، لە هەمان کاتیشدا منداڵێکی بچووکی چوار ساڵانی لەگەڵدایە کە بە بەردەوامی فرمێسک دەڕێژێت و بێزاری دەکات، تاکو وای لێ دێت بە هۆی توڕەییەوە چاوی لێ سوور دەکاتەوە، هەندێک جاریش زللەیەکی وەها توندی لێ دەدات کە ڕوومەتی ڕاستی سوور دەکاتەوە.

لە کاتێکدا کە لەو خەڵکە ڕادەمام، ئەوا بەڕێز لاندگرن چایەکەی بۆ هێنام، دواتر بە هێواشی خواردمەوە و کە تەواویش بووم، ئەوا پارەی چایەکەم پێدا.

خوداحافیزیم لێ کرد و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتم. لە ڕێگای گەڕانەوەم هەستم کرد کە نیوەڕۆ وا نزیک دەبێتەوە و هەواش وا زیاتر گەرم دەبێت، بۆیە هەنگاوەکانم خێرا کردن تاکو لە کۆتاییدا گەڕامەوە بۆ ماڵەوە. کە گەیشتمە بەردەم دەرگای ماڵەکەمان، ئەوا پێش ئەوەی دەرگایەکە بکەمەوە دایکم دەرکەوت، بە توندی گوێی ڕاستی گرتم و منی بردە ژوورەوە. لە کاتێکدا کە بە گوێ ڕاکێشانەوە منی دەبردە چێشتخانەکە، ئەوا داوای لێبووردنم لێ دەکرد و داوام دەکرد کە بەرم بدات، بەڵام لەگەڵ هەر قسەیەک گوێی زیاتر و زیاتر ڕادەکێشام، بەڕاستی ئازارێکی زۆری هەبوو. کە چووینە ناو چێشتخانەکە، ئەوا گوێی بەردام و فەرمانی کرد کە لەسەر کورسی مێزی نانخواردنەکە دانیشم، منیش بەقسەم کرد و دانیشتم. دواتر کورسییەکی هەڵگرت و لە نزیک منی دانا، لەسەری دانیشت و بە نیگایەکی تووڕەوە سەیری کردم، دواتر گوتی: بۆچی هەموو ڕۆژێک بێ ئاگاداری هیچ کەسێک دەچیتە دەرەوە، ئایا نازانیت کە من بەمە چەندە نیگەران دەبم؟! ئەی ئەگەر شتێکت بەسەرهات، ئەو کاتە چی بکەم؟! بەڵێنم پێ بدە کە هەرگیز بێ ئاگاداری من یان باوکت نەچیتە دەرەوە، دەی بەڵێن بدە!

هەرچەندە ئەم قسانە و ئەم تووڕەبوونەی شتێکی تازە نەبوو، بەڵام ئەمە یەکەم جار بوو کە بەم شێوەیە لێم تووڕە بێت، یەکەم جار بوو کە بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە داوای ئەمەم لێ بکات. ئەمە کاری تێکردم، بۆیە بەڵێنم پێدا کە هەرگیز جارێکی تر بێ ئاگاداری ئەو یان باوکم نەچمە دەرەوە، سوێندم بە ڕوحی (مەریەم)ی پاک خوارد کە هەرگیز جارێکی تر کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام نەدەمەوە. دایکم کە گوێی لەمە بوو، ئەوا تووڕەییەکەی نەما و فرمێسکەکانی سڕییەوە، دواتر لەسەر کورسییەکەی هەستا و باوەشی پێداکردم. دوای ئەمە داوای لێکردم بڕۆم بۆ ژوورەکەم تاکو ئەو کاتەی کە لە

**ئامادەکردنی خوانی نیوەڕۆ تەواو دەبێت، بۆیە بەقسەم کرد و بەرەو سەرەوە ڕۆیشتم، دواتر دەرگای ژوورەکەم کردەوە و لەسەر جێگایەکەم ڕاکشام.**

**دوای نزیکەی نیو کاژێر ڕۆیشتمە خوارەوە تاکو بزانم ئایا خواردنەکە ئامادەیە یان نا، ڕۆیشتمە چێشتخانەکە و بینیم کە دایکم وا مێزەی خوانەکە ئامادە دەکات. بۆیە ڕۆیشتمە سەر کورسییەک و دانیشتم، لە هەمان کاتیشدا باوکم بە پێچەوانەی کاتەکانی تر زوو لەسەر کار گەڕایەوە، ڕۆیشتە ژوورەکەی تاکو جانتایەکەی دانێت، دواتر هاتە لامان.**

**باوکم کارمەندێکی سادە بوو لە ئێستگەی پۆلیس، سکاڵا و دۆسیەی خەڵکی تۆمار دەکرد.**

**پێش ئەوەی لەسەر مێزەکە دانیشێت، ئەوا لە دایکم نزیک بۆوە و ماچێکی ڕوومەتی چەپی کرد، دایکیشم شەرم دایگرت و گوتی: لە بەردەم کوڕەکەمان نا ئازیزەکەم!**

**باوکم بەم قسەیە پێکەنی و دواتر گوتی: کێشە چییە کە منداڵ ماچێکی خۆشەویستانەی دایک و باوکی ببینێت؟**

**دواتر هاتە سەر مێزەکە و لەسەر کورسییەکەی دانیشت، زۆری پێ نەچوو کە ڕووی لە من کرد و گوتی: ماثیو، تۆ بەم چوونە دەرەوەیەت دایکت هەمیشە تووشی نیگەرانی دەکەیت. چیتر نیگەرانی مەکە، تۆ ئێستا پیاویت، دەبێت لەم شتانە تێبگەیت.**

**کە گوێم لەمە بوو، ئەوا سەرم دانواند و هیچم نەگوت، بەڵام دایکم بەقسەوە هات و گوتی: بەڵێنی پێدام کە لەمەودوا بێ ئاگاداری من و تۆ نەچێتە دەرەوە.**

باوکم کە گوێی لەمە بوو، ئەوا بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: کەوایە کێشەکە چارەسەر بوو.

دوای ئەم گفتوگۆیە، ئەوا هەرسێکمان دەستمان بە خواردنی ژەمەکە کرد. دایکم "بالتی گۆشت"ی ئامادە کردبوو کە خواردنی دڵخوازی من بوو، هەمیشە داوام دەکرد کە ئەوە ئامادە بکات، بەڵام حەفتەی تەنیا یەک جار ئامادەی دەکرد. تەواوی حەفتەکە چاوەڕێم دەکرد تاکو ئەم خواردنە ئامادە بکات، تەواوی ڕۆژەکانم دەژمارد، کاتێکیش کە دەمزانی ئەو ڕۆژە "بالتی گۆشت" ئامادە دەکات، ئەوا دڵخۆشییەکی بێ کۆتا دایدەگرتم.

بەهەرحاڵ کە لە خواردنەکە تەواو بووین، ئەوا وەکو هەمیشە لەگەڵ دایکم قاپەکانم هەڵگرت و بردمن بۆ سەر سینکەکە، دواتریش مێزەکەم بۆ پاک کردەوە. دوای ئەمە باوکم داوای لێکردم کە ڕۆژنامەکەی بۆ بهێنم، بۆیە بۆم برد و ئەویش لەسەر کورسییەکەی کە هێشتا لەسەری دانیشت بوو دەستی کرد بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ئەو حەفتەیە. دواتر ڕۆیشتم بۆ لای دایکم و پێم گوت کە دەچمە ژوورەکەم تاکو سەرخەوێک بشکێنم، ئەویش سەری ڕازیبوونی لەقاند، بۆیە بەرەو ژوورەکەم بەڕێکەوتم، دووبارە ڕۆیشتمەوە سەر جێگایەکەم و تاکو کاتژمێر 2:45ی پاش نیوەڕۆ خەوم لێ کەوت. کە لە خەو هەستام، ئەوا دەستم کرد بە خۆ ئامادەکردن بۆ ئەوەی بڕۆم بۆ لای بەڕێز ئێفنز. باوکم گرنگییەکی تایبەتی بە خوێندن دەدا، بۆیە منی ڕاسپاردە دەستی بەڕێز ویلیام ئێڤنز کە قوتابییەکی زانکۆ بوو. سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا قوتابی بوو، ئەوا وانەی بە قوتابییانیش دەگوتەوە، ئەویش لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی کەم. بەهەرحاڵ پەرتووک و دەفتەرەکانم هەڵگرت و دواتر بۆ کاتژمێر 3:20 گەیشتمە بەردەم شوقە بچووکەکەی کە بە کرێی گرتبوو. لە دەرگام دا و ئەویش دەرگای بۆ کردمەوە، کە منی بینی، ئەوا گوتی: ماثیو، زوو هاتوویت،

وانەکە تاکو بیست خوولەکی تر دەست پێناکات. بەڵام کێشە نییە، تاکو ئەو کات وەرە لە ژوورەوە چاوەڕێ بکە. منیش ڕۆیشتمە ژوورەوە، کەلووپەلەکانم لەسەر مێزەیەکی بچووکی لای دەرگایەکە دانا و دواتر ڕۆیشتم لەسەر قەنەفەکە دانیشتم. بەڕێز ئێفنز کەسێکی ڕووخۆش و زیرەک بوو، هەمیشە بە قسەکانی سەرنجی دەورووبەری ڕادەکێشا، کەسێک بوو کە هەمووان گوێیان بۆ دەگرت. بەهەرحاڵ لە کاتێکدا کە باسی ڕووداوێکی پێکەنیناوی ژیانی ڕابردووی بۆ دەکردم، ئەوا لەپڕ گوێمان لە دەنگی دەرگا بوو. بەڕێز ئێفنز هەستا و دەرگایەکەی کردەوە، کە ئەوی بینی، ئەوا داوای لێکرد بێتە ژوورەوە. ئەوەی هاتە ژوورەوە لوسی بارنز بوو، ئەو کچەی کە لەگەڵ من لای بەڕێز ئێفنز وانەکانی دەخوێند.

کچێکی حەڤدەساڵانی قژ سوور بوو، باڵایەکی مامناوەندی هەبوو، وە ڕەنگی چاوەکانی قاوەییەکی کاڵ بوو. سڵاومان لە یەکتری کرد و دواتر بەڕێز ئێڤنز داوای لێ کردین کە بڕۆینە سەر ئەو مێزەیەی کە هەمیشە وانەکانمان لەسەر دەخوێند. پەرتووک و دەفتەرەکانمان هێنا و دواتر دەستمان کرد بە خوێندنی وانەکە.

وانەکان هەمیشە کاژێر و نیوێکیان دەخایاند، لە ماوەی ئەو کاتەدا زانیاری تازەی پێ دەگوتین و لە هەمان کاتیشدا پرسیاری دەربارەی ئەو زانیارییانە دەکرد کە پێشووتر پێمانی گوتبوو. جێی باسە کە هەردووکمان دوو قوتابی باش بووین، هەمیشە وانەکانمان بە باشی دەخوێند و وەڵامی پرسیارەکانی ئەومان دەدایەوە. دوای ئەوەی کە تەواو بووین، ئەوا بەڕێز ئێڤنز ئەرکی پێداین تاکو بۆ ڕۆژی داهاتوو ئەنجامی بدەین، کە ئەرکەکەی پێداین، ئەوا هەستاین و خوداحافیزیمان لێکرد. من و لوسی هەمیشە پێکەوە دەچووینە دەرەوە، کە دەچووینە دەرەوە، ئەوا باسی وانەی ئەو ڕۆژەمان دەکرد، جگە لەوە، ئەوا باسی

هیچی ترمان نەدەکرد. ماڵی ئەو لە شوقەی بەڕێز (ئێڤنز)ەوە نزیک بوو، بۆیە هەمیشە زوو خوداحافیزیمان لە یەکتری دەکرد. کە یەکتریمان جێهێشت، ئەوا منیش بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتم.

کە گەڕامەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕۆیشتمەوە ژوورەکەم، پەرتووک و دەفتەرەکانم لەسەر مێزەی نزیک جێگای نووستنەکەم دانان و دواتر کەمێک ڕاکشام. دوای ئەوەی کە ماندوویی بەرۆکی بەردام، ئەوا دەستم کرد بە کردنەوەی پەرتووکەکانم تاکو بە وانەی ئەو ڕۆژەدا بچمەوە. ئەمە هەمیشە ڕۆتینی من بوو، هەر کە لە لای بەڕێز (ئێڤنز)ەوە دەگەڕامەوە، ئەوا دوای کەمێک پشوودان دەستم دەکرد بە پێداچوونەوەی وانەی ئەو ڕۆژە.

لەسەر ئەم کارەم بەردەوام بووم تاکو لە پەنجەرەی ژوورەکەم بینیم کە خۆر وا ئاوا دەبێت، دواتر لە پێداچوونەوەکەم وەستام و پەرتووکەکانم دانایەوە. لە ژوورەکەم ڕۆیشتمە دەرەوە و بەرەو چێشتخانەکە بەڕێکەوتم، بینیم دایکم وا مێزی نانخواردنەکە ئامادە دەکات، ڕۆیشتمە لای و یارمەتیم دا، دواتر باوکیشم هات کە دوو کاژێر لەمەوبەر لەسەر کار گەڕابۆوە. دوای ئەوەی کە هەموومان لەسەر مێزی نانخواردن دانیشتین، ئەوا دەستمان کرد بە نانخواردن.

کە بیر لەو ئێوارەیە دەکەمەوە، ئەوا دڵم بە ڕاددەیەک توند دەبێت کە وام لێ دەکات لە شوێنی خۆی هەڵقەنم، ئازارەکەی بە ئەندازەیەک گەورەیە کە هێشتا بە ئەستەم دەتوانم بەرگەی بگرم.

لە کاتێکدا کە ژەمی ئێوارەمان دەخوارد، ئەوا باوکم ڕووی لە من کرد و گوتی: وانەی ئەمڕۆت چۆن بوو، هیچی تازە فێر بوویت؟

منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: بەڵێ، ئەمڕۆ بەڕێز ئێڤنز...

قسەکەم تەواو نەبوو کە لەپڕ دایکم بە بێ هۆشی لەسەر کورسییەکە کەوتە سەر زەوی. من و باوکم خێرا بەرەو ڕووی ئەو ڕۆیشتین، باوکم دەستی ڕاستی خستە ژێر سەری و سەری بەرز کردەوە، بە دەنگێکی پڕ لە نیگەرانی و ترسەوە گوتی: ماری، ماری، هەستەوە!

لە کاتێکدا کە باوکم ئەمەی دەگوت، ئەوا وەکو پەیکەرێک لە شوێنی خۆم وەستابووم، بە ڕادەیەک شۆک بووبووم کە نەمدەزانی چی بکەم. دواتر باوکم دەستی گرتم و گوتی: ماثیو، هەر ئێستا بڕۆ بۆ ماڵی دکتۆر جۆن، پێی بڵێ کە بەپەلە بێت بۆ ئێرە ! دەی خێرا بڕۆ، بۆ وەستاویت؟!

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا هزرم بۆ گەڕایەوە. دواتر بەپەلە لەوێ ڕۆیشتم و بەرەو ماڵی دکتۆر جۆن براون بەڕێکەوتم کە لە نزیک ماڵی ئێمەوە بوو. ڕۆیشتمە بەر دەرگای ماڵەکەی و بە توندی لە دەرگام دا، دواتر دکتۆر جۆن دەرگایەکەی بۆ کردمەوە و گوتی: ماثیو، ئەمە تۆیت؟ چی بووە، بۆوا پەشۆکاو دیاریت؟

لەو کاتەدا هەناسەم بە باشی بۆ نەدەهات و دەلەرزیم، بۆیە بە ئەستەم توانیم بڵێم: دایکم... ئەو... باوکم گوتی... تکایە!

هەرچەندە قسەکانم هیچ مانایەکی وایان نەبوو، بەڵام دکتۆر جۆن زانی کە شتێکی خراپ ڕوویداوە. بۆیە خێرا ڕۆیشتە ژوورەکەی و جانتا پزیشکییەکەی هێنا، دوای ئەمە دەرگای ماڵەکەی داخست و پێکەوە بەپەلە بەرەو لای دایکم بەڕێکەوتین. کە گەیشتینە بەردەم ماڵەکەمان، ئەوا دەرگایەکەم کردەوە و هەردووکمان چووینە ژوورەوە، ئاماژەم بە دکتۆر جۆن دا کە بچێت بۆ چێشتخانەکە، ئەویش بە هەنگاوی خێراوە ڕۆیشتە ئەوێ. کە باوکم ئەوی بینی، ئەوا خێرا گوتی: دکتۆر، تکایە خێرا وەرە، نازانم ماری چییەتی!

دکتۆر جۆن ڕۆیشتە لای دایکم و دواتر دەستی خستە سەر ملی تاکو هەست بە لێدانەکانی دڵی بکات، دوای ئەمە گوێیەکانی لە لێوەکانی دایکم نزیک کردەوە تاکو بزانێت کە ئایا هەناسە دەدات یان نا. کە لە کارەکەی تەواو بوو، ئەوا ڕووخسارێکی نواند کە هەرگیز لەبیری ناکەم. بە ڕوویەکی پەرێشانەوە ڕووی لە من و باوکم کرد و گوتی: ماری چیتر لە ژیاندا نەماوە، داوای لێبووردن دەکەم.

کە باوکم گوێی لەوە بوو، ئەوا چاوەکانی فرمێسکیان پێداهات و بە دڵێکی شکاوەوە گوتی: ماری، ماری ! تکایە بەم شێوەیە جێم مەهێڵە ماری ! تکایە... تکایە...!

کە گوێبیستی ئەوە بووم، ئەوا باوەڕم نەکرد، بۆیە بە ڕوویەکی حەپەساوەوە گوتم: نەخێر، تۆ درۆ دەکەیت ! ئەو هێشتا زیندووە ! باوکە... پێی بڵێ، پێی بڵێ کە ئەو هێشتا زیندووە!

دواتر دکتۆر جۆن لێم نزیک بۆوە و باوەشی پێدا کردم، دەستی ڕاستی بەرز کردەوە و بەسەر سەری داهێنام، دواتر بە دەنگێکی خەماوییەوە گوتی: ببوورە ماثیو، ببوورە.

پێش ئەوەی دایکمان بنێژین، ئەوا دکتۆر جۆن داوای کرد کە لاشەکەی ڕەوانەی پزیشکی یاسایی بکرێت تاکو هۆکاری مەرگی بزانین. دوای ئەوەی کە پزیشکی یاسایی لە هۆکاری مەرگی ئەوی کۆڵییەوە، ئەوا بۆی دەرکەوت کە دایکم بە هۆی جەڵتەی مێشکەوە مردووە، ئەمەش بە لاماناوە شتێکی سەیر بوو بەوەی کە ئەوەندەی ئاگادار بووبین ئەو کێشەی نەبوو، هەڵبەتە وادەزانین، دڵنیا نین. ئەگەری هەیە کە دایکم خۆیشی ئەوەی نەزانیبێت چونکە هەرگیز نەبووە باس لەوە بکات. بەهەرحاڵ دوای ئەوەی کە پزیشکی یاسایی لە کاری خۆی تەواو

بوو، ئەوا لاشەکەی ڕەوانەی دەستی ئێمە کردەوە تاکو بە شێوەیەکی گونجاو لە گۆڕستانی وایت چاپڵ بینێژین. لە کاتی ناشتنیدا، ئەوا کەسانێکی زۆر هاتن کە زۆربەیان دراوسێکانمان بوون، ئەوانی تریش هاوڕێ یان ناسیاوی باوکم بوون. دوای ئەوەی کە قەشەکە نزای بۆ ڕوحی دایکم کرد و کۆتایی بە مەراسیمەکە هێنا، ئەوا دوو پیاو کە یەکێکیان باوکم بوو دەستیان کرد بە کردنی خۆڵ بەسەر دارەمەیتەکە، زۆری پێ نەچوو کە چاڵی گۆڕەکەیان پڕ کرد. دوای ناشتنەکە، ئەوا ماڵمان پڕ بوو لەوانەی کە بۆ ماتەمینی دایکم هاتبوون. لەوانەی کە هاتبوون، ئەوا یەکێکیان دکتۆر جۆن بوو کە لێم نزیک بۆوە بۆ ئەوەی سەرەخۆشیم لێ بکات. دوای ئەوەی کە لەمە تەواو بوو، ئەوا بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتی: ماثیو، هەرچییەکت ویست، ئەوا تەنیا داوای بکە و بۆتی جێبەجێ دەکەم. بگرە، ئەمە کارتەکەمە، ناونیشانی نۆرینگەکەم و ئەو نەخۆشخانەیەی کە کاری لێ دەکەم لەسەرە. بۆیە ئەمەت پێ دەدەم چونکە بەمزووانە ماڵەکەم دەگوازمەوە بۆ شوێنێکی تر تاکو لە نۆرینگەکەمەوە نزیک بم.

تۆ کوڕێکی باشیت ماثیو، وریای خۆتبە.

دوای ئەوەی کە کارتەکەی پێدام، ئەوا منی جێهێشت و ڕۆیشت بۆ لای باوکم تاکو سەرەخۆشی لەویش بکات.

دوای ئەوەی کە دکتۆر جۆنز جێی هێشتم، ئەوا بەڕێز ئێڤنز هات بۆ لام، ئەمەم بەلاوە سەیر بوو بەوەی کە نەمدەزانی بە بوونی ئەم ماتەمینییە دەزانێت. بەهەرحاڵ کە لێم نزیک بۆوە، ئەوا دەستی ڕاستی بۆ درێژ کردمەوە تاکو تۆقەی لەگەڵدا بکەم، بۆیە منیش دەستم بۆ درێژ کردەوە و تۆقەم لەگەڵدا کرد. دواتر دەستەکەی تریشی بەرز کردەوە و بە هەردوو دەستەکانی دەستی منی گوشی، لە کاتێکدا کە ئەمەی ئەنجام دا، ئەوا بە ڕوویەکی میهرەبانەوە گوتی: سەرەخۆشیتان لێ دەکەم ماثیو، کە هەواڵی کۆچی دوایی دایکتم بیست، ئەوا

دووچاری خەمێکی کوشندە بوومەوە، دڵنیام کە ئێستا ڕوحی ئەو لە بەهەشتە. هەرچەندە باش نەمدەناسی، بەڵام مادام کوڕێکی وەکو تۆی هەیە، ئەوا دڵنیام کە ئافرەتێکی ناوازە بووە.

لە کاتێکدا کە ئەمانەی دەگوت، ئەوا نەمتوانی ڕێگە لە ڕژانی فرمێسکەکانم بگرم. دوای چەند ساتێک دەستم کشاندەوە دواوە و فرمێسکەکانم سڕییەوە، دواتر گوتم: سوپاس بەڕێز ئێڤنز، بوونی تۆ لێرە خەمەکەمان کەم دەکاتەوە، سوپاس بۆ هاتنت.

بەڕێز ئێڤنز بە ڕێزەوە سەری دانواند و دواتر منی جێهێشت.

ئەم جۆرە گفتوگۆیانە تەواوی ڕۆژەکە دووبارە بوونەوە، هەر کەسێک هاتبا، ئەوا هەمان شتی بە من و باوکم دەگوت. لە بیستنی ئەم هەموو قسە دووبارانە بێزار بووبووم، دەمویست لەوێ بڕۆم و لە شوێنێکی چۆڵ خەمەکانی دڵم بڕێژم، دەمویست بڕۆم بۆ شوێنێک کە هیچ کەسێک پێی نەزانێت تاکو بە ئاسوودەیی فرمێسکەکانم بڕێژم. بەڵام نەمتوانی ئەوێ جێبێڵم، نەمتوانی بێ فەرمانی باوکم بکەم.

دوای ئەوەی کە ماتەمینییەکە تەواو بوو، ئەوا باوکم ڕووی لە من کرد، لێم نزیک بۆوە و باوەشێکی گەرمی پێدا کردم، منیش بە هەمان شێوە دەستم بە دەوری ئەودا هێنا و باوەشم پێدا کرد. ویستم شتێک بڵێم، بەڵام بە پێویستم نەزانی چونکە هیچ وشەیەک یان ڕستەیەک نەیدەتوانی لەو ساتەدا جێی خۆی بگرێتەوە، بۆیە بێدەنگیم نواند و بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ساتەکەمان تێپەڕاند.

# بەشی دووەم

## 25ی کانوونی یەکەمی 1880ز

**بۆ ئەو ڕۆژە بەڕێز لاندگرن ڕێگەی پێدام زوو لەسەر کار بڕۆم، خۆیشی دواتر دوکانەکەی داخست تاکو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. پێش ئەوەی جێیبهێڵم، ئەوا دیارییەکی بچووکم پێ بەخشی. دیارییەکەی کردەوە و کاتژمێرێکی ڕەنگ زێڕینی دەرهێنا کە لە دوکانێک بە نرخێکی گونجاو بۆم کڕی بوو. هەرچەندە لە زێڕ درووست نەکرابوو، بەڵام کاتژمێرێکی بەنرخ بوو. کە کاتژمێرەکەی دەرهێنا و بینی، ئەوا گوتم: ویستم ئەمەت پێ ببەخشم تاکو سوپاسی یارمەتی و چاکەکانی تۆ بکەم. کە دایکم مرد، ئەوا هاتیتە لام و دڵنەوایيیت دامەوە، کارت پێ بەخشیم تاکو سەرقاڵ ببم و کەمێک لە خەمەکانم بەدووربم. بۆیە سوپاس بەڕێز لاندگرن، وە چەژنی "کریسماس"ت پیرۆز بێت.**

**بەڕێز لاندگرن کە ئەمەی بیست، ئەوا بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانەوە گوتی: پێویست بە سوپاس ناکات ماثیو، تۆ وەکو کوڕی من وایت، ئەوە باش بزانە. وە ئەوە منم دەبێت سوپاست بکەم بەوەی کە دیارییەکی وەها بەنرخت بە من بەخشیوە.**

**منیش دیارییەکم بۆ هێناویت، بگرە.**

**زەرفێکی نامەی سپی پێدام، کە کردمەوە، ئەوا بینیم کە پارەی تێدایە. ویستم ڕەتی بکەمەوە بەوەی کە بڕی پارەکە لەوە زیاتر بوو کە حەفتانە وەکو حەقدەست وەرم دەگرت، بەڵام بەڕێز لاندگرن پێداگیری کرد و گوتی: ئەم ماوەیە زۆر ماندوو بوویت، بۆیە وابزانە ئەمە قەرەبووی کارەکانتە، قبووڵی بکە.**

**کە ئەوەم بیست، ئەوا زەرفەکەم لەناو گیرفانی پاڵتۆیەکەم هاویشت، دواتر لە بەڕێز لاندگرن نزیک بوومەوە و باوەشم پێدا کرد. دوای ئەمە خوداحافیزیمان لە یەکتری کرد و هەر یەکەمان بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتین.**

لە کاتێکدا کە دەگەڕامەوە، ئەوا شەقامە سپی بووەکانم بینی کە بەفر دایانپۆشی بوو، خانووە ساردەکانم بینی کە تێیدا دووکەڵی ئاگری ئاگردانەکانیان بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە. دواتر لە سووچی شەقامێکەوە نزیک بوومەوە کە تێیدا دوو کەسی هەژارم بینی، بینیم کە ئاگرێکیان لەناو بەرمیلێکدا کردبۆوە تاکو خۆیان گەرم بکەنەوە و لە دەستی سەرمای ئەو زستانە خۆیان ڕزگار بکەن. بۆ ماوەیەک تێیان ڕامام و خەمم بۆ حاڵی ئەوان خوارد، بەڵام زۆر نەمامەوە بەوەی کە هەستم کرد سەرما کارم تێدەکات، بۆیە قۆپچەکانی پاڵتۆیەکەم داخست و بە هەنگاوی خێراوە ئەوێم جێهێشت. دوای ماوەیەک بە پێ ڕۆیشتن، ئەوا گەڕامەوە بۆماڵەوە. ڕۆیشتمە ژوورەوە و دواتر پاڵتۆیەکەم دانا، لە نزیک دەرگایەکە هەڵمواسی و دواتر بەرەو چێشتخانەکە بەڕێکەوتم.

دوای ئەوەی کە دایکم مرد، ئەوا لە لای دراوسێیەکمان خۆم فێری چێشت لێنان کرد، بۆیە ئەمەم کرد چونکە نەدەکردا بۆ هەمیشە پشت بە خواردنی دەرەوە ببەستین، یاخود دراوسێیەکانمان بۆمان بنێرن. بۆیە خۆم فێر کرد و لەو کاتەوە من ژەمەکانم ئامادە دەکرد.

بە هۆی ئەوەی کە زوو گەڕامەوە، ئەوا کاتم هەبوو تاکو ئێوارە خواردنێکی بەچێژ بۆ خۆم و باوکم ئامادە بکەم. لە کاتێکدا کە سەرقاڵی کارەکانم بووم، ئەوا باوکم هاتە چێشتخانەکە تاکو ڕۆژنامەکەی هەڵگرێت و لە ژووری میوانەکان لەسەر قەنەفەکە بیخوێنێتەوە. کە ڕۆژنامەکەی هەڵگرت، ئەوا دوورکەوتەوە. بەڵام دواتر گەڕایەوە وەکو ئەوەی شتێکی لەبیر کردبێت، ڕووی لە من کرد و گوتی: بۆ ئێوارە دوو جێی تریش بکەوە، کارۆلاین و (جێنفر)ی کچی بۆ بەسەربردنی جەژنی کریسماس دێن بۆ لامان.

که گوێبیستی ئەمە بووم، ئەوا دووچاری ناڕەحەتییەکی کوشندە بووم. چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە ئەو دووانە بۆ بەسەربردنی کریسماس بێن بۆ لامان، دیار بوو کە بۆ شتێکی گرنگ دێن. نەمهێشت ناڕەحەتییەکەم دەرکەوێت، بۆیە زەردەخەنەیەکی ساردم خستە سەر لێوەکانم و دواتر گوتم: باشە.

نازانم چۆن خواردنەکەم ئامادەکرد لە کاتێکدا بەو شێوەیە ناڕەحەت بووبووم، بەڵام هەر ئامادەم کرد.

کە ئێوارە داهات، ئەوا میوانەکان لە کاتی خۆیدا هاتن. لە دەرگایان دا و منیش بۆم کردنەوە، خاتوو کارۆلاین بێ ئەوەی سڵاو بکات، ئەوا بە شێوەیەکی سارد گوتی: بۆچی وا زۆرت پێچوو تاکو دەرگایەکە بکەیتەوە؟

بە شێوەیەکی سارد داوای لێبووردنم لێ کرد، دواتر ئاماژەم پێدا کە بێتە ژوورەوە. دوای ئەوەی کە بە ڕوویەکی ناحەزەوە ڕۆیشتە ژوورەوە، ئەوا لەدوای ئەو (جێنفر)ی کچی دەرکەوت. بە شێوەیەکی سەیر لە منی ڕووانی، بێ ئەوەی هیچ بڵێت... ئەوا بە لامدا تێپەڕی و ڕۆیشتە ژوورەوە.

باوکم و کارۆلاین ساڵێک پێش ئێستا لە ڕێگەی هاوڕێیەکەوە یەکتریان ناسی، واتا دوای دوو ساڵ لە کۆچی دوایی دایکم. کارۆلاین بێوەژن بوو، هاوسەری پێشووی سەربازێک بوو لە سوپای شاهانەیی شاژن.

کە شۆڕشگێڕانی هەرێمی بیهار لە هیندستان دژی داگیرکاری بەریتانی وەستانەوە و هێرشیان کردە سەر کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی، ئەوا شاژن ڤیکتۆریا فەرمانی کرد کە بە زووترین کات سوپا یەکەی پاڵپشتی بۆ ئەوێ بنێرێت تاکو ئاگری شۆڕشگێڕەکان خامۆش بکەنەوە. بۆیە سوپا بەدەم فەرمانی شاژنەوە چەندین کەرتی بۆ هەرێمی بیهار نارد، یەکێک لەو سەربازانە زۆرانەی کە بۆ هیندستان نێردران هاوسەری کارۆلاین بوو.

کاتێک کەرتی پیادەی 116ی شاهانەیی لە بیهار ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان بوونەوە، ئەوا شەڕێکی خوێناوی ڕوویدا، شەڕێک کە تێیدا هاوسەری کارۆلاین ژیانی لەدەستدا.

باوکم کە کاتی خۆی چیرۆکی ئەوی لە دەمی هاوڕێیەکەیەوە بیست، ئەوا بەزەیی پێداهاتەوە، بۆیە داوای کرد کە چاوی پێ بکەوێت، لەو کاتەوە ئەو و باوکم ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندییان تۆکمەتر دەبوو. دەمزانی کە ڕۆژێک هاوسەرگیری لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، ئەمە منی زۆر ناڕەحەت دەکرد. هەڵبەتە ئەم ناڕەحەتییەم هەڕەمەکی نەبوو، بەڵکو لەبەر دوو هۆکار بوو کە بریتی بوون لەمانە:

یەکەمیان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە حەزم نەدەکرد هیچ کەسێک جێی دایکم بگرێتەوە، نەمدەویست باوکم کەسێکی تر بدۆزێتەوە و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات. دەزانم کە ئەمە هۆکارێکی منداڵانەیە، بەڵام ئەمە هەستی من بوو.

دووەمیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە حەزم بە کارۆلاین و (جێنفر)ی کچی کە تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو نەدەهات، بە تایبەتی جێنفر. هۆکاری ئەم حەز پێنەهاتنەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کارۆلاین بە ڕوویەکی خۆشەوە لەگەڵ من نەدەدوا، بەڵکو هەمیشە بە شێوەیەکی سارد قسەی لەگەڵدا دەکردم، کە منیش قسەم بۆ دەکرد، ئەوا گوێی نەدەگرت و پشتگوێی دەخستم، ئەمە وایکرد کە لەسەر دڵم ڕەش بێت. سەبارەت بە (جێنفر)یش ناتوانم هەمان شت بڵێم بەوەی کە لەم ڕووەوە وەکو دایکی نەبوو، چونکە بە لایەنی کەمەوە دایکی قسەی لەگەڵدا دەکردم، بەڵام ئەو تەنیا بە شێوەیەکی نامۆ سەیری دەکردم و بێدەنگی دەنواند. ئەم ڕەفتارە سەیرەی وایکرد تاکو بکرێت لێیەوە دووربم، هەرواشم کرد.

کە کاتی نانخواردن هات، ئەوا دەستم کرد بە ڕێکخستنی مێزەکە. جێی باسە کە هیچیان یارمەتییان نەدام لەو کارە، ناچاربووم هەموو شتێک بۆ خۆم ئەنجام بدەم. دوای ئەوەی کە هەموو شتێکم ڕێکخست و خواردنەکەم بردە سەر مێزەکە، ئەوا بانگی باوکم کرد و گوتم: باوکە، خواردنەکە ئامادەیە !

دواتر باوکم لەگەڵ کارۆلاین و جێنفر هاتن بۆ چێشتخانەکە و لەسەر مێزی نانخواردنەکە دانیشتن. پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، ئەوا باوکم دەستی بە نزای پێش نانخواردن کرد، ئەمەم بەلاوە سەیر بوو بەوەی کۆتا جارم بیر نایەت کە ئەو نزای کردبێت. هەرچەندە کەسێکی بە باوەڕ بوو، بەڵام لەوانە نەبوو کە نزا بکات.

بەهەرحاڵ لە کاتێکدا نزای دەکرد، ئەوا هەمووومان سەرمان دانواندبوو. جار جار کە سەرم بەرز دەکردەوە، ئەوا (جێنفر)م دەبینی کە بە دوو چاوی تیژەوە سەیری دەکردم، ئەمە منی زۆر بێزار دەکرد. کە لە نزایەکەی تەواو بوو، ئەوا هەموومان گوتمان "ئامین" و دەستمان بە نانخواردن کرد. لە کاتێکدا کە نانەکەمان دەخوارد، ئەوا باوکم داوای لە من و جێنفر کرد کە سەرنجی بخەینە سەر، ویستی شتێکمان پێ بڵێت، بۆیە ئێمەش گوێمان بۆ گرت. دواتر باوکم دەستی (کارۆلاین)ی گرت و گوتی: وەکو دەزانن کە ئەوە ماوەی ساڵێکە من و کارۆلاین یەکتری دەناسین، لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا بۆم دەرکەوت کە بۆ یەکتری زۆر گونجاوین و خاڵی هاوبەشمان زۆرە، بۆیە بڕیارمان داوە کە دوای کریسماس هاوسەرگیری بکەین.

چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە شتێکی لەم شێوەیە بڵێت، بەڵام هێشتا هەر شۆکی کردم، ئەوەی کە لێی دەترسام ڕوویدا. هەرچەندە بەم هاوسەرگیرییە ڕازی نەبووم، بەڵام نەمتوانی هیچ شتێک بڵێم، دەسەڵاتی ئەوەم نەبوو کە لە دژی

**ویستی ئەوان بوەستمەوە. بۆیە بە زەردەخەنەیەک کە بە ئەستەم توانیم بیخەمە سەر لێوەکانم، ئەوا گوتم: پیرۆزە، بە هیوای ژیانێکی خۆش.**

**)جێنفر)یش بە هەمان شێوە پیرۆزباییان لێکرد، بەڵام بە پێچەوانەی من ئەو بەم هەواڵە کەمێک خۆشحاڵ دیاربوو، ئەمەم بەلاوە سەیر بوو. بۆیە بەلامەوە سەیر بوو چونکە وەکو چۆن من حەزم بە دایکی ئەو نەدەهات، ئەوا ئەویش حەزی بە باوکی من نەدەهات، چونکە هەر کاتێک کە سەیری باوکمی دەکرد، ئەوا بە چاوێکی بێز و ڕقەوە سەیری دەکرد. هەرچەندە باوکم ئاگاداری ئەوە نەبوو، بەڵام من ئاگادار بووم.**

**کە ئەوەم بینی، ئەوا لە دڵی خۆمدا گوتم کە لەوانەیە وەکو من شانۆ بنوێنێت، بەڵێ، ئەوە تاکە لێکدانەوەیەکی درووست بوو .**

4ی ئاداری 1881ز

**دوو مانگ بەسەر ئەو ئێوارەیەدا تێپەڕی کە باوکم و کارۆلاین بڕیاریاندا هاوسەرگیری بکەن، بڕیارەکەشیان بە شێوەیەکی خێرا خستە بواری جێبەکردنەوە بەوەی کە دوای جەژنی کریسماس ڕۆیشتن بۆ دادگا و لەوێ لەبەردەم دادوەردا باوکم ئەوی ماری کرد. ئاهەنگی هاوسەرگیریان ئەنجام نەدا، بەڵکو تەنیا ئەو مارەییە بوو کە باسم کرد، بەم شێوەیە دەستیان بە ژیانی هاوسەرییەتی کرد. دوای هاوسەرگیرییەکەشیان، ئەوا کارۆلاین و جێنفر ماڵیان گواستەوە و هاتن بۆ لامان تاکو لەگەڵ ئێمە بژین.**

**بە هۆی ئەوەی کە حەزم نەدەکرد ڕووخساری هیچ کام لە کارۆلاین و جێنفر ببینم، ئەوا لە چایخانەکەی بەڕێز لاندگرن زیاتر دەمامەوە و زیاتر کارم دەکرد، بۆیە ئێواران درەنگ دەهاتمەوە، ئەمەم بەدڵ بوو. بۆیە ئەمەم بەدڵ بوو چونکە**

کە دەگەڕامەوە بۆماڵەوە، ئەوا هەر یەکەیان لە ژووری خۆیان دەبوون، بۆیە بە بێدەنگی دەچوومە ژوورەوە تاکو هیچیان هەست بە بوونم نەکەن.

بەم شێوەیە بۆ ماوەیەک بەردەوام بووم، پلانەکەم سەری گرت. بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایاند بەوەی کە ئێوارەیەکیان لە کاتی ڕۆیشتنم بەرەو ژوورەکەم، ئەوا جێنفر لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە و منی بینی. پێم شتێکی سەیر بوو کە لەو کات و ساتەدا هاتە دەرەوە، دیاربوو کە گوێی لە دەنگی پێیەکانی من بوو بۆیە هاتبووە دەرەوە، بەهەرحاڵ وا بیرم کردەوە. کە منی بینی، ئەوا بە شێوازێکی نامۆ سەیری کردم، وەکو هەمیشە. سڵاوم لێکرد، بەڵام وەڵامی نەدامەوە و دواتر بە هەنگاوی هێواشەوە ڕۆیشتەوە ژوورەکەی. نەوەستام تاکو بیر لەو ڕەفتارەی بکەمەوە، بۆیە خێرا ڕۆیشتمە ژوورەکەم و دەرگایەکەم داخست. دواتر لەسەر جێیەکەم دانیشتم و کەوتمە بیرکردنەوە. لەو ساتەدا تەنیا بیرم لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ئەم شێوازی سەیرکردن و ڕەفتارە نامۆیانەی جێنفر بوو کە منی خستبووە حاڵەتی نیگەرانییەوە، حاڵەتێکی نیگەرانی توند.

بۆ ئەوەی خۆم سەرقاڵ بکەم و چیتر بیر لەوە نەکەمەوە، ئەوا لە شوێنی خۆم هەستام و ڕۆیشتمە سەر مێزەکەم. پەرتووکێکم هەڵگرت و دەستم کرد بە خوێندنەوەی. پەرتووکەکە ڕۆمانێک بوو بە ناوی "تاوان و سزا" لە نووسینی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش بوو، بۆیە تەواوی شەوەکەم لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا بەسەر برد. کە لە خوێندنەوەی ئەو بەشە تەواو بووم کە تێیدا پاڵەوانەکە دەچێت بۆ لای سۆنیا تاکو دان بە هەموو شتێکدا بنێت، ئەوا پەرتووکەکەم داخست و لەسەر مێزەکەم دانایەوە.

هەستم کرد کە چاوەکانم قورس بوونە، بۆیە لەسەر کورسییەکە هەستام و ڕۆیشتمە سەر جێگایەکەم. بە هۆی ئەوەی کە هەم جەستەم ماندوو بوو و

**هەمیش مێشکم ماندوو بوو، ئەوا هەر کە سەرم خستە سەر سەرینەکە خەوم لێکەوت.**

**بۆ بەیانی داهاتوو کە لە خەو هەستام، ئەوا جێگایەکەم ڕێکخست و دواتر لە ژوورەکەم ڕۆیشتمە دەرەوە، بەرەو چێشتخانەکە بەڕێکەوتم و دواتر نانی بەیانیم خوارد. کە لە ژەمەکە تەواو بووم، ئەوا ڕۆیشتمە دەرەوە و بەرەو کار بەڕێکەوتم. بە هۆی ئەوەی کە چایخانەکە قەرەباڵغ بوو، ئەوا تەواوی ئەو ڕۆژە سەرقاڵی کارکردن بووم. ئەو ڕۆژە هیچ شتێکی سەرنجڕاکێش ڕووی نەدا تاکو باسی بکەم، بۆیە ڕاستەوخۆ دەڕۆمە سەر ئەو ڕووداوەی کە ئێوارە دوای گەڕانەوەم لەسەر کار ڕوویدا. کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا بینیم کە باوکم و کارۆلاین خۆیان بۆ چوون بۆ شوێنێک ئامادە دەکەن. نەمدەزانی کە بەم کاتە بۆ کوێ دەڕۆن، بۆیە ڕۆیشتمە لای باوکم و پرسیم: باوکە، بەم ئێوارەیە بۆ کوێ دەڕۆن؟**

**لە کاتێکدا کە باوکم چاکەتە تەنکەکەی لەبەر دەکرد، ئەوا ڕووی لە من کرد و گوتی: بەڕێز جۆنز و خێزانەکەی بانگێشتی خوانێکی کردووین، بۆیە من و کارۆلاین بەرەو ماڵی ئەوان بەڕێ دەکەوین.**

**لەگەڵ ئەو قسەیەی، ئەوا سەیری (کارۆلاین)م کرد و دواتریش دووبارە سەیری باوکم کردەوە، ئەم جارە گوتم: زۆرباشە، کەوایە دیارە کە ئەم ئێوارەیە بە تەنیا دەمێنمەوە. لێتان ناشارمەوە کە ئەمەم بە ڕوویەکی خۆشەوە گوت، دڵخۆش بووم کە بە تەنیا دەمێنمەوە.**

**بەڵام باوکم ڕێگەی پێنەدام ئەم دڵخۆشییەم درێژە بکێشێت بەوەی کە گوتی: (جێنفر)یش لە ماڵەوە دەمێنێتەوە.**

**که گوێم لەوە بوو، ئەوا وەکو ئەوە وابوو هەورە برووسکەیەکم بەرکەوێت، بەم هەواڵە زۆر نارەحەت بووم، نەمدەویست بە تەنیا لەگەڵ ئەودا بمێنمەوە، لەگەڵ (جێنفر)ی نامۆ.**

**خەریک بوو نارەزایەتی دەرببڕم، بەڵام خێرا زمانی خۆم گرت چونکە دەمزانی کە باوکم تورە دەبێت ئەگەر قسەیەک بکەم، بۆیە هیچم نەگوت. لە کاتێکدا کە باوکم و کارۆلاین دەچوونە دەرەوە، ئەوا جێنفر لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە.**
**باوکم پێش ئەوەی دەرگایەکە لە دوای خۆی دابخات، ئەوا گوتی: بۆ کاتژمێر دە دەگەڕێینەوە، تاکو ئەو کات کاتێکی خۆش بەسەر ببەن.**

**دواتر جێنفر هاتە پێشەوە و بە زەردەخەنەیەک کە لە زەردەخەنەی کەمتیارێک دەچوو گوتی: بێخەمبە بەڕێز هاریگن، من و ماثیو ناهێڵین بێزاری بەرۆکمان بگرێت.**

**کە گوێبیستی ئەوە بووم، ئەوا هەستم بە شتێکی سەیر کرد، هەستێک کە پێی دەگوتم بەمزووانە شتێکی خراپ ڕوودەدات. بەڵام پشتگوێم خست، چونکە وابیرم دەکردەوە کە هیچ شتێک نییە مایەی ترس یان نیگەرانی بێت، ئای کە چەندە هەڵە بووم.**

**دوای ئەمە، ئەوا باوکم و کارۆلاین ڕۆیشتنە دەرەوە، من و (جێنفر)یش بە تەنیا ماینەوە.**

**دوای ئەوەی کە بینیم بە تەنیا لەگەڵ (جێنفر)دا ماومەوە، ئەوا ویستم خێرا لەوێ بڕۆم و بەرەو ژوورەکەم بەڕێبکەوم. کە لە پلیکانەکان نزیک بوومەوە، ئەوا جێنفر ڕووی لە من کرد و گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەڕۆیت؟**

**منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: بەرەو ژوورەکەم دەڕۆم، ماندووم.**

**کە گوێی لەمە بوو، ئەوا گوتی: بەڵام نانی ئێوارەت نەخواردووە، وەرە پێکەوە نانەکە بخۆین، خواردنێکی بەچێژم ئامادە کردووە.**

**ئەم میهرەبانییە لەپڕەی ئەوم بەلاوە شتێکی سەیر بوو، یەکەم جار بوو بەو شێوەیە قسە لەگەڵ مندا بکات.**

**دوای ئەوەی کە جێنفر پێداگیری زیاتری کرد، ئەوا ڕازی بووم نانەکەی لەگەڵدا بخۆم، بۆیە ڕۆیشتمە سەر مێزەکە و دانیشتم. دوای ماوەیەکی کەم چێشتەکەی هێنا و دەستمان کرد بە نانخواردن. دوای ئەوەی کە تەواو بووین، ئەوا ویستم مێزەکە خاوێن بکەمەوە، بەڵام جێنفر ڕێگری لێ کردم و گوتی: ئەمە ئەرکی منە، بۆیە تکایە خۆت ماندوو مەکە.**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا پەرداخ و قاپەکانی هەڵگرت، دواتر بۆ لای سینکەکەی بردن. مێزەکەی خاوێن کردەوە و دواتر دووبارە ڕۆیشتەوە بۆ لای سینکەکە تاکو قاپ و پەرداخەکان بشواتەوە. کە لە کارەکەی تەواو بوو، ئەوا کترییەکەی دەرهێنا کە لە بەشی خوارەوە کەوەنتەرەکە بوو، پڕی ئاوی کرد و دواتر خستییە سەر سەماوەرەکە. کە کترییەکە کوڵی، ئەوا دوو پەرداخی هێنان و چای تێکردن. دواتر بەرەو لای من هات و چایەکەی پێدام، خۆیشی لە بەرامبەر من لەسەر مێزەکە دانیشت.**

**کە ئەم شتانەم بینی، ئەوا بە تەواوی سەرسام بووبووم. هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کە جێنفر وا بەکار بێت، یاخود بەم شێوەیە خزمەتم بکات و ڕووخۆش بێت، ئەمەم بەلاوە سەیر بوو. هەرچەندی شتێکی وەها لەپڕ سەیر بوو، بەڵام چێژم لێ دەبینی، چێژم لەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارە تازەی جێنفر دەبینی.**

**لە کاتێکدا کە چایەکەمان دەخواردەوە، ئەوا باسی بابەتی جۆراوجۆرمان کرد. دوای ماوەیەک لە قسەکردن لەگەڵی، ئەوا بۆم دەرکەوت کە جێنفر بەو ڕاددەیەش خراپ نییە کە بیرم لێ دەکردەوە. بۆیە بە خۆمدا شکامەوە و لە دڵی خۆمدا گوتم کە نەدەبوایە بەو شێوەیە گومانی لێ بکەم، یاخود حەزم بە چارەی نەیەت. بەهەرحاڵ لە قسەکردن بەردەوام بووین تاکو دوای دە خوولەک هەستم بە شتێکی سەیر کرد، هەستم کرد کە سەرم خەریکە دەکەوێتە سەر زەوی و هاوسەنگی خۆم لەدەست دەدەم. بە ڕاددەیەک گێژ بووبووم کە پەرداخەکەم لەدەست کەوت و لەسەر زەوی شکا، دواتر بە دوو چاوی قورسەوە کە بە ئەستەم دەمتوانی بەرزیان بکەمەوە ڕووم لە جێنفر کرد. ویستم داوای یارمەتی بکەم، بەڵام زمانم گیرابوو، تەنانەت توانستی ئەوەشم نەبوو کە دەمیشم بکەمەوە. پێش ئەوەی بە تەواوی لەهۆش خۆم بچم، ئەوا شتێکم بینی کە تاکو ئەمڕۆش هەر خەوی پێوە دەبینم و پێی ڕادەچڵەکم. بینیم کە جێنفر زەرەخەنەیەکی گەورە کەوتۆتە سەر لێوەکانی و وا بە دوو چاوی تیژەوە سەیرم دەکات. دواتر گوێم لە دەنگی لێدانی دەرگا بوو، جێنفر منی جێهێشت و ڕۆیشت تاکو دەرگایەکە بکاتەوە، دەرگایەکەی کردەوە و دوو کچ هاتنە ژوورەوە. دواتر هەرسێکیان هاتنە بەردەمم، دوای خوولەکێک لە تێڕامان، ئەوا یەکێکیان ڕووی لە جێنفر کرد و بە دەمێک کە خەریک بوو لیکاوی پێدا بێتە خوارەوە گوتی: چیتر ناتوانم چاوەڕێ بکەم، با دەست پێبکەین!**

**کە بەهۆش هاتمەوە، ئەوا هەستم کرد کە جەستەم ڕەق بووە، وزەی هەستانم نەبوو، تەنانەت نەمتوانی سەریشم بجووڵێنم. دوای نزیکەی خوولەکێک، ئەوا هەوڵم دا وزە بە خۆم بدەم و بە لایەنی کەمەوە سەرم بجووڵێنم. لەم کارەدا سەرکەوتوو بووم بەوەی کە توانیم سەرم بۆ ڕاست و چەپم بسووڕێنم. بە وردی لە دەوروبەرم ڕووانی، بینیم کە لە ژووری میوانەکان لای قەنەفەکە بووم،**

نەمزانی کە چۆن گەیشتبوومە ئەوێ. دواتر جێنفر و ئەو دوو کچەم بیر هاتەوە، هیچ کام لەو سێیانە دیار نەمابوون. دوای ئەمە وزەی زیاترم بە خۆمدا تاکو لە کۆتاییدا توانیم هەستمە سەر پێیەکانم، کە هەستام و هەنگاوێک ڕۆیشتمە پێشەوە، ئەوا هەستم بە شتێکی سەیر کرد، یاخود با بڵێم هەستم بە نەبوونی شتێک کرد. کە سەیری خوارەوەی خۆم کرد، ئەوا بینیم کە لە کەمەرمەوە تاکو بنی پێیەکانم ڕووتم ! ئەمە منی خستە حاڵەتی تۆقینەوە، نەمزانی ئەوە چۆن و کەی ڕوویداوە ! لە کاتێکدا کە بە شپرزەیی لە شوێنی خۆم وەستابووم، ئەوا لەپڕ سەرنجم کەوتە سەر پانتۆڵەکەم کە لە دواوەی قەنەفەکە فڕێدرا بوو. کە هەڵمگرت، ئەوا تێبینیم کرد کە سەراوژێر کراوە، وەکو ئەوەی بەپەلە دانرابێت. بەڵام بیر نەدەهات کە پانتۆڵەکەم دانابێت، بە تایبەتی بەو شێوەیە و لە ژووری میوانەکانیش. دواتر پانتۆڵەکەم لەبەر کردەوە و بەرەو چێشتخانەکە بەڕێکەوتم، لەسەر کورسییەک دانیشتم و سەرم خستە نێوان دەستەکانم. دوای چەند ساتێک لە بیرکردنەوە، ئەوا درکم کرد کە چی ڕوویداوە، بەڵام نەمتوانی باوەڕی پێ بکەم، ئەوەی بیرم لێ دەکردەوە مەحاڵ بوو ! ئەو سێیانە ئەو کارەیان نەکردووە، مەحاڵە!

بەڵام لە کۆتاییدا ملکەچی کەتوار (واقع) بووم، ملکەچی ئەو ڕاستییە بووم کە هەموو بەڵگەکان پشتگیریان دەکرد، ئەو سێیانە دەستدرێژیان کردبوومە سەر!

لەپڕ گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگا بوو، بە شێوەیەکی وەها توند کرایەوە کە وەکو ئەوە وابوو هەرقەل شەقی لێدابێت!

دواتر یەکێک هاتە ژوورەوە، ئەوەی هاتە ژوورەوە باوکم بوو!

کە ئەوم بینی، ئەوا دڵخۆشییەکی بێ کۆتا دایگرتم، بەرەو لای ئەو ڕامکرد تاکو باوەشی پێدا بکەم، کە لێی نزیک بوومەوە، ئەوا زللەیەکی وەها توندی لێدام کە

هێشتاش هەر هەست بە ئازارەکەی دەکەم، زللەیەک بوو کە پڕ بوو لە ڕق و تووڕەیی و نائومێدی. دوای ئەوەی زللەکەی منی خستە سەر زەوی، ئەوا سەرم بەرز کردەوە و بە سەرسامییەوە سەیرم کرد، نەمزانی کە بۆچی بەو شێوەیە لێیدام. خەریک بوو هەستمەوە کە لەپڕ و بە شێوەیەکی خێرا لێم نزیک بۆوە، شەقێکی لێدام کە خەریک بوو پەراسووەکانم بشکێنێت. هەستم بە ئازارێک کرد کە هەناسەی لێ بڕیم، بۆیە کەوتمە کۆخین.

دواتر بە دەستی چەپی قژی گرتم و سەری بەرز کردمەوە، بە دەستیشی ڕاستی بەوپەڕی هێزەوە مست بارانی کردم. هەر لێیدام و لێیدام تاکو هەستم بە شکانی لووت و لەدەستدانی بەشێک لە ددانەکانم کرد. دوای ئەوەی کە وەستا، ئەوا سێ هەنگاو کشایەوە دواوە، دواتر وەکو شێتێک بەوێ و بەوێدا دەڕۆیشت. لەپڕ کارۆلاین دەرکەوت، کە سەیری منی کرد، ئەوا بە چاوێکی پڕ لە بێزەوە سەیری کردم، وەکو ئەوەی کە شتێکی پیسی بینیبێت. دواتر لە باوکم نزیک بۆوە و شتێکی بە گوێدا چرپاند، باوکیشم گوێی بۆ گرت. دوای ئەوەی کە تەواو بوو، ئەوا باوکم ڕووی لە من کرد، بە ڕوویەکی تووڕە و دوو چاوی کەمێک لە فرمێسکەوە گوتی: تۆ تاکە هیوای من بوویت، تاکە شانازی من بوویت، چۆن توانیت بەم شێوەیە لێم یاخی بیت؟! چۆن توانیت ئەوە بەرامبەر ئێمە بکەیت، چۆن توانیت ئەوە بەرامبەر (جێنفر)ی داماو بکەیت هەی بێنرخ؟!

لەگەڵ گوتنی ناوەکەی، ئەوا جێنفر لە دەرگایەکەوە هاتە ژوورەوە و ڕۆیشتە پشتی دایکی، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە سەیری باوکمی کرد، بەڵام سەیری منی نەکرد. هەڵبەتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نا چونکە کە باوکم چاوەکانی لەسەر ئەو لابرد، ئەوا ڕووی لە من کرد و وەکو ئەهریمەنێک زەردەخەنەی بۆ کردم!

ئێستا زانیم چی ڕوویداوە، جێنفر ڕۆیشتبووە لای ئەوان و گوتبووی کە ئەوە من بوومە دەستدرێژیم کردۆتە سەر !

کە درکم بەوە کرد، ئەوا ڕووم لە باوکم کرد و گوتم: باوکە، ئەوەی بیستووتە درووست نییە، سوێند دەخۆم کە ئەو درۆ...

باوکم نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم کە قسەی پێ بڕیم و گوتی: دەمت داخە !

بۆ ساتێک وەستا و دواتر گوتی: لەسەر ویستی کارۆلاین، ئەوا ڕەوانەی یاسات ناکەم، بۆیە سوپاسی بکە، وە سوپاسی ئەوەشی بکە کە هەر ئێستا و لێرە سەرم لە لاشەت جیا نەکردۆتەوە. لەمەودوا تۆ چیتر کوڕی من نیت، بۆیە پێش ئەوەی لە بڕیارەکەم پەشیمان ببمەوە، ئەوا لێرە بڕۆ دەرەوە، هەر ئێستا!

کە گوێبیستی ئەوانە بووم، ئەوا هێشتا باوەڕم بەوە نەدەکرد کە ڕوویدەدا، هەموو شتێک وەکو خەونێکی ناخۆش دەردەکەوت. بۆیە لە قوڵایی دڵمەوە نزام دەکرد کە ئەوە تەنیا خەوێکی ناخۆش بێت، دەمویست لەم خەوە ناخۆشە هەستمەوە، بەڵام ئەوە خەون نەبوو.

لە کاتێکدا کە بەو شێوەیە لە شوێنی خۆم ڕەق بووبووم، ئەوا باوکم هات و ملی گرتم، بەرەو لای دەرگایەکەی نزیک کردمەوە و دواتر فڕێیدامە سەر شەقام.

دواتر هەر یەکە لە باوکم، کارۆلاین، جێنفر لای دەرگایەکە وەستان و سەیریان کردم. باوکم بە بێزەوە سەیری کردم، (کارۆلاین)یش بە هەمان شێوە، بەڵام جێنفر بە شێوەیەکی تر سەیری کردم... زەردەخەنەیەکی کرد و چاوێکی لێ داگرتم.

**دواتر کارۆلاین و جێنفر ڕۆیشتنە ژوورەوە، باوکیشم پێش ئەوەی بەدوایان بکەوێت و دەرگایەکە دابخات، ئەوا تفێکی لێ کردم، دواتر پشتی تێکردم و گەڕایەوە بۆ ژوورەوە.**

**ئەو شەوە شەوێکی تاریک بوو، ئاسمان هەوراوی بوو و شەقامەکان بێدەنگ بوون. هیچ کەسێک لە دەرەوە نەبوو، تاکە بوونێک کە لە دەرەوە بینرابا من بووم.**

**دوای ئەوەی بۆ نزیکەی پێنج خوولەک بە سەرسامی و دڵ شکاوییەوە لەو شوێنە وەستام کە باوکم تفی لێ کردم، ئەوا ڕووم لە ئاڕاستەی پێچەوانە کرد و لەوێ ڕۆیشتم. کە چەند هەنگاوێک دوورکەوتمەوە، ئەوا لە شوێنی خۆم وەستام. کە وەستام، ئەوا هەستم بە شتێکی سەیر کرد، شتێک کە بۆ من تازە بوو. ئەوەی هەستم پێ کرد... ڕق بوو، ڕقێکی پاک و بێگەرد، ڕقێک کە پاش چەند ساڵێک هەموو ئەوانە هەستی پێدەکەن کە دەرحەق بە من نادادپەروەر بوون، ڕقێک کە دەبێت بە مایەی لەناوچوونیان.**

# بەشی سێیەم

## 11 نیسانی 1882ز

**بۆ ساڵێکی تەواو خەریکی خوێندنەوەی ئەو پەرتووکە پزیشکییانە بووم کە دکتۆر جۆن پێیدابووم، نەمدەزانی هۆکاری ئەم خوێندنە چی بوو کە بەسەریدا سەپاندبووم. زۆری پێ نەچوو کە شەوێکیان بێزار بووم و نارەزایەتی خۆم دەربڕی، بۆیە ئەمەم کرد چونکە تاکە شتێک لەو کاتەدا دەمویست ئەوە بوو کە تۆڵەی خۆم بکەمەوە و ئەویش لەو کارەدا یارمەتیم بدات، وەکو بەڵێنی پێدابووم، نەوەکو بکەومە ناو داوی خوێندنەوە.**

**هەرچەندە ئەو چاکەی زۆری لەگەڵدا کردم، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لەوەی کە لەسەر شتێکی وەها ڕای خۆم دەرنەبڕم. دواتر کە بێزاری و نارەزایەتی خۆم دەربڕی، ئەوا دکتۆر جۆن بە زەردەخەنەیەکەوە کە لە پێکەنینەوە نزیک بوو گوتی: چاوەڕێی ئەوەم دەکرد زووتر تووشی بێزاری ببیت، نەوەکو ساڵێکی تەواو بەرگە بگریت. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێستا ئامادەیت، وە تەواوی ئەو پەرتووکانەی کە خوێندووتنەوە سوودی خۆیان دەردەخەن، بەمزووانە ئەوەت بۆ دەردەکەوێت.**

**دواتر ئاماژەی پێدام کە لەگەڵی بڕۆم بۆ ژێر زەمینەکە، دەیویست شتێکم نیشان بدات، بۆیە دوای کەوتم و پێکەوە بە پلیکانەکاندا بەرەو خوارەوە بەڕێکەوتین.**

**پێش ئەوەی بچمە سەر ئەوەی کە ئەو شەوە چی نیشان دام، ئەو بۆتان باسی ئەوە دەکەم کە چۆن بێرە گەیشتم.**

**دوای ئەوەی کە لە ماڵەوە دەرکرام، ئەوا جگە لە بەڕێز لاندگرن هیچ کەسێکی ترم نەبوو تاکو هانای بۆ ببەم، بۆیە ڕۆیشتمە لای ماڵەکەی. خەریک بوو لە دەرگا بدەم کە لەپڕ گوێم لە دەنگی ئاهەنگ گێڕان بوو، دەنگەکە لە ژوورەوە**

دەهات. دواتر لە دەرگایەکە دوورکەوتمەوە و لە پەنجەرەی لای ڕاستەوە نزیک بوومەوە، کە سەیری ناوەوەم کرد، ئەوا بینیم کە بەڕێز لاندگرن لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی وا کاتێکی خۆش بەسەر دەبات. کە ئەو دڵخۆشییەم بینی، ئەوا بۆ ساتێک تووڕە بووم، بۆچی دەبوایە ئەو دڵخۆش بێت لە کاتێکدا من وا هەموو شتێکم لەدەستداوە ! بەڵام دواتر سەرزەنشتی خۆم کرد و گوتم: چۆن دەبێت ئەم هەستەم هەبێت، چۆن دەبێت بەرامبەر بەڕێز لاندگرن وا چەپەڵ بم؟ دواتر بێزم لە خۆم کردەوە. دوای ئەوەی کە هاتمەوە سەر خۆم، ئەوا بۆ حاڵی ئەو دڵخۆش بووم، خۆشحاڵ بووم کە وا خۆی و خێزانەکەی هەست بەو هەموو دڵخۆشییە دەکەن. کە ماوەیەک لای پەنجەرەکە وەستام، ئەوا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا ڕۆژێک دادێت هەست بەو دڵخۆشییەی ئەوان بکەم، ئایا ڕۆژێک دادێت کە دووبارە هەستی دڵخۆشی بەرۆکی دڵم بگرێتەوە؟

نەمویست کەشەکەیان لێ تێک بدەم، بۆیە ئەوێم جێهێشت، جێی باسیشە کە ئەوە کۆتا جار بوو بەڕێز لاندگرن ببینم.

دوای ئەوەی کە ماڵی بەڕێز (لاندگرن)م جێهێشت، ئەوا لە سووچێکی تاریکی شەقامێکەوە دانیشتم. نەمزانی کە چی بکەم و ڕوو لە کوێ بکەم، بۆیە بۆ ماوەیەک لەوێ دانیشتم. نزیکەی دوو کاژێر لەوێ دانیشتم بێ ئەوەی هیچ کەسێک ببینم یان بمبینێت، لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر چرکەیەک، ئەوا چاوەکانم زیاتر و زیاتر قورس دەبوون. بە ئەستەم دەمتوانی خۆم کۆنترۆڵ بکەم تاکو سەرم نەکەوێتە سەر زەوی. بۆ ئەوەی لەوێ لەهۆش خۆم نەچم، ئەوا هەستامە سەر پێ و دەستم بە ڕۆیشتن کرد، دەمزانی کە بە کەمێک جووڵان هزرم چالاک دەبێت. هەر کە هەستام، ئەوا شتێک لە گیرفانی پانتۆڵەکەم بەربۆوە، کارتێک بوو. کە هەڵمگرت و بە کەمێک سەرنجەوە سەیرم کرد، ئەوا بیرم هاتەوە ئەوە ئەو کارتە بوو کە دکتۆر جۆن لە ڕۆژی ماتەمینی دایکم پێیدام. بە

هۆی ئەوەی کە هیچ کەسێکی تر نەبوو، ئەوا ئەو تاکە کەسێک بوو کە بتموانیبا ڕووی تێبکەم. کە ناونیشانی ئەوم خوێندەوە، ئەوا کارتەکەم لە گیرفانی پانتۆڵەکەم هاویشتەوە و بەرەو ناوچەی ستراند بەڕێکەوتم، ئەو ناوچەیەی کە تێیدا نیشتەجێ بووبوو. ناوچەی ستراند دوور بوو، بەڵام دوای چەند کاژێرێک بە پێوە توانیم بگەمە ئەوێ. کاتێکی درەنگی شەو بوو، بۆیە تەواوی شەقامەکان و ئەو گەڕەکەی کە تێیدا دکتۆر جۆن نیشتەجێ بووبوو تاریک بوون، بە ئەستەم توانیم خانووەکەی بدۆزمەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر دۆزیمەوە.

کە ڕۆیشتمە بەر دەرگای ماڵەکەی، ئەوا سەرەتا هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا و دوای چەند ساتێک لە دەرگامدا. دواتر گوێم لە دەنگی پێیەکانی دکتۆر جۆن بوو کە بەسەر پلیکانەکاندا دەهاتەوە خوارەوە، دواتر دەرگایەکەی کردەوە و بە تووڕەییەوە گوتی: سارا، ئەمشەو کاتی کارکردنی من نییە، بۆیە...

وشەی کۆتایی تەواو نەکرد کاتێک منی بینی، چاوەکانی زەق بوون و سەرسامی دایگرت، دواتر بە شێوەیەکی خێرا هەردوو دەستەکانی لەسەر شانەکانی دانام و بە نیگەرانییەوە گوتی: ماثیو، ئەوە چیت بەسەرهاتووە؟! بۆچی وا...

پرسیارەکەی تەواو نەکرد کە لەپڕ هێز لە قاچەکانمدا نەما و کەوتم. دکتۆر جۆن کە ئەمەی بینی، ئەوا منی هەڵگرت و بە خێرایی بەرەو نهۆمی سەرەوەی بردم. لەسەر جێگایەکەی دانام و دواتر ڕۆیشتە خوارەوە، کە گەڕایەوە، ئەوا بینیم شتێکی پێ بوو، جانتا پزیشکییەکەی هێنابوو. دوای ئەوەی کە پاکی کردمەوە و برینەکانمی تیمار کردەوە، ئەوا حەبێکی خەوی پێدام تاکو خەوم لێ بکەوێت و پشوو بدەم. حەبەکەم لێ وەرگرت و قوتم دا، دوای پێنج خوولەک ئاگام لە جیهان نەما و کەوتمە دونیای خەونەکانەوە.

بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لەسەر جێگا مامەوە، لە ماوەی ئەو کاتەدا دکتۆر جۆن بە شێوەیەکی بەردەوام دەهاتە لام و چەسپی برینەکانی بۆ نوێ دەکردمەوە. بۆ ڕۆژی سێیەم توانیم هەستمە سەر پێیەکانم، بەڵام توانستی ڕۆیشتنم نەبوو، بۆیە لەسەر جێگایەکە دانیشتم. دکتۆر جۆن کە بینی بە لایەنی کەمەوە دەتوانم هەستم، ئەوا زۆر خۆشحاڵ بوو. هەرچەندە زۆربەی برینەکانم سارێژ بووبوونەوە، بەڵام هێشتا هەستم بە ئازارێکی زۆر دەکرد، بۆیە دکتۆر جۆن دەرمانێکی ئازارشکێنی پێدام کە کاریگەرییەکی باشی هەبوو. جگە لەوە، ئەوا چەندین دەرمانی تریشی بۆ دانام تاکو بە تەواوی چاک ببمەوە. دوای حەفتەیەک وزەم بە تەواوی بۆ گەڕایەوە و چیتر هەستم بە ئازار نەدەکرد، تەنانەت لووتیشم سارێژ بووبۆوە و چیتر شوێنەواری شکانی پێوە دیار نەمابوو، دیار بوو کە دکتۆر جۆن بە شێوەیەک لە شێوەکان توانیبووی لووتی شکاوم چاک بکاتەوە. بەهەرحاڵ، ئێوارەیەکی درەنگ لەسەر جێگا هەستام و ڕۆیشتمە خوارەوە، بینیم کە دکتۆر جۆن لە تاقیگە بچووکەکەیدا بوو کە تێیدا چەندین جۆری دەرمانی هەڵدەگرت، وە چەندین جۆری پەرتووکیشی هەبوو کە لەناو تاقیگەکەدا لەسەر ڕەفێک داینابوون. تاقیگەکەی لە بەشی چەپی ڕێڕەوەکەوە بوو، لە نزیک پلیکانەکان.

کە ڕۆیشتمە لای، ئەوا بینیم سەرقاڵی جۆرە تاقیکردنەوەیەکی پزیشکی بوو، بە شێوەیەکی شێلگیرانە کارەکەی خۆی ئەنجام دەدا، ئەوەی جێی سەرنج بوو. بەهەرحاڵ دواتر لە دەرگامدا و ئەویش ئاوڕی دایەوە، کە منی بینی، ئەوا وازی لە کارەکەی هێنا و هاتە لام. دواتر بۆ ژووری میوانەکان ڕێنوێنی کردم و لەسەر قەنەفەکە دانیشتین. زۆری پێ نەچوو کە دکتۆر جۆن گوتی: ماثیو، خۆشحاڵم کە ئێستا باشتریت، بەڵام خۆزگە زیاتر لەسەر جێگا مابایتەوە و پشووت دابا.

منیش گوتم: چیتر نەمتوانی لەسەر جێگایەکە بمێنمەوە، وە دڵنیابە کە ئێستا زۆر باشترم.

بۆیە هاتمە لات تاکو سوپاست بکەم بەوەی کە ئەم ماوەیە ئاگات لێ بووم و گرنگیت پێدام. بەڕاستی نازانم کە چۆن قەرزی چاکەکانت بدەمەوە، بۆیە لە قوڵایی دڵمەوە سوپاست دەکەم.

دکتۆر جۆن کە گوێی لەوە بوو، ئەوا زەردەخەنەیەکی میهرەبان کەوتە سەر لێوەکانی و دەستی لەسەر شانی ڕاستی دانام، دواتر گوتی: پێویست بەم جۆرە قسانە ناکات ماثیو، ئەوە ئەرکی منە یارمەتی ئەوانە بدەم کە پێویستیان بە یارمەتییە.

دواتر زەردەخەنەکە لەسەر لێوەکانی لاچوون، ڕوویەکی جددی کەوتە سەر ڕووخساری و دواتر گوتی: ماثیو، ئێستا کە تەندرووستیت باشترە، ئەوا پێت چۆنە بۆم باسی ئەوە بکەیت کە چیت بەسەرهاتووە؟

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا خەمێکی قووڵ دڵی داگیر کردم، نەمدەویست باسی ئەو ڕووداوانە بکەم بەوەی کە حەزم نەدەکرد بەیادم بێنەوە. دکتۆر جۆن کە بینی بێدەنگم، ئەوا گوتی: پەستانت ناخەمە سەر ماثیو، ئەگەر حەز ناکەیت، ئەوا کێشە نییە. بەڵام دڵنیات دەکەمەوە کە بە شێوەیەکی باش گوێت بۆ دەگرم، ئەوەش بزانە کە نهێنی پارێزم، بۆیە دەتوانیت متمانەم پێ بکەیت.

بۆ ساتێک لە چاوە ڕەشەکانی ئەوم ڕووانی، دەمزانی کە ڕاست دەکات و دەتوانم متمانەی پێ بکەم، بۆیە بڕیارمدا کە هەموو شتێکی پێ بڵێم.

دوای ئەوەی کە هەموو شتێکم بۆ باس کرد، ئەوا بۆ چەند ساتێک هەردووکمان بێدەنگ بووین.

ویستم کە بزانم بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵام ڕووخساری بە ڕاددەیەک ناڕوون بوو کە لەو کارەدا سەرکەوتوو نەبووم. دواتر بە شێوەیەکی لەپڕ لە شوێنی خۆی هەستا و ڕۆیشتە ژوورەکەی، نزیکەی پێنج خوولەک لەوێدا مایەوە. کە دواتر گەڕایەوە، ئەوا بینیم کۆمەڵە پەرتووکێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. لە مێزەی تەنیشت قەنەفەکەوە نزیک بۆوە و پەرتووکەکانی لەسەر دانان، دواتر گوتی: ئەمەی دووچاری بوویت نادادپەروەرییە، ناتوانم ئەوە قبووڵ بکەم، بۆیە دڵنیابە کە لە تۆڵەکردنەوەکەتدا یارمەتیت دەدەم. بەڵام سەرەتا دەبێت ئامادەت بکەم بۆ ئەو کارە، بۆیە تەواوی ئەمانە بخوێنەوە.

ساڵێک بەسەر ئەو ئێوارەیەدا تێپەڕی، ساڵێکی تەواو خەریکی خوێندنەوەی ئەو پەرتووکانە بووم، تاکو لە کۆتاییدا دکتۆر جۆن پێی گوتم کە ئێستا ئامادەم.

کە لە ژوورێکی بچووکی ژێر زەمینەکە نزیک بووینەوە، ئەوا دکتۆر جۆن دەرگایەکەی کردەوە و ڕێنوێنی ژوورەوەی کردم. ژوورەکە زۆر تاریک بوو، بۆیە دکتۆر جۆن فانۆسێکی گازی هێنا و پێیکرد، فانۆسەکە تەواوی ژوورەکەی ڕووناک کردەوە. لە کۆتاییدا کە ژوورەکە ڕووناک بۆوە، ئەوا شتێکم بینی کە ترسی خستە قوڵایی دڵمەوە ! بینیم پیاوێک کە جەستەی چەندین برینی لەسەر بوون لە ناوەندی ژوورەکە لەسەر مێزەیەکی درێژ بەستراوەتەوە. بەو دیمەنە زۆر شڵەژام، بە ڕاددەیەک کە لەسەر ڕووخسارم دەرکەوتبوو. دکتۆر جۆن کە شڵەژانی منی بینی، ئەوا گوتی: دەزانم کە ئەمە شتێکی لەناکاو بوو، بەڵام هەر دەبوایە بەم شێوەیە بۆت دەرکەوێت.

دواتر بە شڵەژانێکی زۆرەوە سەیری دکتۆر (جۆن)م کرد و گوتم: ئەو پیاوە بۆچی بەستراوەتەوە؟ لێرە چی دەکات؟ ئایا...

پرسیاری کۆتاییم تەواو نەکرد کە لەپڕ درکم بە شتێک کرد، کۆتا ڕستەی ئەوم بیر هاتەوە، "دەبوایە بەم شێوەیە بۆت دەرکەوێت". بەمە بۆم دەرکەوت کە ئەوە ئەو بووە ئەو پیاوەی لەوێ بەستۆتەوە و ئازاری داوە.

دوای ئەمە، ئەوا بە هەنگاوی هێواشەوە لە دکتۆر جۆن دوورکەوتمەوە، لە دەرگایەکە نزیک بوومەوە و ویستم ڕاکەم، بەڵام دکتۆر جۆن ڕێگری لێ کردم و گوتی: پێش ئەوەی شتێک بکەیت کە دواتر لەسەری پەشیمان بیتەوە، ئەوا باش گوێم بۆ بگرە. ئەمەی دەیبینیت کەسێکی ئاسایی نییە، یاخود با بڵێم تاوانبارێکی ئاسایی نییە. چەپەڵێکە بە ناوی ئێدوارد جۆنز، پێشووتر بە گومانی کوشتنی خوشکەکەی لە لایان پۆلیسەوە دەستگیر کرابوو، بەڵام نەیانتوانی تۆمەتەکەی بسەلمێنن بەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە لە دژی ئەو بوونی نەبوو، بۆیە پۆلیس ناچار بوو کە ئازادی بکەن. بەڵام من بەڵگەم لە دژی هەیە، نەوەکو هەر ئەمە، بەڵکو شتێکی تریش دەزانم کە پۆلیس لێی بێ خەبەرە. دوای ئەوەی کە لاشە مردووەکە نێردرا بۆ لای پزیشکی یاسایی، ئەوا پشکنرا، پزیشکەکە هیچ شتێکی تایبەتی نەدۆزییەوە کە سەرنجی ڕاکێشێت، بۆیە وازی لە پشکنینەکەی هێنا.

بەڵام دەمزانی کە شتێک هەیە بتوانێت ببێت بە بەڵگە لە دژی ئەو چەپەڵە، بۆیە لە تاریکایی شەودا دزەم کردە ناو تاقیگەکە و لاشەکەم پشکنی. دوای نزیکەی دە خوولەک شتێکم دۆزییەوە کە پزیشکەکە هەست بە بوونی نەکردبوو. کە دەمیم کردەوە، ئەوا پارچە گۆشتێکی سووری بچووک لە بەشی دواوەی ددانی پێشەوەیم دۆزییەوە کە قەبارەی لە قەبارەی مێروولەیەکیش بچووکتر بوو. دوای ئەوەی کە بۆ ساتێک تێیڕامام، ئەوا بۆم دەرکەوت کە ئەوە گۆشتی مرۆڤە، ئەمەش مانای ئەوە بوو کە کوژراوەکە پێش مەرگی گازی لە بکووژەکەی گرتووە. کە ئەم ڕاستییەم زانی، ئەوا بۆ ڕۆژی داهاتوو ڕۆیشتم بۆ

لای ماڵی ئەم چەپەڵە. ماوەیەک لە دەرەوە چاوەڕێم کرد تاکو لە کۆتاییدا هاتە دەرەوە، تێبینیم کرد کە بە شێوەیەکی گوماناوی دەستی ڕاستی دادەپۆشی، بۆیە لێی نزیک بوومەوە تاکو هۆکاری ئەو کارەی بزانم. بە ئەنقەست خۆم پێدادا و خستمە سەر زەوی، لە کاتێکدا کە لەسەر زەوی بوو، ئەوا داوای لێبووردنم لێ کرد و دەستم بۆ درێژکردەوە تاکو هەستێتەوە. ئەویش دەستی ڕاستی بەرز کردەوە، کە دەستیم بینی، ئەوا تێبینی شوێنەواری برینی گازێکی توندم کرد. بەمە گومانەکەم بوو بە ڕاستی. وە سەبارەت بەو شتەی کە من دەیزانم و پۆلیس نایزانێت، ئەوا ئێستا پێت دەڵێم. لە کاتێکدا کە لە تاقیگەکە بووم، ئەوا پشکنینی زیاترم ئەنجام دا.

پارچە قوماشەکەی سەر ئەندامی مێینەم لابرد و سەیرم کرد، یەکێک لە کەرستەکانم بەکارهێنا (چیلکەیەکی درێژی مسینی سەر بازنەیی بوو) و خستمە ناو ئەندامی مێینەکەیەوە، بۆیە ئەمەم کرد تاکو گومانێکی ترم پشتڕاست بکەمەوە. کە دەرمهێنایەوە، ئەوا ئەو شتەم بینی کە چاوەڕێم دەکرد. لە سەری چیلکەکە شتێکی سپی ڕوون دەرکەوت، ئەوە سپێرم بوو. کە ئەمەم بینی، ئەوا بۆم دەرکەوت کە بکووژەکە سەرەتا دەستدرێژی کردۆتە سەری و دواتر کوشتوویەتی. کە هەموو ئەمانەم زانین، ئەوا بۆم دەرکەوت کە ئەم چەپەڵە تاوانباری ڕاستەقینەیە.

لەوانەیە بپرسیت کە چۆن بە بوونی ئەم دۆسیەیەم زانیوە، ئەوە ئاسانە، لە ڕێگەی هەواڵی ڕۆژنامەکانەوە.

بەهەرحاڵ، وەکو هەمیشە دەمتوانی بەڵگەکان بخمە دەستی پۆلیسەوە، بەڵام وەکو تاوانبارەکانی تر، ئەوا ئەمەش شایەنی ئەوە نییە کە لە ژیاندا بمێنێتەوە. پۆلیس ئەگەر بیگرێت، ئەوا تەنیا زیندانی دەکەن. ئەو شایەنی سزای لەوە قورسترە، بۆیە من بەم کارە هەڵدەستم.

لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی دراماتیکی کۆتایی بە قسەکانی هێنا، ئەوا نزیکەی سێ خوولەک بە بێدەنگی لە شوێنی خۆم وەستام، بیرم لە ڕاستی قسەکانی دەکردەوە دەربارەی سزادانی ئەو جۆرە کەسانە، کەسانێکی وەکو جێنفر کە جگە لە مەرگ نەبێت، ئەوا هیچ جۆرە سزایەکی تر گونجاو نییە.

نەدەبوایە بیرم تەنیا بۆ ئەوە بچێت، دەبوایە بیرم لە خراپی ئەو کارەش کردبایەوە، بەڵام بیرم لێ نەکردەوە، هەروەکو ئەوەی کە ئەم کارە هیچ لایەنێکی خراپیشی نەبێت. دوای ماوەیەک دکتۆر جۆن بێدەنگییەکەی شکاند و چەقۆیەکی تیژی بچووکی پێدام، لەناو دەستەکانمی هاویشت و پێی گوتم کە بە توندی بیگرم. دواتر منی بردە لای پیاوەکە و لە تەنیشتی وەستاین. دکتۆر جۆن دوو سێ زللەی لە پیاوەکەدا تاکو بەهۆش خۆی بێتەوە، کە پیاوەکە هەستایەوە، ئەوا کەوتە حاڵەتی تۆقینەوە. چاوەکانێ زەق کەوتن و دەستی بە جووڵەکردن کرد تاکو زنجیرەکە بپسێنێت، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. کە خەریک بوو دەمی بکاتەوە و هاوار بکات، ئەوا دکتۆر جۆن مستێکی لێدا و دەمی بە خوێندا هێنا، دواتر چەسپێکی لە گیرفانی چاکەتەکەی دەرهێنا و دەمی پیاوەکەی بەست، بەم شێوەیە بێدەنگی کرد. دوای ئەوەی کە ئەمەی ئەنجامدا، ئەوا دکتۆر جۆن سەرنجی کەوتە سەر من و گوتی: وەرە پێشەوە ماثیو، سەیری بکە. سەیری برینەکانی بکە، ئایا هیچ هەیە کە جێی سەرنج بێت؟

کە لێی ورد بوومەوە، ئەوا زانیم مەبەستی چییە، بۆیە گوتم: بەڵێ، جەستەی ئەوت لەو شوێنانە بریندار کردووە کە لە دەماری سەرەکییەوە دوورن.

کە ئەمەی بیست، ئەوا زەردەخەنەی کرد و گوتی: پێم گوتیت کە ئەو پەرتووکانە سوودیان دەبێت ! ئێستا کە ئەوە دەزانیت، ئەوا دەمەوێت تۆش بە هەمان شێوە ئەنجامی بدەیت. ئەو شوێنانەی کە ماون و لە دەماری سەرەکییەوە دوورن بریندار بکە، وە هەوڵبدە زۆرترین ئازاری پێ بگەیەنیت.

**نازانم کە بۆچی کەوتمە داوی قسەکانییەوە، نازانم کە بۆچی وا بە شێوەیەکی ڕەها هەرچی گوتی کاری لە من کرد، نازانم کە بۆچی وا لەپڕ سارد کەوتم و بڕیارم دا ئەشکەنجەی کەسێک بدەم کە نایناسم و پێشووتر نەمبینیوە. تاکو ئەم ساتەش، ئەوا هەر هەمان ئەو پرسیارانە دووبارە دەکەمەوە و لە خۆمیان دەکەم، بەڵام هەرگیز وەڵامەکانیانم دەست ناکەوێت.**

**کە ئەوەی داواکرد، ئەوا چەقۆیەکەم بەرز کردەوە و بە پێی ڕێنماییەکانی، ئەوا تاوانبارەکەم بریندارم کرد. لە کاتێکدا کە بە چەقۆیەکەم دووچاری ئازارێکی زۆرم دەکردەوە، ئەوا جەستەی دەلەرزی و چاوەکانیشی لەگەڵ هەر برینێک زەقتر دەبوون، بە ڕاددەیەک زەق بووبوون کە وامدەزانی خەریکە دێنە دەرەوە، زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی ئازاری زۆرەوە لەهۆش خۆی چوو. دوای ئەوەی کە لەمە تەواو بووم، ئەوا دکتۆر جۆن گوتی: ئێستا کۆتایی پێ بهێنە.**

**ئەشکەنجەدان شتێک بوو و کوشتنیش شتێکی تر بوو، نەمدەزانی کە ئایا توانای ئەوەم هەیە کۆتایی بە ژیانی کەسێک بهێنم یان نا، بۆیە دوودڵ کەوتم. دکتۆر جۆن کە ئەمەی بینی، ئەوا دەستی گرتم و بەرەو قورگی پیاوەکەی بەرز کردەوە، کە چەقۆیەکە کەوتە ژێر قورگی پیاوەکە، ئەوا دکتۆر جۆن دووبارە گوتییەوە: ئێستا کۆتایی پێ بهێنە.**

**دکتۆر جۆن لە هەنگاوی یەکەم یارمەتی دام، بۆیە لەسەرم پێویست بوو کە خۆم هەنگاوی دووەم و کۆتایی ئەنجام بدەم. بۆیە چەقۆیەکەم توند گرت و دواتر بە شێوەیەکی قووڵ تیغەکەم بە ژێر قورگیدا هێنا. لە کاتێکدا کە خوێنەکەی دەکەوتە سەر مێز و دواتریش بۆ سەر زەوییەکە، ئەوا دکتۆر جۆن منی سووڕاند تاکو ڕووبەڕووی بوەستم. بۆ ساتێک لە چاوەکانی منی ڕووانی و دواتر گوتی: ئێستا کە ئەمەت ئەنجامدا، ئەوا چ هەستێکت هەیە؟**

**منیش بە شێوەیەکی سارد وەڵامم دایەوە و گوتم: هەست بە هیچ شتێک ناکەم.**

**وە بەڕاستی هیچ هەستێکم نەبوو، هەستم بە ترس نەکرد، هەستم بە ئازاری ویژدان نەکرد، هەستم بە تاوان نەکرد، هەستم بە هیچ شتێک نەکرد.**

**کە گوێی لەمە بوو، ئەوا بە زەردەخەنەوە گوتی: وە ناشبێت هیچ هەستێکت هەبێت، بە تایبەتی بۆ ئەم جۆرە تاونبارانە. ئەمەی کە ئێستا ئەنجامتدا تاقیکردنەوەیەک بوو، تاقیکردنەوەیەک کە گومانم هەبوو لەوەی بتوانیت تێیدا سەرکەوتوو بیت، بەڵام بەڕاستی سەرکەوتوو بوویت. ئێستا ئامادەیت، ئامادەیت بۆ قۆناغی دواتر.**

# بەشی چوارەم

## 15ی تشرینی یەکەمی 1886ز

**هەرچەندە لەگەڵ بیرۆکەی سووتاندنی لاشەکەیدا نەبووم، بەڵام لە وەسیەتەکەیدا ئەمەی داواکردبوو، بۆیە بە ناچاری داوایەکەم بۆ جێبەجێ کرد. هەروەها هیچ جۆرە ماتەمینییەکیشم بۆ ڕێک نەخەست بەوەی کە نەیدەویست هیچ کەسێک خەم بۆ مەرگی ئەو بخوات، بۆیە ئەمەشم بۆ جێبەجێ کرد. پاش مەرگی، ئەوا هەموو شتێکی بۆ من جێهێشت، هەڵبەتە ئەوەم نەزانی تاکو بۆ ڕۆژی دواتر پارێزەری وەسیەتەکەی هات و ئەمەی پێ گوتم. هەر ئەو ڕۆژە زانیم کە جگە لە من، ئەوا هیچ کەسێکی تری نەبوو.**

**چەند ساتێک پێش ئەوەی گیان لەدەست بدات، ئەوا بە دوو چاوی پڕ لە ئازارەوە ڕووی لە من کرد، بە ئەستەم توانی قسە بکات بەوەی کە لەگەڵ گوتنی هەر وشەیەک، ئەوا ئازارەکەی زیاتر دەبوو، بەڵام بۆ چەند ساتێک بەسەر ئازارەکەیدا زاڵ بوو و گوتی: خەم بۆ مەرگی من مەخۆ، تەنیا سەرنجت لەسەر کارەکەت بێت...**

**دووچاری کۆخەیەکی توند بۆوە، بۆ چەند ساتێک کۆخی و دواتر هاتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، بۆیە دەستی بە قسە کردەوە و گوتی: پێش ئەوەی هێرشی خۆت بکەیت، ئەوا هەمیشە بە وردی لە ئامانجەکانت بکۆڵەوە، زانیاریان لەسەر پەیدا بکە و خاڵی لاوازییان لەدژ بەکاربێنە، وە هەرگیز، هەرگیز بەزەیی بەرامبەر ئەوانە نەنوێنیت کە شایستەی مەرگن.**

**لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ساتێک، ئەوا هەناسەکانی قووڵتر دەبوون و زیاتر دەکۆخی، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لەوەی کە شتێکم لێ داوا بکات. بۆیە بە دەنگێکی نزم و بێ وزەوە گوتی: بەڵێنی شتێکم پێ بدە، بەڵێنم پێ بدە کە کاتێک تۆڵەت لەوانە کردەوە کە نادادپەروەریان بەرامبەر کردوویت، ئەوا چێژ لە**

**کوشتنیان نەبینیت. چێژی کوشتن خاوەنەکەی بەرەو تاریکی دەبات، تاریکییەکی بێ کۆتا، بۆیە لەو ڕێگایە بەدووربە.**

**کە گوێبیستی ئەو داوایەی بووم، ئەوا سەری ڕازی بوونم لەقاند. کە ئەوەی بینی، ئەوا زەردەخەنەی کرد.**

**دوای چەند ساتێک سەری بەرەو لای چەپ لار بۆوە، چاوەکانی داخستن و هەرگیز نەیکردنەوە، بەم شێوەیە لەسەر کۆتایی بە ژیانی هات.**

**هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد کەسێک بە چاوەکانی خۆم ببینم کە بە هۆی شێرپەنجەی سییەکانەوە بمرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو کاتە ئەم جۆرە نەخۆشییە ئێجگار دەگمەن بوو. لە پەرتووکە پزیشکییەکاندا لەسەرم خوێندبۆوە، بەڵام هەرگیز کەسێکم نەبینی بوو کە بەڕاستی تووشی بووبێت. بۆیە کاتێک دکتۆر جۆن پێی گوتم کە شێرپەنجە لە سییەکانی داوە، ئەوا شۆک بووم!**

**دوای ئەوەی کە مانگێک بەسەر مردنیدا تێپەڕی، ئەوا شەوێکیان ڕۆیشتمە ژوورەکەی، سندووقێکی کارتۆنیم لە بەشی سەرەوەی دۆڵابەکەی دەرهێنا و شتەکانی ناوەوەیم پشکنی. ناوەوەی سندووقەکە پێکهاتبوو لە چەند کەلووپەلێکی کۆن و چەند تۆمارێکی گرنگ، کارم بە تۆمارەکان بوو، بۆیە هەموویانم دەرهێنا. کە تۆمارەکانم دەرهێنا، ئەوا شتێکم لە بنی سندووقەکە بینی، وێنەیەک بوو. کە سەیرم کرد، ئەوا بینیم ئەوە ئەو وێنەیە بوو کە چەند مانگێک پێش مردنی گرتبوومان، نەمدەزانی کە ئەوەی هەڵگرتبوو. لە وێنەکەدا دەستی چەپی لەسەر شانم دانابوو، منیش هەردوو دەستەکانم بۆ دواوە بردبوون. دکتۆر جۆن خۆشحاڵ دیار بوو بەوەی کە زەردەخەنەیەکی ڕاستەقینە کەوتبووە سەر لێوەکانی، بە پێچەوانەی من کە ڕوویەکی ساردم نواندبوو.**

که بۆ ماوەیەک لە وێنەکە ڕامام، ئەوا بیرم لە دکتۆر جۆن کردەوە. بۆ ساتێک دڵتەنگی دایگرتم بەوەی کە بیری بوونی ئەوم دەکرد، دواتر بیرم لەو کاتانە کردەوە کە تێیدا هەوڵی دەدا یارمەتیم بدات و ئامادەم بکات بۆ کارەکەم، هەرچەندە ئەو کاتانە بۆ مەبەستێکی ئاسایی نەبوون، بەڵام بەلامەوە بەنرخ بوون. هەرگیز ئەم شتانەم بەو نەگوتبوو، بەڵام دەمزانی کە هەستیان پێدەکات.

دوای ماوەیەک بیرم کەوتەوە سەر تۆمارەکان، بۆیە وێنەکەم لە گیرفانی پانتۆڵەکەم هاویشت و دواتر بە تۆمارەکانەوە لە ژوورەکە ڕۆیشتمە دەرەوە. بە پلیکانەکاندا بەرەو خوارەوە ڕۆیشتم و دواتریش بەرەو ژووری میوانەکان بەڕێکەوتم. لە نزیک ئاگردانەکە لەسەر قەنەفەکە دانیشتم، دواتریش مێزەیەکی دارینی ڕەنگ قاوەیی تۆخم هێنایە پێشم تاکو تۆمارەکانی لەسەر دانێم.

دواتر بەدوای لیستی ناوی ئەو تاوانبارەنەدا گەڕام کە پێشووتر لەسەر پارچە کاغەزێکی زەرد ناوم تۆمار کردبوون. کە لیستەکەم دۆزییەوە، ئەوا ناوەکانم خوێندنەوە و دەستم کرد بە هەڵبژاردنی ئامانجی داهاتووم.

لەگەڵ ناوی هەر تاوانبارێک، ئەوا زانیارییەکانی لە خوارەوە بەردەست بوون. زانیاری وەکو شوێنی نیشتەجێبوون، تەمەن، جۆری تاوان، خاڵی لاوازی، هتد.

دکتۆر جۆن فێری ئەوەی کردبووم کە هەمیشە دەبێت سەرەتا زانیاری پێویست بەدەست بێنم پێش ئەوەی هێرشەکەم بکەم، ئێستا کە کارەکانم بەم شێوەیە ئەنجام دەدەم، ئەوا قەدری ئەو وانەیەی دەزانم.

ئامانجی داهاتووم ئافرەتێکی سی و حەوت ساڵان بوو بە ناوی جەین سکۆت، بە گومانی کوشتنی دراوسێیەکی، ئەوا لێپێچینەوەی لەگەڵ کرا، بەڵام وەکو هەمیشە پۆلیس بێکەڵکی خۆی سەلماند بەوەی کە نەیانتوانی هیچ بەڵگەیەکی

**لەدزی بدۆزنەوە، بۆیە ئازادیان کرد. بەڵام بە پێچەوانەی پۆلیس، ئەوا لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکانم بۆم دەرکەوت کە بەڕاستی ئەو بوو دراوسێیەکەی کوشتبوو، لە هەمان کاتیشدا مروارییەکی گرانبەهاشی لێ دزی بوو.**

**کە زانیارییەکانم کۆکردنەوە و بە تەواوی ئامادەبووم، ئەوا لە تاریکی شەودا بەرەو شوێنی نیشتەجێ بوونی بەڕێکەوتم. کە گەیشتمە شوێنی مەبەست، ئەوا لە شوێنێکی نادیاردا خۆم شاردەوە، بۆ زیاتر لە کاژێرێک لەوێ مامەوە تاکو لە کۆتاییدا شەقامەکە بە تەواوی چۆڵ بوو. کە بینیم شەقامەکە چۆڵە، ئەوا لە ماڵەکەی نزیک بوومەوە. دواتر ڕۆیشتم بۆ لای ڕاستی خانووەکە و بەسەر دیوارێکدا بەسەرکەوتم تاکو دەستم بە پەنجەرەکە بگات، دواتر پەنجەرەکەم کردەوە و بە هەنگاوی هێواشەوە ڕۆیشتمە ژوورەوە.**

**ئافرەتەکە بە تەنیا دەژیا، بۆیە کارەکەم ئاسان بوو. دوای چەند ساتێک لە وەستانم لە لای پەنجەرەکە، ئەوا بەرەو ژووری خەوتنی بەڕێکەوتم. دەرگایەکەم کردەوە و ڕۆیشتمە ژوورەوە، دواتر لە دوای خۆم دەرگایەکەم بە هێواشی داخستەوە. بینیم کە بە پۆشاکێکی خەوی سپی لەسەر جێیەکەی خەوتبوو. لێی نزیک بوومەوە و دواتر لە لای ڕاستی سەر وەستام، خەنجەرەکەم دەرهێنا و لە ژێر قورگیمدا ڕامگرت. دواتر بانگم کرد تاکو لە خەو هەستێت، بۆیە ئەمەم کرد چونکە هەرگیز ئامانجەکانم بە بێ ئاگایی نەکوشتووە و ناشکوژم، دەمەوێت ترس لە چاویاندا ببینم، دەمەوێت ئەو ڕاستییە بزانن کە بە هۆی تاوانەکانیانەوە ژیانیان لەدەست دەدەن.**

**کە چاوەکانی کردەوە، ئەوا ترس هەموو گیانی داگرت، خەریک بوو هاوار بکات، بەڵام خێرا دەمم گرت و ڕێگریم لێ کرد. کە چەقۆیەکەی لە ژێر قورگی بینی، ئەوا نەوێرا بجووڵێت، بۆیە وەکو پەیکەرێک لە شوێنی خۆی مایەوە. دوای**

**ئەوەی کە دەستم لەسەر دەمی لابرد، ئەوا پرسیم: ئایا دەزانیت کە بۆچی ئەمە دەکەم؟**

**ئافرەتەکە بە ترسەوە گوتی: نەخێر، تۆ ناناسم، تۆ کێیت؟ وە بۆچی بەم شێوەیە هەڕەشەم لێ دەکەیت؟!**

**زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانە کەوتە سەر لێوەکانم و دواتر گوتم: ناسنامەی من گرنگ نییە، بەڵام ئایا بەڕاستی نازانیت بۆ لێرەم؟ ئێستا پێت دەڵێم. من دەرەنجامی کارەکانتم، یاخود وردتر بڵێم، من دەرەنجامی تاوانەکەتم.**

**کە زانی مەبەستم چییە، ئەوا بە پاڕانەوە گوتی: تکایە، تکایە ئازارم مەدە ! ئەوە بزانە کە ئەو سۆزانییە شایەنی مردن بوو، بۆچی دەبوایە ئەو مروارییە جوانەی هەبێت و من نەمبێت؟! مرواریيەکەم فرۆشتووە و پارەکەیشم لایە، وەرە لەگەڵتی دەکەم بە نیوە، یاخود نەخێر، وەرە هەموویت پێ دەدەم، بۆیە تکایە ئازارم مەدە و لێم بگەڕێ با بڕۆم!**

**بۆ ساتێک لە شوێنی خۆم وەستام، وایزانی کە بیر لە پێشنیارەکەی دەکەمەوە. دواتر لەپڕ بە خەنجەرەکەم قورگیم بڕی، بەمە چاوەکانی زەق بوون و باوەڕی بەوە نەکرد کە ڕوویدا، دوای ئەمە هەردوو دەستەکانی خستنە ژێر قورگی تاکو خوێنەکە بوەستێنێت، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە لە ماوەیەکی کەمدا ژیانی لەدەستدا. دەمزانی کە درۆ دەکات، مرواریيەکەی هێشتبۆوە. بۆیە ژوورەکەم پشکنی و دوای چەند خوولەکێک دۆزیمەوە، لە ژێر دۆڵابی پۆشاکەکانیدا شاردبوویەوە. دوای ئەمە، ئەوا لەوێ ڕۆیشتمە دەرەوە و بەرەو شوێنێکی تر بەڕێکەوتم. دوای نزیکەی دە خوولەک، ئەوا گەیشتمە شوێنی مەبەست، هەتیوخانەیەک بوو کە ئاستی دارایی باش نەبوو. مرواریيەکەم لە بەردەمی دەرگایەکە دانا و لە دەرگام دا، دوای ئەمە بەپەلە لەوێ ڕۆیشتم و لە سووچێکی**

تاریک خۆم شاردەوە. دواتر ئافرەتێکی قەشە کە سەرپەرشتیاری هەتیوخانەکە بوو هاتە دەرەوە. سەیری دەوروبەری کرد تاکو بزانێت ئەوە کێ بوو کە لە دەرگای دابوو، کە هیچ کەسێکی نەبینی، ئەوا گەڕایەوە دواوە تاکو دەرگایەکە دابخات. کە خەریک بوو دەرگایەکە دابخات، ئەوا سەرنجی کەوتە بەردەمی و مرواریيەکەی بینی. کە هەڵیگرت و پشکنی، ئەوا تووشی شۆک بوو. دووبارە سەیری دەوروبەری کردەوە تاکو بزانێت کە ئایا ئەوە ون بووە یاخود کەسێک بە ئەنقەست لەوێی داناوە، کە هیچ کەسێکی نەبینی، ئەوا بۆی دەرکەوت کە ئەوە بەوان بەخشراوە، پێی وابوو کە کەسی بەخشەر نەیویستووە خۆی دەرخات، بۆچوونەکەشی ڕاست بوو. کە درکی بەم ڕاستییە کرد، ئەوا دڵخۆشییەک دایگرت کە خەریک بوو فرمێسکی بۆ بڕێژێت، دواتر نیشانەی خاچی کێشا و نزای کرد، سوپاسی خوای کرد و سوپاسی ئەوەشی کرد کە مرواریيەکەی پێ بەخشیون.

دوای ئەمە، ئەوا لەوێ ڕۆیشتم و دواتر بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە.

## 6ی کانوونی یەکەمی 1886ز

**دوای ئەوەی کە لە خەو هەستام و دواتر نانی بەیانیم خوارد، ئەوا خۆم ئامادەکرد تاکو بۆ سەر کار بڕۆم. بە هۆی ئەوەی کە بەفر دەباری و هەوای دەرەوە سارد بوو، ئەوا پاڵتۆیەکی ڕەشی ئەستوورم پۆشی تاکو نەخۆش نەکەوم. کە ڕۆیشتمە دەرەوە، ئەوا هەستم کرد سەرمایەکە لەوە زیاترە کە چاوەڕێم دەکرد، بۆیە هەنگاوەکانم خێرا کردن تاکو بە زووترین کات بگەمە سەر کار و لەوێ سەرمایەکە لە جەستەم دەرکەم. کە گەیشتمە نووسینگەکەم، ئەوا خێرا ڕۆیشتمە ژوورەوە و لەسەر ئەو مێزەیە دانیشتم کە لەسەریم کار دەکرد. هەوای ناو نووسینگەکە گەرم و خۆش بوو، بۆیە خێرا سەرمایەکەم لەبیر چۆوە.**

**لەوانەیە بپرسن کە من لە کوێ کارم دەکرد و ئەو کارەم چۆن دەستکەوت، بۆیە با پێتان بڵێم.**

**کاتێک مەشقەکەم کۆتایی پێهات و ئامادە بووم، ئەوا دکتۆر جۆن پێی باش بوو کە خۆم فێری پیشەیەک بکەم، بیرۆکەکەیم بەدڵ بوو. بە هۆی ئەوەی کە زانیاری پزیشکی باشم هەبوو و لە بەکارهێنانی کەرستە پزیشکییەکانیشدا شارەزا بوو، ئەوا دکتۆر جۆن پێی باش بوو ببم بە یاریدەدەری پزیشکی یاسایی. هەڵبەتە ئەمە مەبەستێکی لە پشتەوە بوو، ئەویش بۆ ئەوە بوو تاکو زانیاری لەسەر کوژراوەکان بەدەست بهێنم و بەڵگە لە دژی تاوانبارەکان کۆبکەمەوە. بەڵام ئەو جۆرە کارە گومانی بۆ دروست دەکردم بەوەی کە ئەگەر کەسی تاوانبارم دۆزیبایەوە و کۆتاییم بە ژیانی هێنابا، ئەوا زۆری پێ نەدەچوو کە گومانەکان دەکەوتنە سەر سەرم بەوەی کە زانیاریم لەسەر قوربانییەکانیان هەبوو. کە ڕای خۆم دەربڕی و پێم گوت کە ئەوە بیرۆکەیەکی باش نییە، ئەوا**

دوای بیرکردنەوە ئەویش هاوڕا بوو. دواتر هەردووکمان کەوتینە داوی بیرکردنەوە، بەڵام بیرمان بۆ هیچ شتێک نەچوو.

بۆ ڕۆژی دواتر کە لەسەر مێزەی نانخواردنەکە دانیشتبووین، ئەوا دکتۆر جۆن ڕۆژنامەیەکی هەڵگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوە، لەپڕ سەرنجم کەوتە سەر بەشی دواوەی ڕۆژنامەکە کە تێیدا باسی لە هەواڵەکانی پۆلیس دەکرد، دواتر ڕۆژنامەکەم لێ وەرگرت و ئەو بەشەم خوێندەوە کە سەرنجی ڕاکێشام. کە لە خوێندنەوەی تەواو بووم، ئەوا گوتم: ئەمە دەکەم، دەبم بە ڕۆژنامەنووس.

دکتۆر جۆن کە گوێی لەوە بوو، ئەوا پێکەنی و گوتی: بۆ مەگەر چی لە نووسین دەزانیت؟ توانستی پزیشکیت باشترە نەوەکو نووسین، هەوڵبدە شتێک هەڵبژێریت کە تێیدا باش بیت.

منیش گوتم: بەڵام بیری لێ بکەوە، ئەمە باشترین کارە. بەم شێوەیە دەتوانم زانیاری باشتریش کۆبکەمەوە، وەکو ڕۆژنامەنووسێک دەتوانم بڕۆمە نووسینگەی پۆلیس و بە بیانووی ئامادەکردنی بابەتێک زانیاری لەسەر دۆسیەکان کۆبکەمەوە!

دکتۆر جۆن بۆ ساتێک بێدەنگ بوو و کەوتە بیرکردنەوە، دوای ماوەیەک بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: زۆرباشە، کەوایە با بڕۆین.

پرسیم: بۆ کوێ؟

ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: دەڕۆین بۆ نووسینگەی ڕۆژنامەنووسی "لەندەن دەیلی نوز"، بەڕێوبەری نووسینگەکە دەناسم، ئەو ڕازی دەکەم کە ئەو کارەت پێ ببەخشێت، ئیتر لەو ڕۆژەوە بووم بە ڕۆژنامەنووس.

وەکو سەرەتا پلانم بۆ دانابوو، ئەوا کارەکەم سەری گرت. لە ڕێگەی کارەکەمەوە توانیم زانیاری لەسەر دۆسیەکان بەدەست بهێنم و ئامانجەکانم باشتر بناسم. ستاییشی خۆم ناکەم، بەڵام بەڕاستی لە کارەکەمدا سەرکەوتوو بووم. مەبەستم کوشتنی ئەو تاوانبارانە نییە، هەڵبەتە لەوەشدا باش بووم، بەڵکو مەبەستم کاری ڕۆژنامەنووسییە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی کارکردنم چەندین بابەتم پێشکەش کردن کە سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشا بوو، ئەمەش وایکردبوو ڕۆژنامەکانمان زیاتر و زیاتر بفرۆشرێن. بەڕێوبەرەکەم ئەمەی زۆر بەدڵ بوو، بۆیە هەر کاتێک کە بابەتێکم پێشکەش دەکرد و خوێنەران بەدڵیان بوو، ئەوا دەستی لەسەر شانی دادەنام و دەیگوت: ئافەرین جەیمز، بەڕاستی کەسێکی بەتوانایت. ئەگەر جۆن لە ژیاندا مابایەوە و کاری تۆی بینیبا، ئەوا دڵنیام شانازی پێوە دەکردیت وەکو چۆن من شانازیت پێوە دەکەم.

بەڵێ، ئەوەم لەبیرچوو پێتان بڵێم کە ناوم چیتر ماثیو نەمابوو، بەڵکو ناوم بوو بوو بە جەیمز، جەیمز کۆرماک.

پاش ساڵ و نیوێک لە چوونم بۆ لای دکتۆر جۆن، ئەوا دکتۆر جۆن ناسنامەیەکی تازەی پێ بەخشیم کە لە ڕێگەی ناسیاوێکییەوە لە بازاڕی ڕەش بۆی درووست کردبووم، بۆیە ئەمەی کرد چونکە دەیزانی لە داهاتوودا ناوەکەم کێشەم بۆ درووست دەکات، بۆیە ناوێکی تازەی پێ بەخشیم.

دوای ئەوەی کە تەواوی بەیانییەکە خەریکی پێداچوونەوەی ئەو نووسینە بووم کە لەسەر تاڵانی بانکێک ئامادەم کردبوو، ئەوا هەستم بە ماندوویی کرد. بۆیە لەسەر مێزەکە هەستام و خۆم پێچایەوە تاکو بڕۆمە دەرەوە. کە لە نووسینگەکە ڕۆیشتمە دەرەوە و کەوتمە سەر شۆستەکە، ئەوا لەپڕ گوێم لە دەنگی یەکێک بوو کە دەیگوت: ماثیو !

سەرەتا گرنگیم پێ نەدا بەوەی کە وامزانی بانگی یەکێکی تر دەکات، بەڵام کە بۆ جاری دووەم دووبارەی کردەوە، ئەوا ئاوڕم دایەوە. دواتر لێم نزیک بۆوە و دووبارە بە ناوی ماثیو بانگی کردمەوە، لێتان ناشارمەوە ئەوەم بەلاوە سەیر بوو بەوەی کە جگە لە دکتۆر جۆن، ئەوا لەو کاتەدا هیچ کەسێکی تر ناوی ڕاستەقینەی نەدەزانیم. دواتر هاتە بەردەمم و بە ڕوویەکی گەشەوە گوتی: ماثیو، ئەمە بەڕاستی تۆیت، وایە؟ بەڵێ خۆتیت ! باوەڕ ناکەیت کە چەندە بە بینینت خۆشحاڵم، ماوەیەکی زۆرە یەکتریمان نەبینیوە!

بە شێوەیەکی گوماناوی سەیرم کرد، هەرچەندی هەوڵمدا بیرم بێتەوە، بەڵام نەمزانی ئەو ئافرەتە کێیە. کە بینی بەو شێوەیە سەیری دەکەم، ئەوا گوتی: نامناسیتەوە، وایە؟ ئەوە منم لوسی، پێکەوە بە بچووکی لای بەڕێز ئێڤنز وانەمان دەخوێند.

کە ئەوەم بیست، ئەوا سەرەتا باوەڕم نەکرد، بەڵام دواتر کە سەرنجم خستە سەر قژە سوورەکەی، ئەوا زانیم خۆیەتی.

دوای ئەمە گوتم: لوسی، تاکو خۆت نەناساند، ئەوا نەمناسیتەوە. بەڕاستی زۆر گۆڕاویت، بوویت بە خاتوونێکی قەشەنگ.

کە گوێی لەمە بوو، ئەوا ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا و دواتر گوتی: سوپاست دەکەم، تۆش لە ماوەی ئەم نۆ ساڵەدا زۆر گۆڕاویت.

دواتر پرسیم: ئەوە لێرە چی دەکەیت؟

ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: هاتووم تاکو لە ڕۆژنامەکاندا ڕیکلام بۆ کارەکەم بکەم، ئیشی دروومانی لەگەڵ دایکمدا ئەنجام دەدەم. ئەی تۆ لێرە چی دەکەیت؟

وەڵامم دایەوە و گوتم: لە ڕاستیدا لێرە کار دەکەم، ڕۆژنامەنووسم.

**کە ئەمەی بیست، ئەوا بە لایەوە زۆر سەیر بوو، بۆیە گوتی: بەڕاستیتە؟! ئایا تازە دەستت بەکار کردووە؟**

**منیش گوتم: نەخێر، بەڵکو ماوەی چەند ساڵێکە.**

**کە گوێی لەمە بوو، ئەوا پرسی: ئەی چۆنە تاکو ئێستا ناوی تۆم لە ڕۆژنامەکاندا نەبینیوە؟**

**کە گوێم لەوە بوو، ئەوا زەردەخەنەیەکم کرد و گوتم: دڵنیام کە بینیوتە، نووسینەکانم لە ژێر ناوی (جەیمز کۆرماک)دا بڵاو کردۆتەوە، ئەمە ئێستا ناوی منە.**

**کە گوێبیستی ئەوە بوو، ئەوا تووشی شۆک بوو و دواتر گوتی: بەڕاستیتە؟! من شەیدای ئەو دۆسیانەم کە لەسەرت نووسیون، بەڕاستی ناوازەن ! وە پێم سەیرە کە ناوی خۆت گۆڕیوە، ناوی (ماثیو)م پێ خۆشترە. بەڵام ئایا دەتوانم بپرسم کە بۆچی ناوی خۆت گۆڕیوە؟**

**بەم پرسیارە کەمێک تێکچووم، بەڵام خۆم کۆنترۆڵ کرد و گوتم: دوای مەرگی دایکم، ئەواماڵەوەم جێهێشت تاکو ژیانێکی تازە بۆ خۆم بنیات بنێم، گۆڕینی ناوەکەشم یەکەمین هەنگاو بوو بەرەو ئەو ژیانە.**

**کە گوێبیستی ئەمە بوو، ئەوا لەپڕ خەم ڕووخساری داگرت، چاوەکانی نزم کردنەوە و گوتی: ببوورە کە ئەو کاتە بۆ ماتەمینی دایکت نەهاتم، تاکو درەنگ نەمزانی. بۆ ماوەیەکی زۆر چاوەڕێم کردیت تاکو بێیتەوە بۆ لامان و لای بەڕێز ئێڤنز سەرەخۆشیت لێ بکەم، بەڵام هەرگیز نەگەڕایتەوە، نەشم دەتوانی بێم بۆ ماڵەکەتان بەوەی کە شەرمم دەکرد. دوای ئەوەی کە بۆ ئەو ساڵە بەڕێز ئێڤنز شوقەکەی جێهێشت، ئەوا بە تەواوی بێ هیوا بووم لە دۆزینەوەی تۆ.**

دواتر چاوەکانی بەرز کردنەوە و گوتی: دەی چیتر ئەمانە گرنگ نین، ئەوەی گرنگە ئێستایە. دەڵێم ئەگەر کاتت هەیە، ئەوا پێت چۆنە بچین بۆ ئەو کافێیە تاکو چایەک یان قاوەیەک بخۆینەوە؟ با لەوێ کاتە لەدەستچووەکانمان قەرەبوو بکەینەوە و ئەم سەرمایە لە جەستەمان دەرکەین.

سەرەتا نەمویست قبووڵی بکەم بەوەی کە بەڕاستی بەلامەوە گرنگ نەبوو، دەزانم کە ئەمەی دەیڵێم دڵ ڕەقییە، بەڵام ئەمە ڕاستییەکەیە. کە خەریک بوو ڕەتی بکەمەوە و بڵێم ناتوانم، ئەوا گوتی: وشەی "نەخێر" قبووڵ ناکەم، هەر دەبێت بێیت!

دەمزانی کە واز ناهێنێت، بۆیە بە ناچاری لەگەڵیدا ڕۆیشتم بۆ کافێیەکە.

نزیکەی کاژێرێک لەوێ ماینەوە، لە ماوەی ئەو کاتەدا، ئەوا باسی زۆر شتی بۆ کردم. بۆ نموونە چۆن خۆی و دایکی بوون بە دروومان دوای ئەوەی باوکی جێیان هێشت بەوەی کە مایەپووچ بووبوو، یاخود چۆن دواتر ماڵیان گواستەوە بۆ ناوچەی وێستمێنستەر، هەروەها بۆی باسی ئەوەش کردم کە لە کاتی پشوویدا چی دەکات، حەزی لە چییە و خەونەکانی چین.

تەنیا ئەو کاتانە قسەم دەکرد کە پرسیارێکی لێ دەکردم، حەزم لە قسەکردن نەبوو، بۆیە زیاتر ئەو دەدوا. دوای ماوەیەک سەیری کاتژمێرەکەم کرد و بینیم کە کاتی ئەوەیە بگەڕێمەوە سەر کارەکەم، بۆیە پێکەوە لەوێ هەستاین و ڕۆیشتینە دەرەوە. بە هۆی ئەوەی کە زۆرم بەلامەوە گرنگ نەبوو، ئەوا ویستم خوداحافیزییەکی ساردی لێ بکەم و بڕۆم، بەڵام شتێک ڕوویدا کە وایکرد ئەمە نەکەم. کە ڕۆیشتینە دەرەوە، ئەوا ڕووی لە من کرد و گوتی: زۆر خۆشحاڵم بووم بە بینینت ماثیو، وە هەر پێت دەڵێم ماثیو، لام گرنگ نییە کە ناوی خۆت گۆڕیوە. هیوادارم جارێکی تر یەکتری ببینینەوە، بۆیە بگرە، ئەمە کارتی منە.

ناو و ناونیشانەکەمی لەسەرە، کەی ویستت، ئەوا سەردانم بکە، بە هاتنت خۆشحاڵ دەبم.

کە کارتەکەی پێدام، ئەوا زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، زەردەخەنەیەک کە لە دڵی دام. نازانم ئەوە چی بوو لەو کاتەدا هەستم پێکرد، شتێکی سەیر بوو. لەپڕ دڵم بە شێوەیەکی توند لێیدا، بەڵام لێدانێکی خراپ نەبوو، بەڵکو لێدانێک بوو کە منی ئاسوودە کرد. دەزانم کە ئەوەی دەیبیستن شتێکی سەیرە، بەڵام هەستم بەوە کرد. کە زەردەخەنەکەیم بینی، ئەوا شتێک لە مندا گۆڕا، بۆیە هەر کە کارتەکەم لێ وەرگرت، ئەوا بۆ یەکەمین جار بە ڕوویەکی گەشەوە گوتم: پێت چۆنە بۆ حەفتەی داهاتوو پێکەوە بچینە دەرەوە؟ ڕێستنۆرانتێک پێ دەزانم کە خواردنی خۆش پێشکەش دەکات.

کە گوێی لەمە بوو، ئەوا ڕوومەتی سوور هەڵگەڕا و گوتی: مەبەستت ئەوەیە کە پێکەوە بۆ ژووانێک بچینە دەرەوە؟

منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: بەڵێ، ئەگەر بۆت ئاسایی بێت. بەڵام ئەگەر حەز ناکەیت یان ناتوانیت، ئەوا...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم کە لەپڕ گوتی: بەڵێ، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر پێکەوە بچینە دەرەوە!

منیش گوتم: زۆرباشە، کەوایە کاتەکەمان بۆ حەفتەی داهاتوویە.

بەم شێوەیە کاتەکەمان دیاری کرد و دواتر خوداحافیزیمان لە یەکتری کرد.

دوای ئەو ڕووداوەی بەسەرمدا هات، ئەوا ئارەزووم بۆ ئافرەت نەما، بەڵکو هەر بێزیشم لەو بیرۆکەیە دەکردەوە کە حەزم بە یەکێک بێت. بەڵام ئەو ڕۆژەی کە

**زەردەخەنەکەی (لوسی)م بینی، ئەوا هەموو شتێک گۆڕا. هەستم بە نوێ بوونەوە کرد، هەستم کرد کە دووبارە چێژی ژیانم بۆ گەڕاوەتەوە.**

**دوای حەفتەیەک وەکو بڕیاردرا، ئەوا بەدوایدا ڕۆیشتم و ڕۆیشتینە دەرەوە، هەر لە یەکەم ژووانەوە کەوتینە داوی خۆشەویستی یەکترەوە و بووین بە خۆشەویستی یەکتری. نزیکەی شەش مانگ هەر بەم شێوەیە ماینەوە تاکو لە کۆتاییدا لە ئێوارەیەکی دڵڕفێندا کەوتمە سەر ئەژنۆیەکم و ئەڵقەی هاوسەرگیریم پێشکەش کرد، بەڵێنم پێدا کە تاکو لە ژیاندا ماوین خۆشم بوێت و ئاگام لێی بێت. کە بینی داوای هاوسەرگیری لێ دەکەم، ئەوا چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسکی خۆشی، دواتر ئەڵقەکەی قبووڵ کرد و بۆم لە پەنجە کرد.**

**وامان دانابوو کە هەر بۆ ڕۆژی دواتر لە کڵێسایەکی نزیک هاوسەرگیری بکەین، بەڵام بۆ ئەو شەوەیان دایکی لوسی بە دەردێکی لەپڕ و نادیار کۆچی دوایی کرد، بۆ ڕۆژی دواتر ناشتمان و ماتەمینیمان بۆ ڕێکخست. ماوەیەکی زۆری پێچوو تاکو لوسی گەڕایەوە سەر باری ئاسایی خۆی، بەڵام کە گەڕایەوە سەر خۆی و خەمەکانی کەم بوونەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ و بێ بانگێشت کردنی هیچ کەسێک لە بەردەم قەشەیەک هاوسەرگیریمان کرد. لەو ڕۆژەوە بڕیارم دا کە ژیانم تەنیا بۆ دڵخۆشکردنی ئەو تەرخان بکەم، بۆیە بەڵێنم بە خۆم دا کە دوای تۆڵەسەندنەوە لە جێنفر و دووانەکەی تر، ئەوا کۆتایی بە هەموو شتێک بهێنم.**

# بەشی پێنجەم

## 31ی ئابی 1888ز

**ماوەی ساڵەها بوو خەونم بەم ڕۆژەوە دەبینی، لە کۆتاییدا پێی گەیشتم، لە کۆتاییدا بەم ڕۆژە گەیشتم کە تێیدا تۆڵە لەوان دەکەمەوە کە ئازاریان داوم.**

**چەند ساڵێک پاش مەشقەکەم دەمتوانی تۆڵەی خۆم بکەمەوە، بەڵام دکتۆر جۆن ڕێگری لێ کردم، هەمیشە پێی دەگوتم کە سەرەتا پێویستە ئامادەبم. قسەکەی درووست بوو بەوەی کە ئەو کات ئامادە نەبووم، تەنانەت دوای مردنیشی هەر ئامادە نەبووم. بەڵام ئێستا... ئێستا ئامادەم.**

**ماوەی چەند ڕۆژێک بوو لوسی "لەندەن"ی جێهێشتبوو، ڕۆیشتبوو بۆ یۆرکشایر تاکو سەردانی هاوڕێیەکی بکات.**

**ئەمە هەلێکی باش بوو، بۆیە هەلەکەم قۆزتەوە و سوودم لە نەبوونی ئەو لە ماڵەوە بینی.**

**ڕۆژێکیان ڕۆیشتم بۆ وایت چاپڵ تاکو شوێنی دوو کچەکە بدۆزمەوە، بۆیە ڕۆیشتم بۆ لای تاکە کەسێک کە بە شوێنی ئەوان دەزانێت، جێنفر.**

**وامزانی کە بە ڕۆیشتنم بۆ وایت چاپڵ، ئەوا هیچ هەستێکی دیاریکراوم نابێت، بەڵام هەڵە بووم. کە بەو شەقامانەدا ڕۆیشتم کە بە منداڵی پێیاندا دەڕۆیشتم، ئەوا جۆرەها شتم بیر هاتەوە. لەگەڵ هەر یادەوەرییەکیش، ئەوا هەستێکم بۆ درووست دەبوو. دڵتەنگی، دڵخۆشی، توڕەیی، هتد.**

**کە لە ماڵە کۆنەکەمان نزیک بوومەوە، ئەوا ئەو گۆڕەپانە کۆنەم بینی کە بە منداڵی هەمیشە یاریم تێدا دەکرد، بیرم دێت کە کاتێک نیوەڕۆ دادەهات، ئەوا دایکم بە توڕەییەوە دەهاتەوە دەرەوە و بانگی دەکردمەوە بۆ ژوورەوە. کە بەقسەم نەدەکرد و هەر بەردەوام دەبووم لە یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانی تر،**

ئەوا دەهات و بە گوێ ڕاکێشانەوە دەیبردمە ژوورەوە، منداڵەکان کە ئەوەیان دەبینی، ئەوا هەمیشە پێدەکەنین.

نەمویست زۆر نزیک ببمەوە، بۆیە لە سووچێک لەسەر کورسییەک دانیشتم و چاوەڕێم کرد. نزیکەی نیو کاژێر لەوێ دانیشتم، دواتر بینیم یەکێک هاتە دەرەوە. ئەوەی هاتە دەرەوە جێنفر بوو، ئای کە چەندە گۆڕابوو. هەرچەندە تەمەنی لە ڕاستیدا 33 ساڵ بوو، بەڵام زۆر پیرتر دەردەکەوت. کە ئەوم بینی، ئەوا هەستم بە لێدانێکی توندی دڵم کرد، بە شێوەیەکی وەها توند لێیدا کە خەریک بوو لە سینگم بێتە دەرەوە. هۆکاری ئەم لێدانەش ڕق بوو، ڕقێک کە وایکرد بە بینینی خوێنم بکوڵێت. بە ئەستەم توانیم کۆنترۆڵی خۆم بکەم، بە ئەستەم توانیم ڕێگری لە خۆم بکەم کە هەر لە شوێنی خۆی پارچە پارچەی نەکەم.

دوای ئەوەی کە مەودایەک دوورکەوتەوە، ئەوا بەدوای کەوتم. دوای نزیکەی پێنج خوولەک لە ڕۆیشتن، ئەوا بە شەقامێکدا سووڕایەوە، دواتر ڕۆیشتە ناو دارشتەیەک و لای دوو ئافرەت وەستا. لێیان نزیک بوومەوە تاکو ڕووخساریان باشتر ببینم و ببشبیستم کە باسی چی دەکەن، بۆیە لە سووچی ڕاستی دارشتەکەوە وەستام و چاودێریم کردن. بۆ ماوەی پازدە خوولەک هەرسێکیان لەوێ وەستان و قسەیان کرد، لە ماوەی ئەو کاتەدا باش لێیان وردبوومەوە تاکو بزانم ئەوانە کێن کە جێنفر وا قسەیان لەگەڵدا دەکات. ئەوەم نەناسییەوە کە لە لای ڕاستییەوە وەستابوو، بەڵام ئەوەی ترم ناسییەوە، هێشتا پاش ئەو هەموو ساڵە ڕووخساریم بیر مابوو. ئەوە ئەو کچە بوو کە شەوی ڕووداوەکە پێش لەهۆش چوونم هاتە پێشم، کۆتا کەسێک بوو کە پێش لەهۆش چوونم ڕووخساری ببینم. کە ئەوم ناسییەوە، ئەوا گومانێکی بەهێزم هەبوو کە ئەوەی تریان کچی سێیەم بوو، ئەو کچەی کە ئەو شەوە لەگەڵیان بوو. لە کاتێکدا کە

سەیرم دەکردن و لە شوێنی خۆیان پێدەکەنین، ئەوا دووچاری تووڕەییەک بوومەوە کە وایکرد سەرم بێشێت، بە ڕاددەیەک تووڕە بووبووم کە بۆ ساتێک خەریک بوو کۆنترۆڵی خۆم لەدەست بدەم. کە هەنگاوێک ڕۆیشتمە پێشەوە، ئەوا لەپڕ قسەیەکی دکتۆر (جۆن)م بیرهاتەوە کە بریتی بوو لەمە: هەر کاتێک تووڕە بوویت ماثیو، ئەوە هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشە، دواتر بیر لەوە بکەوە کە تووڕەییەکەت چ زیانێکت پێدەگەیەنێت. کە ئەمانەت ئەنجام دا، ئەوا ڕاستەوخۆ هەنگاوێک بکشێوە دواوە و دواتر دووبارە هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشەوە.

کە هەموو ئەمانەم ئەنجام دا، ئەوا خۆم کۆنترۆڵ کردەوە و هێور بوومەوە.

دوای ئەوەی کە لە قسەکانیان تەواو بوون، ئەوا خوداحافیزیان لە یەکتری کرد و هەر یەکەیان بە ئاڕاستەی جیاواز بەڕێکەوتن. بە هۆی ئەوەی کە دەمزانی جێنفر لە کوێ نێشتەجێیە، ئەوا سەرنجم خستە سەر دووانەکەی تر. بە هۆی ئەوەی کە بە دوو ئاڕاستەی پێچەوانە بەڕێکەوتن، ئەوا ناچار بووم کە تەنیا بەدوای یەکێکیان بکەوم، بۆیە ئەوەم هەڵبژارد کە ڕووخسارەکەیم بیر بوو. ئەم جارە ئەمەیان نزیکەی نیو کاژێری پێچوو تاکو گەیشتە بەردەم شوقەکەی، شوێنی نیشتەجێبوونەکەی بەو ڕاددەیە دوور نەبوو، بەڵام لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە زۆر شوێن وەستا. بەهەرحاڵ کە گەیشتەوە، ئەوا بە دەرگای پێشەوەدا ڕۆیشتە ژوورەوە، دواتر بینیم بەسەر پلیکانەدا سەرکەوتوو و بەرەو شوقەکەی بەڕێکەوت.

لە کاتێکدا کە لە دەرەوە وەستابووم، ئەوا ویستم زانیاری زیاتری لەسەر بەدەست بهێنم.

کوڕێکی بچووکم بینی کە لە نزیک ئەوێ یاری دەکرد، ڕۆیشتمە لای و پرسیم: بچکۆل، ئایا ئەو ئافرەتە دەناسیت کە ئێستا ڕۆیشتە ناو ئەو خانووەوە؟

ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی: نازانم، لەوانەیە.

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا زانیم کە دەیەوێت شتێکی لە بەرامبەردا پێ بدەم، ئای کە منداڵی ئەم سەردەمە چەندە زۆرزانن. بەهەرحاڵ دواتر پاوەندێکم پێدا، کە پارەکەی وەرگرت، ئەوا لە گیرفانی هاویشت و دواتر گوتی: ناوی (ماری ئان نیکۆلز)ە، چەند ساڵێکە لەو خانووەدا وەکو کرێچییەک نیشتەجێیە. دایکم هەمیشە ئاگادارم دەکاتەوە کە لێی نزیک نەبمەوە، هەرچەندە پێم ناڵێت بۆچی، بەڵام هۆکارەکەی دەزانم.

کە گوێم لەمە بوو، ئەوا برۆیەکانم بەرز کردنەوە و پرسیم: هۆکارەکەی چییە؟

ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: بە هۆی ئەوەی کە تەمەنێکی بچووکم هەیە، ئەوا هەمووان وا ڕەفتارم لەگەڵدا دەکەن کە کوڕێکی نەفام و ساویلکەم، بەڵام هەمووان هەڵەن، بە تایبەتی دایکم. هۆکاری ئەو ئاگادارییەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئافرەتە لەشفرۆشە. زۆربەی شەوان پیاوان لەگەڵ خۆیدا دەباتە شوقەکەی، بەیانیانیش کە دێنە دەرەوە، ئەوا لای دەرگایەکە پارەی بەسەربردنی شەوەکەیان لێ وەردەگرێت.

کە گوێبیستی ئەم قسانەی بووم، ئەوا سەرسامی بووم بەوەی کە لە تەمەنێکی وەها بچووکدا هەست بەو هەموو شتانە دەکات، بەڕاستی کوڕێکی ناوازە بوو.

بەڵام ئەوە تاکە شتێک نەبوو کە سەرنجی ڕاکێشام، بەڵکو خودی زانیارییەکەش سەرنجی ڕاکێشام، یاخود وردتر بڵێم بیرۆکەیەکی پێ بەخشیم.

پێش ئەوەی جێی بهێڵم، ئەوا سوپاسم کرد و پاوەندێکی تریشم پێدا، دواتر ڕۆیشتم و ئەویش دووبارە گەڕایەوە سەر یارییەکەی.

تاکو شەو لە شەقامەکەدا مامەوە، کە دونیاش تاریک بوو، ئەوا دەستم بە جووڵە کرد. ڕۆیشتمە بەردەم دەرگای خانووەکە، دەستگری دەرگایەکەم سووڕاند تاکو بزانم کراوەیە یان نا، بۆ خۆشبەختیم، ئەوا دەرگایەکە قوفڵ نەدرابوو. کە دەستگرەکەم سووڕاند و دەرگایەکەم کردەوە، ئەوا ڕۆیشتمە ژوورەوە.
ڕێڕەوێکی درێژم بینی کە بە لای ڕاستدا چوار دەرگا هەبوون، هەر یەکێکیان هی شوقەیەک بوو. بە لای چەپیشدا ژوورێک هەبوو کە لە ژووری پاسەوانی خانووەکە دەچوو، وە لە سەروو ژوورەکەش پلیکانەیەک هەبوو کە بەرەو نهۆمی سەرەوەی دەچوو. نەمویست هیچ کەسێک دەنگی پێیەکانم ببیستێت، بۆیە بە سەرە پەنجەکانم لە پلیکانەکان نزیک بوومەوە و دواتر سەرکەوتم. لە کاتێکدا کە بەسەر پلیکانەکاندا دەڕۆیشتم، ئەوا گوێم لە دەنگی کردنەوەی دەرگایەک بوو. ئافرەتێکی پیر هاتە دەرەوە و سەیری کردم، بە هۆی ئەوەی کە پشتم تێکردبوو، ئەوا ڕووخساری نەبینیم. زۆری پێ نەچوو کە بانگی کردم و گوتی: بەڕێزم، ببوورە کە ئەمە دەپرسم، بەڵام ئەمە ئەرکی منە وەکو خاوەنی ئێرە. لێرە چ کارێکت هەیە و بۆ کوێ دەڕۆیت؟

لە کاتێکدا کە هێشتا پشتم تێیکردبوو، ئەوا گوتم: کارم بە خاتوو (ماری ئان نیکۆلز)، ئایا کێشەیەک هەیە؟

کە گوێی لەمە بوو، ئەوا بە دەنگێکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی: ئەها، کەوایە تۆ کڕیاری ئەمشەوی ئەویت.

**وەڵامم نەدایەوە و دووبارە بەڕێکەوتمەوە، دواتر ئەویش ڕۆیشتەوە ژوورەوە. کە گەیشتمە نهۆمی سەرەوە، ئەوا چوار دەرگای تریشم بینین، نەمزانی کامیان شوقەکەیەتی، بۆیە لە دەرگای شوقەی ژمارە پێنجم دا کە لێمەوە نزیک بوو و دواتر یەکێک هاتە دەرەوە. پێش ئەوەی بێتە دەرەوە، ئەوا سەرم دانواند و کڵاوەکەم زیاتر هێنایە خوارەوە تاکو ڕووخسارم نەبینێت. ئەوەی بینیم ئافرەتێک بوو کە منداڵێکی بچووکی یەک ساڵەی لە باوەشدا بوو، سڵاوم لێکرد و دەربارەی شوقەی (ماری ئان نیکۆلز)م پرسی، کە گوێی لەو ناوە بوو، ئەوا بە چاوێکی سووک سەیری کردم و دواتر گوتی: بڕۆ بۆ شوقەی ژمارە حەوت، لەوێ نیشتەجێیە.**

**دواتر بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەک دەرگایەکەی بە ڕوودا داخستم، ئاشکرا بوو کە هیچ کام لە نیشتەجێبووەکان حەزیان بەو نەدەهات، هۆکاری ئەوەش ئاشکرا بوو.**

**بەهەرحاڵ دواتر ڕۆیشتمە بەر دەرگای شوقەی ژمارە چوار و لە دەرگام دا، زۆری پێ نەچوو گوێم لە دەنگی پێیەکانی بوو کە لە دەرگایەکە نزیک دەبۆوە. ڕاستەوخۆ دەرگایەکەی بۆ نەکردمەوە، بەڵکو لە پشت دەرگایەکە وەستا و گوتی: کێیت و چیت دەوێت؟**

**منیش وەڵامم دایەوە و گوتم: هاوڕێیەکم پێشنیاری تۆی بۆ کردووم، دەیگووت کە تۆ باشترین "خزمەتگوزاری" پێشکەش دەکەیت.**

**کە گوێی لەمە بوو، ئەوا دەرگایەکەی کردەوە، کە منی بینی، ئەوا نەیناسیمەوە. ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو بەوەی ساڵەها بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕی بوو کە کۆتا جار منی بینی بوو.**

بۆ ماوەیەک بە وردی سەیری کردم، دواتر زەردەخەنەیەک کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی: هاوڕێیەکەت ڕاستی فەرمووە، وەرە ژوورەوە.

دواتر ڕۆیشتمە ژوورەوە و ئەویش دەرگایەکەی داخست. کە ڕۆیشتینە ژوورەوە، ئەوا داوای لێ کردم کە لەسەر کورسییەک دانیشم و کڵاوەکەم دانێم، کە ئەمانەم ئەنجامدا، ئەوا گوتی: بۆ هەر کاژێرێک دە پاوەند وەردەگرم، دەزانم کە پارەیەکی زۆرە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە ئەمە باشترین دە پاوەندێک دەبێت کە لە ژیانتدا سەرفت کردبێت. هیچ یاسایەکی دیاریکراوم نییە، بۆیە هەرچی حەزت لێ بوو، ئەوا بۆتی ئەنجام دەدەم. هەرچەندە فزول نیم، بەڵام ئایا ئەمە یەکەم جارتە کە کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدەیت؟ دەبینم کە دەلەرزیت.

ڕاستی دەکرد، دەلەرزیم، بەڵام ئەمە بە هۆی ئەو ڕق و توڕەییەوە بوو کە لەو ساتەدا هەستم پێدەکرد.

وەڵامم دایەوە و گوتم: بەڵێ، یەکەم جارمە.

ئەویش زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: زۆرباشە، کەوایە دەبێت ئەمشەو ببێت بە شەوێک کە هەرگیز لەبیری نەکەیت.

منیش گوتم: هیوادارم.

دواتر دەستی گرتم و بەرەو جێگای خەوەکەی بردم، دانیشتم و ئەویش لەپێشم وەستا. هەنگاوێک دوورکەوتەوە و دواتر بە تەواوی خۆی ڕووت کردەوە. کە ئەمەی ئەنجامدا، ئەوا دووبارە لێم نزیک بۆوە و لە تەنیشتم دانیشت. دواتر دەستی بەرەو سنگمی بەرز کردەوە تاکو کراسەکەم داکەنێت، لە هەمان کاتیشدا لێوەکانی لێ نزیک کردمەوە تاکو ماچێکی ناو دەمم بکات. کە خەریک بوو لێوەکانی بە لێوەکانم بگات، ئەوا کەللەیەکم لە سەریدا و خستمە سەر

زەوی، بە هۆی هێزی کەللەکەمەوە، ئەوا پێشەوەی سەری بریندار بوو و خوێنی لێ ڕژا. نەمهێشت لەسەر زەوی هەستێتەوە کە خێرا ڕۆیشتمە سەری و مستێکم لێدا کە بە هۆیەوە لە شوێنی خۆی بێ هۆش کەوت. دواتر هەڵمگرت و لەسەر جێگایەکەیم دانا، دوای ئەمە دەست و قاچەکانیم بەستەوە، وە دەمیشم بە چەسپێک گرت کە لەگەڵ خۆمدا هێنابووم. دوای نزیکەی سی خوولەک بەهۆش هاتەوە، بۆ ساتێک بە هۆی ئازار و سەرلێشێواوییەوە، ئەوا نەیزانی چی ڕوویداوە و لە کوێیە. دوای ئەوەی کە هزری بۆ گەڕایەوە، ئەوا سەیری دەوروبەری کرد و منی بینی کە لە پێشەوەی جێگایەکەی وەستابووم، دواتر سەیری خۆی کرد و بینی کە دەست و قاچەکانی بەستراونەتەوە. کە ئەمانەی بینی، ئەوا ترس لەسەر ڕووخساری دەرکەوت و ویستی هاوار بکات، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە دەمی بەسترابوو. کە ئەمە سەری نەگرت، ئەوا هەوڵیدا خۆی دەرباز بکات، بەڵام ئەمەشیان سوودی نەبوو بەوەی کە دەست و قاچەکانی بە شێوەیەکی توند بەسترابوونەوە. دوای ماوەیەک لەم کارەی، ئەوا ماندوو کەوت، بۆیە بە بێ دەسەڵاتی و ترسەوە تەنیا سەیری کردم.

پێش ئەوەی دکتۆر جۆن بمرێت، ئەوا بەڵێنم پێدا کە هەرگیز چێژ لە کوشتنی ئامانجەکانم نەبینم، بۆیە ئەم بەڵێنەم پێدا چونکە لەو کاتەدا بەڕاستی لەو بڕوایەدا بووم کە توانستی ئەمەم هەبێت. بەڵام لەو ساتەدا، لەو ساتەدا نەمتوانی بەڵێنەکە جێبەجێ بکەم. بەو ڕاددەیە بەهێز نەبووم کە ڕێگری لە خۆم بکەم، بەو ڕاددەیە بەهێز نەبووم کە بەسەر خۆمدا زاڵ بم.

که بینیم بەو شێوەیە سەیرم دەکات، ئەوا هەستم بە چێژێکی سەیر کرد، ئەوە چێژی زاڵ بوون بوو. که به ڕووتی و بێ دەسەڵاتی لەسەر جێگایەکەم بینی، که فرمێسکی ترسی چاوەکانیم بینی، ئەوا بەشێکی ڕوحم ئاسوودە بوو. بەشێکی ڕوحم ئاسوودە بوو چونکه له کۆتاییدا دەستم به تۆڵەکردنەوە لەوانە کرد که ژیان و بوونی منیان لەناوبردبوو.

هەمیشه دەمبیست که تۆڵەکردنەوە هیچ جۆرە قەرەبوویەک بۆ خاوەنەکەی دەستەبەر ناکات، بەڵام لەو ساتەدا بۆم دەرکەوت که ئەمە چەندە قسەیەکی پووچە بەوەی که هیچ شتێک بە ئەندازەی تۆڵەسەندنەوە ڕوحی مرۆڤ ئاسوودە ناکات!

دوای ئەوەی که بۆ ماوەیەک بە بێدەنگی چێژم لە دیمەنی ئەو بینی، ئەوا لە کۆتاییدا بێدەنگییەکەم شکاند و گوتم: لەوانەیە بپرسیت که من کێم و بۆچی ئەم کارە دەکەم، وایە؟

ئەویش سەری لەقاند و ئاماژەی "بەڵێ"ی دا.

که ئەمەم بینی، ئەوا گوتم: هەوڵبدە ڕووخساری منت بیربێتەوە، باش سەیرم بکە. ئایا هێشتا نامناسیتەوە؟ کەوایە با کار ئاسانییەکت بۆ بکەم. حەوت ساڵ پێش ئێستا شەوێکیان لەگەڵ دوو کچی تر دەستدرێژیتان کردە سەر کوڕێکی هەرزەکار، کوڕێک به ناوی ماثیو هاریگن. ئێستا پێم بڵێ، ئایا ئەمە هیچت بیر دێنێتەوە؟

که ئەمەم گوت، ئەوا چاوەکانی زەق بوون و باوەڕێ بەوە نەکرد که گوێی لێ بوو. بۆ ماوەی خوولەکێکی تەواو بە سەرسامییەوە سەیری کردم، بە شێوەیەک سەیری کردم وەکو ئەوەی خێوێکی بینیبێت.

لە کاتێکدا کە هێشتا بە سەرسامییەوە سەیری دەکردم، ئەوا گوتم: دیارە کە لە کۆتاییدا منت بیرهاتەوە، کەوایە با دەست پێبکەین.

لەگەڵ ئەم قسەیە، ئەوا لێی نزیک بوومەوە و ڕۆیشتمە سەر جێگایەکەی، لەسەر جەستەی ڕووتی دانیشتم و دواتر خەنجەرەکەم دەرهێنا. کە خەنجەرەکەی بینی، ئەوا کەوتە حاڵەتی تۆقینەوە، بە شێوەیەکی وەها توند لە شوێنی خۆی دەجووڵا وەکو ئەوەی هەورە برووسکە لێی دابێت، دەیویست خۆی ڕزگار بکات، بەڵام سوودی نەبوو. دەستی چەپیم لەسەر زگی دانا، دواتر بۆ لای خوارووی سنگییەوە درێژم کردەوە تاکو پەستانی بخەمە سەر و لە شوێنی خۆی جێگیر بکەم، دواتر بە دەستی ڕاستم خەنجەرەکەم لە زگی نزیک کردەوە و تیغەکەیم ئاڕاستەی ناوکی کرد. بۆ ساتێک چاوەکانم داخستن و هەناسەیەکی قووڵم هەڵمژی، بۆیە ئەمەم کرد تاکو چێژ لە ساتەکە ببینم. دواتر چاوەکانم کردنەوە و تیغی خەنجەرەکەم خستە قووڵایی زگییەوە. لە کاتێکدا تیغەکە بە هێواشی دەڕۆیشتە ناوەوە، ئەوا بە هۆی ئازارەوە دەیویست هاوار بکات، بەڵام نەیدەتوانی، ئەمەش ئازارەکەی زیاتر کرد، ئەمەش چێژی زیاتری پێ بەخشیم. دواتر ئاڕاستەی تیغەکەم گۆڕی و بەرەو سەرەوەم برد، بەرەو سنگی. بە هێواشی لە زگییەوە تاکو خوارووی سنگی، ئەوا ناوەوەیم هەموو هەڵدڕی.

بەڵام هەر بەمەندە نەوەستام، بەڵکو ویستم ئازاری زیاتریش بچێژێت. بۆیە لەسەر جێگایەکە هەستام و لە لای سەرییەوە نزیک بوومەوە، خەنجەرەکەم خستە ژێر قورگی و بە هێواشی بڕیم. بە شێوەیەک خوێن لە قورگییەوە دەڕژا کە وەکو ئەوە وابوو کانیاوێک تەقیبێتەوە، کانیاوێکی سووری تۆخ.

زۆری پێ نەچوو کە بە هۆی برینی قووڵ و خوێن ڕژانی زۆرەوە گیانی لەدەستدا. دوای ئەوەی کە بینیم مردووە، ئەوا زانیم کە کاتی ئەوەیە لەوێ

بڕۆم. نەمویست بە پلیکانەکاندا بڕۆمە خوارەوە و لە ڕێگەی دەرگای سەرەکییەوە بڕۆمە دەرەوە چونکە ئەگەری هەبوو کەسێک ڕووخسارم ببینێت، بۆیە ڕۆیشتمە لای پەنجەرەیەک کە ڕووی لە دەرەوە بوو و کردمەوە. کە سەیری خوارەوەم کرد، ئەوا بۆ ساتێک لە شوێنی خۆم وەستام. مەودای نێوان پەنجەرە و زەوی دەرەوە بەرزاییەکی ترسێنەر بوو، ئەمە وایکرد دووبارە بەو بڕیارەمدا بچمەوە. بەڵام لە کۆتاییدا هەر ئەنجامم دا، کە بازم دا و کەوتمە سەر زەوییەکە، ئەوا خەریک بوو قاچم بشکێت، ئازارێکی زۆرم پێگەیشت. دواتر بە قاچێکی بریندارەوە لەوێ ڕۆیشتم، نزیکەی پێنج شەقامم بەو حاڵەوە تێپەڕاند تاکو لە کۆتاییدا گالیسکەیەکم ڕاگرت، دواتر سەرکەوتم و بەرەو ماڵەوە گەڕامەوە. کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا یەکەم کارێک ئەنجامم دا بریتی بوو لە تیمارکردنی قاچم، دوای ئەوەی کە ئەمەم ئەنجامدا، ئەوا ڕۆیشتمە شۆرگەکە و بە ئاوێکی گەرم خۆش شرد. دواتر ڕۆیشتمە سەرەوە و ڕاکشامە سەر جێگایەکەم، زۆرم هەوڵدا بخەوم، بەڵام نەمتوانی. بیرۆکەی کوشتنی ئەو مێشکی داگیر کردبووم، بەڵام بە شێوەیەکی خراپ نا، نەخێر. بەڵکو بە شێوەیەک مێشکی دایگر کردبووم کە بە هۆیەوە نەمدەتوانی لە زەردەخەنەکردن بوەستم، بە ڕاددەیەک دڵخۆش کەوتبووم کە نەمدەتوانی بخەوم. دواتر لەپڕ گوێم لە شتێک بوو، گوێم لە دەنگێک بوو، دەنگێک کە دەیگوت: هێشتا هیتر تر ماون، بۆیە وا خێرا ئاهەنگ مەگێڕە.

ئەوە دەنگی ناخم بوو، ئەوە دەنگی ناخم بوو کە منی هێنایەوە سەر خۆم و ئەوانی تری بیر هێنامەوە.

دوای ئەمە بیرۆکەی دڵخۆش بوون لە مێشکم ڕۆیشتە دەرەوە و زەردەخەنە لێوەکانمی جێهێشت، دواتر دووبارە لەسەر جێگایەکەم ڕاکشامەوە و پاش ماوەیەک خەوم لێکەوت.

بۆ بەیانی دواتر کە لە خەو هەستام، ئەوا سەیری قاچم کرد تاکو بزانم برینەکەی چۆنە، کە سەیرم کرد شتێکی وەها نییە، ئەوا ئاسوودە بووم. دوای ئەمە جلوبەرگەکەم پۆشی و ڕۆیشتمە خوارەوە، نانی بەیانیم خوارد و دواتر بەرەو نووسینگەکە بەڕێکەوتم. کە گەیشتمە نووسینگەکە و لەسەر مێزی کارکردنم دانیشتم، ئەوا ڕاستەوخۆ بەڕێوبەرەکەم بانگی کردم، بۆیە ڕۆیشتمە ژوورەکەی و دواتر لەسەر کورسییەک دانیشتم. کە دانیشتم، ئەوا گوتی: ئەم بەیانییە پۆلیس لاشەی ئافرەتێکیان دۆزیوەتەوە بە ناوی ماری ئان نیکۆلز، دەڵێن کە بە شێوەیەکی توندڕەو کوژراوە. ئەمە هەواڵێکە کە سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشێت، بۆیە پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووسی نووسینگەکانی تر دەستیان بەم هەواڵە بگات، ئەوا دەمەوێت خێرا بەرەو ناوچەی وایت چاپڵ بەڕێکەویت و لێکۆڵینەوەکانت ئەنجام بدەیت، دەمەوێت بابەتێکی باش لەسەر ئەمە ئامادە بکەیت.

کە گوێم لەوە بوو، ئەوا بۆ ساتێک تاسام، چۆن دەکرێت وا خێرا لاشەکەیان دۆزیبێتەوە؟!

نەوەکو هەر ئەمە، بەڵکو دەبوایە دووبارە بڕۆمەوە بۆ ئەوێ و بابەتێکی لەسەری بنووسم!

نەمدەویست بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، ئەوە مەترسیدار بوو. بۆیە داوام لێ کرد کە یەکێکی تر بنێرێت، بۆیە گوتم کە ناتوانم. بەڕێوبەرەکەم ئەوەی بەدڵ نەبوو کە بیستی، بۆیە گوتی: تۆ باشترین ڕۆژنامەنووسی منیت، هەر دەبێت تۆ بچیت، ئەمە بڕیاری کۆتاییمە!

کە گوێبیستی ئەوە بووم، ئەوا ناچار بووم فەرمانەکەی جێبەجێ بکەم، بۆیە بە نا بە دڵییەکی زۆرەوە دووبارە بەرەو ناوچەی وایت چاپڵ بەڕێکەوتمەوە.

کە گەیشتمەوە ئەو شەقامەی شەوی ڕابردوو لێی بووم، ئەوا هەستم بە نیگەرانییەکی زۆر کرد، لەوە دەترسام یەکێک گومانم لێ بکات یاخود بمناسنەوە. لە کاتێکدا کە ئەم بیرۆکانە مێشکیان داگیر کردبووم، ئەوا گەیشتمە لای خانووەکە. کە لەوێ نزیک بوومەوە، ئەوا دوو لە پاسەوانەکان کە لای دەرگایەکە وەستابوون داوایان کرد بکشێمەوە دواوە، بەڵام هەر کە ناسنامەی ڕۆژنامەنووسیم نیشان دان، ئەوا ڕێگەیان پێدام بڕۆمە ژوورەوە. یەکەم کەسێک کە لە ژوورەوە بینیم خاوەنماڵەکە بوو، ئەو ئافرەتەی کە دوێنێ شەو قسەم لەگەڵدا کرد. ترسام کە بمناسێتەوە، بەڵام کە ئاوڕی دایەوە و سەیری ڕووخساری کردم، ئەوا هیچ هەستێکی دیاریکراوی نەنواند، منی نەناسییەوە. کە ئەوەم بینی، ئەوا زۆر دڵخۆش بووم. دواتر ڕۆیشتمە نهۆمی سەرەوە و قسەم لەگەڵ دانیشتووەکاندا کرد تاکو وتەکانیان تۆمار بکەم، تەنانەت قسەم لەگەڵ ئەو ئافرەتەشدا کرد کە شەوی ڕابردوو شوقەکەی ماری نیشاندام. بۆ خۆشبەختیم، ئەوا ئەویش نەیناسیمەوە.

دواتر ئەویشم جێهێشت و لە شوقەکە نزیک بوومەوە، پاسەوانێک لە لای دەرگایەکە وەستابوو، ناسنامەکەم نیشاندا و ڕێگای پێدام بڕۆمە ژوورەوە. کە ڕۆیشتمە ژوورەوە، ئەوا چوار پۆلیسم بینین کە ژوورەکەیان دەپشکنی، دواتر یەکێکی تریشم بینی کە دیار بوو لێکۆڵەری بەرپرس بوو، خێرا ناسیمەوە، ئەوە تۆماس ڕوسۆ بوو. لە ڕابردوودا چەند جارێک چاومان بە یەکتری کەوتبوو، لە ڕاستیدا جارێکیان لە دۆسیەیەکیشدا یارمەتیم دا. کە منی بینی، ئەوا بە ڕوویەکی خۆشەوە گوتی: جەیمز، دەمزانی کە بەمزووانە لێرە دەتبینم ! ئێوەی ڕۆژنامەنووس هەرگیز هەلێکی لەم شێوەیە لەدەست نادەن، بەهەرحاڵ، بەخێربێیت.

بۆ ساتێک لە قسەکردن وەستا و دواتر دەستی پێکردەوە، ئەم جارەیان گوتی: خۆزگە لە بارودۆخێکی باشتردا چاومان بە یەکتری دەکەوت، بەڵام بۆ بەدبەختیمان من و تۆ تەنیا لەم جۆرە کاتانەدا یەکتری دەبینین. وەرە، با کوژراوەکەت نیشان بدەم.

بەدوای کەوتم و دواتر لای لاشە مردووەکە وەستاین.

زۆری پێ نەچوو کە دووبارە دەمی کردەوە و گوتی: وەکو دەبینیت کە ئەمە دۆسیەیەکی ئاسایی نییە، قوربانییەکە بە شێوەیەکی قێزەون کوژراوە.

وا خۆم دەرخست کە دیمەنی لاشەکە تێکی دام و دواتر گوتم: دەبێت چ دڕندەیەک ئەم کارەی ئەنجام دەبێت؟

ئەویش گوتی: هەر کەسێک بێت، ئەوا بڕوام وایە کە بە ئەستەم دەتوانین بیدۆزینەوە و قۆڵبەستی بکەین. هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە نییە کە ناسنامەی بکووژەکە دەربخات، جگە لەوە نەبێت کە خاوەن ماڵ و ئافرەتێک گوتیان کە شەوی ڕابردوو پیاوێکیان بینی دەربارەی شوقەی قوربانییەکەی دەپرسی، هەڵبەتە کە دەڵێم بینین، ئەوا تەنیا جلوبەرگی دەرەوەیان بینی بوو، ڕووخساریان نەبینی بوو، ئەمەش خۆی هیچی وامان بۆ دەرناخات.

کە گوێبیستی ئەمانە بووم، ئەوا زیاتر دڵخۆش بووم، هیچ بەڵگەیەک لە دژم بوونی نەبوو!

پاش ئەمە قسەی زیاترمان کرد و وتەکانیم تۆمار کردن، دواتر خوداحافیزیم لێ کرد و بەرەو دەرەوە بەڕێکەوتم.

کە لە دەرگای دەرەوە نزیک بوومەوە، ئەوا یەکێکم بینی کە لەو ساتەدا چاوەڕێی بینینیم نەدەکرد، ئەو کچەم بینی کە ئەو ڕۆژە قسەی لەگەڵ جێنفر و (ماری)دا

دەکرد، کچی سێیەم. لە دەرەوە لای پاسەوانەکان وەستابوو، بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە داوای دەکرد کە ڕێگەی پێ بدەن بچێتە ژوورەوە، بەڵام پاسەوانەکان ڕێگەیان پێ نەدا، بە هۆی ئەمە بێ هیوایی دایگرت و لەوێ ڕۆیشت. ئەمە هەلێک بوو کە دووبارە بوونەوەی نەبوو، بۆیە بەدوای کەوتم و دواتر بانگم کرد. گومانێکی بەهێزم هەبوو کە ئەویش منی بیر نییە، بۆیە بانگم کرد. کە ئاوڕی دایەوە، ئەوا لە شوێنی خۆی وەستا، ڕۆیشتمە لای و دواتر گوتم: سڵاو، ناوم (جەیمز کۆرماک)ە، ڕۆژنامەنووسێکم لە نووسینگەی "لەندەن دەیلی نوز". ئایا دەتوانم هەندێک پرسیارت ئاڕاستە بکەم؟

وەڵامی دامەوە و گوتی: بەڵێ، فەرموو.

دوای ئەمە دەستم بە قسەکردن کردەوە و گوتم: هاتووم تاکو بابەتێک لەسەر مەرگی خاتوو ماری ئامادە بکەم. کە دەهاتمە دەرەوە، ئەوا تێبینیم کرد کە لای پاسەوانەکان وەستابوویت و فرمێسکت دەڕشت، ئایا خاتوو (ماری)ت دەناسی؟

ئەویش وەڵامی دامەوە و گوتی: بەڵێ، هاوڕێی منداڵیم بوو.

دواتر گوتم: ئایا دەبێت هیچ هۆکارێک بۆ مەرگی ئەو هەبێت خاتوو...؟ ببوورە، ناوتم نەزانیت.

وەڵامی دامەوە و گوتی: ئانی، ئانی چاپمن. وە نەخێر، نازانم ئەو هۆکارە چییە کە وا لە یەکێک دەکات بەو شێوەیە کۆتایی بە ژیانی ئەو بهێنێت.

دواتر فرمێسکی ڕشت، کە ئەمەم بینی، ئەوا کلێنسێکم پێدا تاکو فرمێسکەکانی بسڕێتەوە. دوای ئەمە گوتم: هەر کەسێک بێت، ئەوا دڵنیابە کە بەمزووانە قۆڵبەست دەکرێت.

دوای ئەمە خوداحافیزیم لێ کرد و جێمهێشت، بەڵام زۆر دوور نەکەوتمەوە بەوەی کە دواتر تاکو بەردەمی ماڵەکەی بەدوای کەوتم. کە شوێنی ئەویشم زانی، ئەوا دواتر گەڕامەوە و بەرەو نووسینگەکە بەڕێکەوتمەوە.

تەواوی ڕۆژەکەم لە ئامادەکردنی بابەتەکەدا بەسەر برد، کە تەواوم کرد، ئەوا ڕادەستی بەڕێوبەرەکەم کرد، زۆری بەدڵ بوو. دوای ئەمە ئەوم جێمهێشت و لە نووسینگەکە ڕۆیشتمە دەرەوە، بە هۆی ئەوەی کە درەنگانی شەو بوو، ئەوا گالیسکەیەکم ڕاگرت و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتم. کە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ بەرەو ژوورەکەم بەڕێکەوتم، دەرگایەکەم کردەوە و دواتر تووشی نشکێکی (سوپرایز) خۆش بووم. (لوسی)م بینی کە بە نیمچە ڕووتی لەسەر جێگای خەوەکە ڕاکشابوو، دیار بوو کە ماوەیەک دەبوو چاوەڕێی دەکردم. کە منی بینی، ئەوا بە هێواشی هەستا و لێم نزیک بۆوە. دواتر گوتم: ئازیزەکەم، ئەوەی کەی...

نەیهێشت پرسیارەکەم تەواو بکەم کە پەنجەی لەسەر دەمی دانام و گوتی: شششش، بێدەنگبە و تەنیا وەرە لام!

لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا بە دەستەکانی هەردوو ئێقەکانی گرتم و لە خۆی نزیک کردمەوە، لێوەکانی بەر لێوەکانم کەوتن و بۆ ماوەی چەند چرکەیەکی دوور و درێژ بە شێوەیەکی توند ماچی ناو دەمی کردم. دواتر دەستی بۆ لای سنگمی نزم کردەوە و دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانم، لە کاتێکدا کە ئەمەی ئەنجام دەدا، ئەوا بۆ لای سەرجێیەکە ڕایکێشام و...

پێویست ناکات ئەمە تەواو بکەم بەوەی دڵنیام دەتوانن خەیاڵی ئەوە بکەن کە دواتر چی ڕوویدا.

# بەشی شەشەم

## 8ی ئەیلوولی 1888ز

ئەو شەوە یەکەم جار بوو کە درۆ لەگەڵ (لوسی)دا بکەم، بەمە زۆر ناڕەحەت بووم بەوەی کە هەمیشە لەگەڵ ئەودا ڕاستگۆ بووم. هەرچەندە پێی ناڕەحەت بووم، بەڵام پێویست بوو. ئەو شەوە لوسی ویستی بڕۆینە دەرەوە و لە دەرەوە نان بخۆین، بەڵام من پلانێکی ترم هەبوو، بۆیە پێم گوت کە ئەو شەوە لە نووسینگەکە کارم هەیە و بۆم ناکرێت. لوسی کە ئەمەی بیست، ئەوا کەمێک دڵتەنگ بوو، بەڵام دڵتەنگییەکەی زۆری نەخایاند بەوەی کە دواتر گوتی: کێشە نییە ئازیزەکەم، با بۆ شەوێکی تر بێت. هەرچەندە حەز ناکەم بە شەوانە کار بکەیت، بەڵام چار نییە، پێویستە ئەوە ئەنجام بدەیت کە بەڕێوبەرەکەت لێت داوا دەکات. دەرەوە ساردە، بۆیە باش خۆت داپۆشە و وریای خۆتبە.

دوای ئەم قسانە، ئەوا خۆم ئامادەکرد و دواتر ڕۆیشتمە دەرەوە. دوای ئەوەی کە گەیشتمە سەر شەقامەکە، ئەوا گالیسکەیەکم ڕاگرت و بەرەو وایت چاپڵ بەڕێکەوتم.

دوای ئەوەی کە گالیسکەکە گەیشتە شوێنی مەبەست، ئەوا دابەزیم و دواتر کرێیەکەم بە شۆفێرەکە دا. نزیکەی خوولەکێک بە پێی ڕۆیشتم تاکو گەیشتمە سووچی ئەو شەقامەی کە ئانی چاپمن تێیدا دەژیا. بۆ ماوەیەک لەوێ وەستام و چاودێری شوێنەکەم کرد، هەرچەندە شەقامەکە قەرەباڵغ نەبوو، بەڵام هێشتا کۆمەڵە خەڵکێک بەوێدا دەڕۆیشتن، بۆیە لە شوێنی خۆم مامەوە تاکو لە کۆتاییدا شەقامەکە چۆڵ بوو. کە بینیم چۆڵە، ئەوا لە خانووەکە نزیک بوومەوە، کە نیوەی مەودایەکەم بڕی، ئەوا لەپڕ بینیم کە ئانی وا دێتە دەرەوە. بۆیە خێرا کشامەوە دواوە و دووبارە گەڕامەوە بۆ لای سووچەکە. هەرچەندە جگە لەو

**دووانەمان هیچ کەسێکی تر لەسەر شەقامەکە نەبوو، بەڵام هێشتا جێی مەترسی بوو کە لە شوێنێکی کراوە هێرشی بکەمە سەر، بۆیە تەنیا چاودێریم کرد. دوای چەند چرکەیەک لە هاتنە دەرەوەی، ئەوا بینیم کە بەرەو شوێنێک دەڕوات، بۆیە بەدوای کەوتم.**

**چەند شەقامێکی بڕی تاکو لە کۆتاییدا گەیشتە ڕێستۆرانتێکی بچووک، دواتر ڕۆیشتە ناوییەوە و دیار نەما، ئاشکرابوو کە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکدا ڕۆیشتبووە ئەوێ.**

**نەڕۆیشتمە ژوورەوە بەوەی کە ئەگەر منی بینیبا، ئەوا هەموو شتێک تێک دەچوو، بۆیە لە دەرەوە وەستام و چاوەڕێم کرد. پاش نزیکەی دە خوولەک (ئانی)م بینی کە بە توڕەییەکی زۆرەوە هاتە دەرەوە، لە هەمان کاتیشدا پیاوێک هاتە دەرەوە و بەدوای کەوت.**

**پیاوەکە کە بەو گەیشت، ئەوا دەستی گرت و لە شوێنی خۆی وەستاند، ئانی کە ئەمەی بینی، ئەوا ئاوڕی دایەوە و زللەیەکی وەها بەهێزی لێدا کە دەنگی دایەوە، دواتر لە دوورەوە گوێم لێ بوو گوتی: بەڕاستی پیاوێکی بێ ڕەوشتیت، چۆن بوێری ئەوەت هەبوو لە یەکەم ژوواندا دەست بۆ ڕانەکانم ببەیت؟! نەوەکو هەر ئەمە، بەڵکو ئێستا وا هاتوویت تاکو بەرۆم بگریت، خۆت پێ چییە؟!**

**لەگەڵ گوتنی ئەمە، ئەوا ئانی دووبارە ئەوی جێهێشتەوە، ئەم جارە پیاوەکە جووڵەی نەکرد و تەنیا زەردەخەنەیەکی کرد. هەڵبەتە بۆ ماوەیەکی کاتی جووڵەی نەکرد، چونکە دوای ئەوەی کە ئانی کەمێک دوورکەوتەوە، ئەوا دووبارە بەدوای کەوتەوە، منیش بە هەمان شێوە دەستم بە جووڵە کرد و بەدوای هەردووکیان کەوتم.**

دوای ئەوەی کە ئانی سێ شەقامی تێپەڕاند، ئەوا بە دارشتەیەکی تاریکدا بای دایەوە، پیاوەکە کە ئەوەی بینی، ئەوا هەنگاوەکانی خێرا کردن تاکو لەوێ پێی بگات. زۆری پێ نەچوو کە پیاوەکە دووبارە پێی گەیشتەوە و وەستاندی، ئەم جارە بە شێوەیەکی توند وەستاندی. ئانی کە بینی دووبارە بەدوای کەوتۆتەوە، ئەوا ئەم جارە ترسا، ویستی خۆی لە دەستی ڕزگار بکات، بەڵام هێزی ئەوەی نەبوو کە دەستەکانی لەناو دەستی دەربێنێت. دواتر پیاوەکە لە خۆی نزیک کردەوە و هەوڵیدا ماچی بکات، بەڵام ئانی کشایەوە دواوە و بەرهەڵستی کرد. پیاوەکە کە زانی بەم شێوەیە بە هیچ ئەنجامێک ناگات، ئەوا دەستێکی بەرز کردەوە و مستێکی لێدا، مستێکی وەها بەهێزی لێدا کە خەریک بوو لە هۆش خۆی ببات. دوای ئەوەی کە ئانی کەوتە سەر زەوی، ئەوا پیاوەکە زنجیری پانتۆڵەکەی کردەوە و چووکی (ئەندامی نێرینەی پیاو) دەرهێنا، لێی نزیک بۆوە و دواتر ویستی نێوان قاچەکانی فراوان بکات تاکو دەستدرێژی بکاتە سەر. ئانی کە ئەمەی بینی، ئەوا هاواری کرد و داوای یارمەتی کرد، پیاوەکە کە گوێی لەمە بوو، ئەوا پێکەنی و گوتی: ئێرە هیچ کەسێکی لێ نییە، بۆیە خۆت ماندوو مەکە، هیچ کەسێک بە هاناتەوە نایەت. ئەگەر دەتەوێت ئازارێکی زۆرت پێ نەگات، ئەوا وەکو ئافرەتێکی باش چیتر بەرهەڵستی مەکە و نێوان قاچەکانتم بۆ فراوان بکە.

ئانی بەرهەڵستی زیاتری کرد، بەڵام سوودی نەبوو بەوەی کە پاش چەند چرکەیەک پیاوەکە توانی نێوان قاچەکانی فراوان بکات و چووکی بخاتە ناوەوە، بەم شێوەیە بۆ ماوەی خوولەکێکی تەواو سەیری پیاوەکەم کرد کە لەو دارشتەیە تاریکەدا دەستدرێژی دەکردە سەر. هەر لە سەرەتاوە دەمتوانی ڕێگری لەو ڕووداوە بکەم، بەڵام چاوەڕێم کرد.

بۆیە چاوەڕێم کرد چونکە چێژم لەو ئازارە دەبینی کە ئانی تووشی بووبۆوە، چێژم لەو ڕاستییە دەبینی کە ئەوەی چەند ساڵێک پێش ئێستا بەسەر مندا هات، ئەوا بەسەر ئەویشدا هات.

بەهەرحاڵ دواتر بێزار بووم لەوەی کە هێندە لەوێ بوەستم، بۆیە سووچەکەم جێهێشت و بەرەو لای ئەوان بەڕێکەوتم. لە کاتێکدا کە پیاوەکە سمتی بۆ پێشەوە و دواوە دەبرد، ئەوا بەردێکم هەڵگرت و لە سەریم دا، بە هۆی ئەمەوە، ئەوا لەهۆش خۆی چوو و کەوتە سەر زەوی. ئانی کە ئەوەی بینی، ئەوا بە دوو چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە شوێنی خۆی هەستا و باوەشی پێدا کردم. دەمتوانی هەر لەوێ کۆتایی بە ژیانی بهێنم، بەڵام پلانێکی ترم بۆی هەبوو. کە سەیری ڕووخساری کردم، ئەوا منی ناسییەوە و بە گریانەوە گوتی: سوپاس بەڕێز کۆرماک، سوپاس بۆ ئەوەی کە منت لە دەستی ئەو دڕندەیە ڕزگار کرد!

دواتر منیش گوتم: ببوورە کە زووتر بە هاناتەوە نەهاتم، خۆزگە توانیبام ڕێگری لەم ڕووداوە بکەم.

بەهەرحاڵ، ئێستا دەتەوێت چی بکەیت، ئایا دەتەوێت بانگی پۆلیس بکەم تاکو ئەمە قۆڵبەست بکەن؟

وەڵامی دامەوە و گوتی: نەخێر، لێیگەڕێ، با لێرە بتۆپێ!

دوای ئەم قسەیە، ئەوا گوتم: چۆنت پێ باشە وا دەکەین. بەهەرحاڵ، ئایا شوێنێکت هەیە تاکو بۆی بچیت؟

وەڵامی دامەوە و گوتی: بەڵێ، ماڵەوەم لە نزیک ئێرەوەیە.

کە گوێبیستی ئەوە بووم، ئەوا گوتی: زۆرباشە، کەوایە تاکو بەردەمی ماڵەکەت لەگەڵتدا دێم، دەمەوێت دڵنیابم لە سەلامەتیت.

**کە گوێی لەمە بوو، ئەوا زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە وایدەزانی دەیپارێزم، بۆیە ڕازی بوو کە لەگەڵی بڕۆم بۆ ماڵەکەی. بەم شێوەیە، ئەوا پلانەکەم سەری گرت.**

**لە کاتێکدا کە بە ڕێگادا دەڕۆیشتین، ئەوا بە هەردوو دەستەکانی قۆڵی گرتبووم، بە ڕادەیەک ترسابوو کە بۆ یەک هەنگاویش لێم دوور نەکەوتەوە. کە گەیشتینە بەردەم ماڵەکەی، ئەوا گوتم: ئێستا کە بە سەلامەتی گەیشتووینەتە ئێرە، ئەوا جێت دێڵم، تکایە وریای خۆتبە.**

**کە دوو هەنگاو کشامەوە دواوە و پشتم تێکرد، ئەوا بانگی کردم و گوتی: بەڕێز کۆرماک، ئایا... ئایا دەتوانیت ئەمشەو لام بمێنیتەوە؟ دەزانم کە داوای شتێکی نابەجێ دەکەم، بەڵام ئەگەر تۆم لابێت، ئەوا هەست بە سەلامەتی زیاتر دەکەم.**

**دەمزانی کە داوای شتێکی لەم شێوەیە دەکات، بۆیە**

**کە گوێم لەمە بوو، ئەوا زەردەخەنەیەکی گەورە کەوتە سەر لێوەکانم، هەنگاو بە هەنگاوی پلانەکەم سەری گرت.**

**کە بە دەم داواکارییەکەیەوە هاتم و قبووڵم کرد، ئەوا ڕووخساری گەشایەوە و هەستی بە ئاسوودەیی کرد، دواتر ڕۆیشتینە ژوورەوە. بۆ کەسێک کە تازە دەستدرێژی کرابۆ سەر، ئەوا خۆڕاگرییەکی باشی هەبوو. هەرچەندە تێبینیم کردبوو کە بە هۆی ڕووداوەکەوە دەلەرزی، بەڵام هێشتا هەر باش بوو.**

**دوای ئەوەی کە چووینە ژوورەوە، ئەوا ڕۆیشتین بۆ چێشتخانەکە و لەسەر دوو کورسی دانیشتین کە دەوری مێزەیەکی بچووکیان دابوو. بۆ ماوەی چەند خوولەکێک هەردووکمان بە بێدەنگی لە شوێنی خۆمان دانیشتین، تەنانەت**

سەیری یەکتریشمان نەکرد، هەردووکمان کەوتبووینە داوی بیرکردنەوە. دوای ئەوە، ئەوا ئانی لە شوێنی خۆی هەستا و لە سینکەکە نزیک بۆوە، دوو پەرداخی دەرهێنان و لەسەر سینییەکی دانان. دواتر کترییەکەی دەرهێنا و ویستی پڕ ئاوی بکات، بەڵام لەپڕ دەستی کرد بە گریان. کە ئەوەم بینی، ئەوا هەستام و ڕۆیشتمە لای، باوەشم پێدا کرد و سەریم لە سنگمەوە نزیک کردەوە، ئەویش دەستەکانی بە دەوری پشتمدا هێنا و بە گریانەوە باوەشی پێدا کردم.

هۆکاری ئەم باوەشە بۆ ئەوە نەبوو کە بەزەییم پێیدا دەهاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە بوو تاکو متمانەی زیاترم پێ بکات و وریایی خۆی لەدەست بدات، جووڵەیەکی زیرەکانە بوو کە بە باشی ئامانجی خۆی پێکا.

دوای ئەوەی کە لە گریانەکەی تەواو بوو، ئەوا گوتم: بڕۆ پشوو بدە، من چایەکە ئامادە دەکەم.

کە گوێبیستی ئەمە بوو، ئەوا بەقسەی کردم و دووبارە لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە. منیش کترییەکەم کوڵاند و دواتر چایەکەم لە پەرداخەکان کرد. سینییەکەم هەڵگرت و دواتر لەسەر مێزەکەم دانا، پەرداخێکم بەو دا و ئەوی تریشم بۆ خۆم هەڵگرت.

کە لە خواردنەوەی چایەکە تەواو بووین، ئەوا گوتم: ئێرە بۆ پشوودان باش نییە، بۆیە با بڕۆین لەسەر قەنەفەکە دانیشین.

ئەویش سەری ڕازی بوونی لەقاند و هەستا، کەمێک بێ هێز بوو، بۆیە قۆڵیم گرت و یارمەتیم دا، دواتر پێکەوە بەرەو لای قەنەفەکە ڕۆیشتین و لەسەری دانیشتین.

دوای ماوەیەک لە مانەوەمان لەوێ، ئەوا ئانی لەپڕ هەستی بە گێژ بوون کرد، بۆیە ویستی بڕوات بۆ ژوورەکەی و ڕاکشێت. کە لەسەر قەنەفەکە هەستا، ئەوا ڕاستەوخۆ لە شوێنی خۆی کەوتە سەر زەوی. ئەمەی بەلاوە زۆر سەیر بوو، بۆیە سەری بەرز کردەوە و وزەی بە خۆی دا تاکو هەستێتەوە سەر پێیەکانی، بەڵام نەیتوانی. هەستی بە ئیفلیج بوونێکی سەیر کرد، جەستەی بە تەواوی لەکار وەستا. تاکە شتێک کە لەو کاتەدا توانی ئەنجامی بدات ئەوە بوو کە بە دەنگێکی نزم بانگی کردم و گوتی: جەیمز، ناتوانم بجووڵێم، ئەوە چیمە؟!

وەڵامم نەدایەوە، بەڵکو لەسەر زەوییەکە هەڵمگرت و لەسەر قەنەفەکەم دانا، لە کاتێکدا کە وەکو ئیفلیجێک خستمە سەر قەنەفەکە، ئەوا لای دانیشتم و دواتر بە زەردەخەنەوە گوتم: ئەمە بە هۆی چایەکەیەوە بوو، شتێکم لەناوی کردبوو.

کە گوێی لەمە بوو، ئەوا ترس و نیگەرانی کەوتە ناو چاوەکانی، پێی سەیر بوو کە کارێکی لەم شێوەیەم ئەنجام داوە، بۆیە بە شپرزەیی و دەنگێکی نزمەوە گوتی: بۆچی کارێکی... لەم شێوەیەت... ئەنجام داوە؟

ئایا... ئایا تۆش دەتەوێت... تۆش دەتەوێت دەستدرێژیم بکەیتە سەر؟

وەڵامم دایەوە و گوتم: نەخێر، بەڵکو شتێکی ترم لە مێشکدایە. باش سەیرم بکە، ئایا ڕووخساری من ئاشنا نییە؟

ئەویش گوتی: نەخێر، بۆ مەگەر تۆ کێیت؟

وەڵامم دایەوە و گوتم: ناوی ڕاستەقینەم بریتییە لە ماثیو هاریگن، برای زڕی جێنفر.

کە ناوەکەمی بیست، ئەوا وەکو چۆن ماری ئەو کاتە تووشی سەرسامی بوو، ئەوا ئەویش بە هەمان شێوە تووشی سەرسامی بوو. بۆ ماوەیەک بێدەنگ

**بوو، بەڵام دواتر بێدەنگییەکەی شکاند و بە ڕوویەکی پڕ لە خەمەوە گوتی: کەوایە ئەم ڕۆژەش گەیشت، ناتوانم بڵێم کە چاوەڕێی ئەمەم نەدەکرد. دەمزانی کە ڕۆژێک دادێت باجی هەڵەی ئەو شەوەم دەدەم، ئەوە شتێک بوو کە هەر دەبوایە ڕوویدابا. هەرچەندە ئەوەی ئەو شەوە بەرامبەر تۆمان کرد شایەنی لێ خۆش بوون نییە، بەڵام داوای لێبووردن دەکەم، نەدەبوایە بە قسەی ئەو دووانەم کردبا و ئەوەمان بەرامبەر کردبایت. ئەوە بزانە کە ئەو کات گەنج و نەزان بووین، بەدوای ئارەزووەکانمان دەکەوتین، بە هۆی ئەمەشەوە پایەکانی ژیانت ڕووخا.**

**کە گوێم لەمانە بوو، ئەوا بۆ ساتێک لە شوێنی خۆم وەستام و بیرم لە قسەکانی کردەوە، ئاشکرابوو کە بەڕاستی پەشیمان بوو لەو کارەی کە بەرامبەر منیان ئەنجام دابوو، بەڵام ئەوە بۆ من هیچ نرخێکی نەبوو، بۆیە دواتر گوتم: داوای لێبووردنێک ناتوانێت قەرەبووی ئەو هەڵەیەت بکاتەوە، بۆیە ئەم داوایە لە خوایەکەت بکە بەوەی کە تەنیا ئەو توانستی ئەوەی هەیە لە هەڵەکانت خۆش بێت، نەوەکو من.**

**کە ئەمەی بیست، ئەوا فرمێسک کەوتنە چاوەکانی. دوای ئەمە خەنجەرەکەم دەرهێنا و خستمە ژێر قورگییەوە، بۆ ساتێک سەیری چاوەکانیم کرد کە پڕ بوون لە فرمێسک و پەشیمانی، دواتر خەنجەرەکەم بە ژێر قورگیدا هێنا و کۆتاییم بە ژیانی هێنا.**

# بەشی حەوتەم

## 30ی ئەیلوولی 1891ز

**کە گەیشتینە شوێنی مەبەست، ئەوا لە گالیسکەکە دابەزیم، دواتر بە شەقامە تاریکەکەدا ڕۆیشتم و گەڕامەوە بۆ ئەو سووچەی پێشووتر تاکو چاودێری بەردەمیماڵە کۆنەکەمان بکەم.**

**دوو ساڵ بەسەر مەرگی ماری و (ئانی)دا تێپەڕ بوو، دوای کۆتایی هێنان بە ژیانیان، ئەوا ڕاستەوخۆ ویستم کۆتایی بە ژیانی (جێنفر)یش بێنم، بەڵام لەو ماوەیەدا دووچاری چەند ئەرکێک و کێشەیەک بوومەوە کە باسیان لێوە ناکەم بەوەی کە وردەکاریان زۆرە.**

**بەهەرحاڵ بۆ ماوەیەک لە ژێر پەستانی سەرمادا لەوێ مامەوە، چاودێری شەقامەکەم کرد تاکو دڵنیام کە هیچ کەسێکی لێ نییە. کە دڵنیا بوومەوە هیچ کەسێکی لێ نییە، ئەوا بەڕێکەوتم و بەرەو دواوەی خانووەکە ڕۆیشتم. لە پشتەوە دەرگایەکی لێ بوو کە بە چێشتخانەکەوە بەسترابوو، واتا لە ڕێگەی چێشتخانەکەوە دەتانتوانی بڕۆنە دەرەوە. هێشتا پاش ئەو هەموو ساڵە کلیلەکەم لاما بوو، بۆیە کلیلەکەم لە گیرفانەکەم دەرهێنا و دەرگایەکەم پێ کردەوە، دواتر**

**ڕۆیشتمە ناوەوە و دەرگایەکەم لە پشت خۆم داخستەوە. کە چێشتخانەکەم بینی، ئەوا بۆ ساتێک لە شوێنی خۆم وەستام، لەو ساتەدا زۆر شتم بیر هاتەوە، زۆر یادەوەری خۆش، وە هیتریش ناخۆش، لە هەمووشیان زەقتر یادەوەری ڕووداوی ئەو شەوە نەفرەتییە. کە ساتەکە تێپەڕی، ئەوا چێشتخانەکەم جێهێشت و بەرەو لای پلیکانەکان بەڕێکەوتم. دواتر بە هەنگاوی هێواشەوە بەسەر پلیکانەکان سەرکەوتم تاکو جێنفر دەنگی پێیەکانم نەبیستێت، لەم کارەمدا سەرکەوتوو بووم. کە ڕۆیشتمە سەرەوە، ئەوا سەرەتا بەرەو ژووری**

جێنفر بەرێنەکەوتم، بەڵکو بەرەو ژوورەکە کۆنەکەم بەرێکەوتم. نازانم کە بۆچی ئەم کارەم کرد، لەوانەیە لەو ساتەدا بیری ژیانی کۆنم کردبووبێت، یاخود لەوانەیە فزول دایگرتبم تاکو بزانم چی بەسەر ژوورەکە کۆنەکەمدا هاتبوو، هەرچییەک بێت، ئەوا منی بەرەو ئەوێ برد. دەرگایەکەم بە هێواشی کردەوە، کە سەیری ناوەوەیم کرد، ئەوا بینیم چۆڵ کرابوو، هەموو ئەو شتانەی کە پێشووتر لە ژوورەکە کۆنەکەمدا هەمبوون لەوێ لابردرا بوون. جگە لە بوونی تۆز و تۆڕی جاڵجاڵۆکە، ئەوا هیچی تر نەدەبینرا. هەرچەندە چاوەڕێی شتێکی لەو شێوەیەم دەکرد، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا و کەمێک دڵتەنگ کەوتم. بەهەرحاڵ دواتر دەرگایەکەم داخستەوە و لەوێ ڕۆیشتم، ڕۆیشتمە لای دەرگای ژووری جێنفر و دەستگری دەرگایەکەم سووڕاند تاکو بزانم داخراوە یان نا. بۆ خۆشبەختیم دەرگایەکەی دانەخستبوو، ئەمە کارەکەی منی ئاسان کرد.

دەرگایەکەم بە هێواشی کردەوە و ڕۆیشتمە ژوورەوە، بینیم کە جێنفر لەسەر جێگایەکەی خەوتبوو. دواتر لێی نزیک بوومەوە و لای سەری وەستام، بە دەستی ڕاستم خەنجەرەکەم دەرهێنا و خستمە ژێر قورگییەوە، بە دەستەکەی تریشم دەمیم گرت و دواتر لە خەوم هەستاند. کە چاوەکانی کردەوە و منی بینی، ئەوا تۆقی و ویستی هاوار بکات، بەڵام نەیتوانی بە هۆی ئەوەی کە دەمیم گرتبوو. دواتر سەرنجیم خستە سەر خەنجەرەکە، کە ئەوەی بینی، ئەوا ترسێک دایگرت کە وایکرد ئارەق بە لایەکی سەریدا بێتە خوارەوە. کە هێمن بۆوە، ئەوا گوتم: ئێستا دەستم لادەبەم، ئەگەر هاوار بکەیت، ئەوا بەم خەنجەرە قورگت دەبڕم، تێگەیشتیت؟

بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێت، ئەوا سەری لەقاند و ئاماژەی "بەڵێ"ی پێدام. کە ئەوەم بینی، ئەوا دەستم لەسەر دەمی لابرد. بە پێچەوانەی ماری و ئانی، ئەوا جێنفر ڕاستەوخۆ منی ناسییەوە، باوەڕی بەوە نەکرد کە بە چاوەکانی خۆی

بینی. دەنگی کەوتە لەرزینەوە و تووشی شپرزەییەکی زۆر بوو، لە کاتێکدا کە حاڵی بەم شێوەیە بوو، ئەوا گوتی: ما... ماثیو ! تۆ چۆن... لێرە چی... چۆن...؟!

کە بەم شێوەیەم بینی، ئەوا زەردەخەنەیەک هاتە سەر لێوەکانم و دواتر گوتم: دەبینم کە زمانت گیراوە، چاوەڕێی بینینی منت نەدەکرد، وایە؟ بەڵام دوای مەرگی ماری و ئانی، ئەوا دەبوایە چاوەڕێی هاتنی منت کردبا، چونکە لە کۆتاییدا ئەوە من بووم کە ئەو دووانەم کوشتن.

جێنفر کە ئەوەی بیست، ئەوا ڕووخساری سپی هەڵگەڕا و بە ترسێکی زۆرەوە گوتی: ئەوە... ئەوە تۆ بوویت؟!

وەڵامم دایەوە و گوتم: بەڵێ، ئێستاش سەرەی تۆیە.

لەگەڵ ئەمە، ئەوا خەریک بوو خەنجەرەکە بە ژێر قورگیدا بێنم و خەڵتانی خوێنی بکەم، بەڵام لەپڕ دەنگێک هات کە وایکرد لە شوێنی خۆم بوەستم. ئەوەی بیستم دەنگی کردنەوەی دەرگای خوارەوە بوو، دوای ئەمە دەنگی شوێن پێی دوو کەس هات، جێنفر کە ئەمەی بیست، ئەوا بە هەلی زانی و هاواری کرد، هاوارەکەی لە چرکەیەک زیاتری پێ نەچوو بەوەی کە بە مستێک لەهۆش خۆیم برد. بەڵام ئەو چرکەیە بەس بوو، چونکە زۆری پێ نەچوو کە گوێم لە دەنگی نزیک بوونەوەی ئەوانە بوو کە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە دەهاتن. بۆیە ڕۆیشتمە لای دەرگایەکەی و لەوێ وەستام، کە دەرگایەکە کرایەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ منی حەشاردا. کە هاتنەوە ژوورەوە، ئەوا گوێم لە دەنگی یەکێکیان بوو کە بە دەنگێکی پڕ لە نیگەرانییەوە گوتی: جێنفر !

ئەو دەنگەم بیستەوە، ئەوە دەنگی کارۆلاین بوو، هێندەی تریشی پێنەچوو کە گوێم لە دەنگی ئەوەی تر بوو، دەنگی باوکم. لە کاتێکدا کە هەردووکیان ڕوویان

لە جێنفر بوو، ئەوا پاڵم بە دەرگایەکە نا و ڕۆیشتمە دواوەیان، پێش ئەوەی بتوانن ئاوڕ بدەنەوە، ئەوا بە پشتی خەنجەرەکە لە سەریانم دا و هەردووکیانم لەهۆش خۆیان برد.

دوای ئەمە، ئەوا ڕۆیشتم بۆ خوارەوە و گوریسێکم هێنا، دواتر سێ کورسیم هەڵگرتن و بەرەو سەرەوەم بردن. کە کورسییەکانم لەسەر زەوی دانان، ئەوا هەرسێکیانم دانە بە دانە خستنە سەر کورسییەکە، دواتر بە گوریسەکە دەست و قاچیانم بەستەوە، دوای ئەمە چاوەڕێم کردن تاکو لە کۆتاییدا بەهۆش خۆیان هاتنەوە. کە چاویان کردەوە و خۆیان بەو شێوەیە بینی، ئەوا کەوتنەوە حاڵەتی تۆقینە، هەر خۆیان دەجووڵاند و دەجووڵاند تاکو ڕزگاریان بێت، بەڵام سوودی نەبوو. یەکەم کەسێک قسەی کرد باوکم بوو کە گوتی: ئەوە کێ بەم شێوەیە ئێمەی بەستۆتەوە؟

خەریک بوو جێنفر وەڵامی بداتەوە، بەڵام پێشی کەوتم و لە سووچی تاریکی ڕاستی ژوورەکەوە خۆم دەرخست. باوکم و کارۆلاین کە منیان بینی، ئەوا تووشی شۆک بوون، هەرگیز چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد کە جارێکی تر چاویان بە من بکەوێتەوە، جا بەم شێوەیەش. باوکم کە لە هەمووان زیاتر سەری سووڕمابوو، ئەوا ڕووی لە من کرد و گوتی: ماثیو، ئەوە لێرە چی دەکەیت؟ بۆچی ئێمەت بەم شێوەیە بەستۆتەوە؟! هەر ئێستا ئازادمان بکە، دەی!

لێی نزیک بوومەوە و ڕۆیشتمە بەردەمی، دەستم بەرز کردەوە و مستێکی وەها توندم لێدا کە خەریک بوو بکەوێتە سەر زەوی، کارۆلاین کە ئەوەی بینی، ئەوا بە توڕەییەکی زۆرەوە گوتی: چۆن بوێری ئەوەت هەیە کە دەست لە باوکت بەرز بکەیتەوە هەی نەفرەتی ! هەی بێ ئەدەب ! هەی بێ شەرم!

**لە کاتێکدا کە بەم شێوەیە دەوەڕی، ئەوا خەنجەرەکەم دەرهێنا و لە دەمیم نزیک کردەوە، دواتر گوتم: ئەگەر دەمت دانەخەیت، ئەوا بەمە زمانت دەبڕم و دەرخواردی (جێنفر)ی دەدەم، تێگەیشتیت؟**

**کە ئەم هەڕەشەیەم لێکرد، ئەوا ترسا، بۆیە بێدەنگ بوو.**

**دوای ئەوەی کە هەمووان بێدەنگ بوون، ئەوا گوتم: دوای ئەم هەموو ساڵە، ئەوا لە کۆتاییدا هەمووومان وەکو خێزانێک کۆبووینەوە، باوەڕ ناکەن کە بەمە چەندە خۆشحاڵم ! ئێستا کە ئەمەم گوت، ئەوا با بڕۆینە سەر بابەتی سەرەکی. چەند ساڵێک پێش ئێستا سووکایەتیتان پێکردم و دواتر بە شتێکی پووچ تۆمەتبارتان کردم، بەڵام هەر لێرە نەوەستان، بەڵکو لە ماڵەوەش دەرتان کردم ! ئێستا ئەم ڕۆژەیە، یاخود ئەم شەوەیە کە هەرسێکتان بە سزای خۆتان دەگەن. بەڵام پێش ئەوە، ئەوا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر هەندێک شت.**

**دواتر ڕۆیشتمە پشتەوەی جێنفر و دەستم خستە سەر شانەکانی، دوای ئەمە گوتم: ئێستا جێنفر دەربارەی ئەو شەوە هەندێک شتتان پێ دەڵێت کە ئێوە لێی بێ خەبەر بوون، یاخود وردتر بڵێم ڕاستی ڕووداوی ئەو شەوەتان پێ دەڵێت.**

**جێنفر دەستپێکە، پێیان بڵێ کە ئەو شەوە بەڕاستی چی ڕوویدا.**

**کە ئەمەیان بیست، ئەوا باوکم بە سەر لێشێواوی و (کارۆلاین)یش بە ترسەوە سەیریان کرد، بەڵام جێنفر هیچی نەگوت. کە بینیم هیچ ناڵێت، ئەوا خەنجەرەکەم دەرهێنا و پەنجەیەکی دەستیم گرت، دواتر بە خەنجەرەکە پەنجەکەیم قرتاند و فڕێمدایە سەر زەوی. بە هۆی ئازاری زۆرەوە، ئەوا خەریک بوو هاوار بکات، بەڵام دەمیم گرت و ڕێگریم لێ کرد. دواتر لێم دووبارە**

کردەوە و گوتم: جێنفر، پێیان بڵێ کە ئەو شەوە چی ڕوویدا، ئەگینا دانە بە دانەی پەنجەکانت دەبڕم!

دواتر دەستم لەسەر دەمی لابرد و ئەویش دەستی بە قسەکردن کرد، تەواوی ڕاستییەکانی ئەو شەوەی بۆ ئەوان گێڕایەوە و هیچی بەجێ نەهێشت. جێی باسە لە کۆتاییدا شتێکی گوت کە تەنانەت منیشی شۆک کرد، شتێک بوو دەربارەی کارۆلاین. شەوی ڕووداوەکە، ئەوا کارۆلاین بۆ مەبەستێک زووتر گەڕابۆوە بۆماڵەوە، کە ڕۆیشتە ژوورەوە و دیمەنی دەستدرێژیکردنە سەر سەری منی بینی، ئەوا تۆقی. دەیزانی کە ئەگەر ڕاستی ئەو سێیانە دەربکەوێت، ئەوا تێدادەچن. بۆیە پلانی ئەوەی دانا کە دوو کچەکە لەوێ بڕۆن و (جێنفر)یش لەگەڵ خۆی ببات. دواتر لای باوکم شانۆیان نواندووە و وا دەریان خستووە کە من دەستدرێژیم کردۆتە سەر جێنفر.

لە کاتێکدا کە بەم قسەیە شۆک بووم، ئەوا باوکم بە ڕوویەکی پڕ لە بێز و تووڕەییەوە سەیری ئەو دووانەی کرد، دواتر دەستی کرد بە جنێودان و هەڕەشەکردن لێیان. کە لەمە تەواو بوو، ئەوا بە ڕوویەکی شەرمەزار و پەشیمانییەوە سەیری کردم و گوتی: ماثیو، ماوەی ساڵەهایە بە هەڵە لە ڕاستی ڕووداوەکانی ئەو شەوە تێگەیشتبووم، هەرچەندە شایەنی لێخۆش بوون نیم، بەڵام تکایە بمبوورە، تکایە بمبوورە کوڕە جوانەکەم.

کە ئەمەم بیست، ئەوا ڕۆیشتمە لای و باوەشم پێدا کرد، سەریم لە سنگم نزیک کردەوە و ئەویش تێر گریا. دوای ئەوەی کە گریانەکەی تەواو بوو، ئەوا ڕۆیشتمە پشتی و دەستم لەسەر شانەکانی دانا، وایزانی کە ئازادی دەکەم، بەڵام هەڵە بوو.

لەپڕ سەریم گرت و خەنجەرەکەم بە ژێر قوریگدا هێنا، لە کاتێکدا کە چاوەکانی زەق بوو بوون و خوێنێکی زۆری لێ دەڕژا، ئەوا گوتم: بڕۆ داوای لێخۆش بوو لە دایکم بکە بەوەی کە پشتت لە من کرد!

دوای ئەمە ڕووم لە کارۆلاین کرد، ڕۆیشتمە پشتییەوە و خەنجەرەکەم لە ژێر قورگیدا ڕاگرت. پێش ئەوەی کۆتایی بە ژیانی ئەویش بهێنم، ئەوا گوتم: ماوەی ساڵەهایە بە هۆی تۆ و کچەکەتەوە لە ئازاردام، ئازارێک کە هەرگیز لێی تێناگەن ! ژیانی منتان ڕووخاند تەنیا بۆ ئەوەی ژیانی خۆتان زیانی پێنەگات، ئێوە مرۆڤ نین، ئێوە ئاژەڵن، بەڵکو لە ئاژەڵیش خراپترن!

لە کاتێکدا کە ئەم قسانەم دەکردن، ئەوا دەستی کرد بە گریان و پاڕانەوە، ئەمە وایکرد زیاتر توڕە بم. بۆیە دوای ئەمە خەنجەرەکەم بە ژێر قورگیدا هێنا و کۆتاییم بە ژیانی ئەویش هێنا.

لە کۆتاییدا ڕووم لە جێنفر کردەوە، بینیم کە بە هۆی ترس و ئەو دیمەنی خوێنە زۆرەوە، ئەوا لە شوێنی خۆی ڕەق بوو بوو و هیچ هەستێک یاخود کاردانەوەیەک لەسەر ڕووخساری نەدەبینرا. دواتر ڕۆیشتمە پشتەوەی و وەستام، بە دەستی چەپم، ئەوا قژیم گرت و سەریم بۆ دواوە ڕاکێشا، بە دەستی ڕاستیشم خەنجەرەکەم خستە ژێر قورگییەوە. ویستم کۆتا شتێک پێش مەرگی بیبینێت بریتی بێت لە چاوەکانی من، ویستم بزانێت کە لە کۆتاییدا بە سزای خۆی گەیشت. بۆ ماوەی ساتێک بەم شێوەیە سەیری یەکتریمان کرد، سەیری چاوەکانی یەکتریمان کرد. دواتر پەستانم خستە سەر خەنجەرەکە و بە ژێر قورگیمدا هێنا، بەم شێوەیە کۆتایی بە هەموو شتێک هات. دوای ئەوەی کە هەرسێکیانم کوشت، ئەوا لە ناوەندیان وەستام و سەیرم کردن. کە جەستەی ئەوانم بە مردوویی بینی، ئەوا لە کۆتاییدا درکم بەوە کرد کە تۆڵەکەم کۆتایی پێهات، لە کۆتاییدا ڕوحم ئاسوودە بوو.

دوای ئەوەی کە هەموو شتێک کۆتایی پێهات، ئەوا ڕۆیشتمە دەرەوە و دواتر گالیسکەیەکم گرت، ناونیشانەکەم پێگوت و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتین. کە لە گالیسکەکە دابەزیم، ئەوا بە ماندووییەکی زۆرەوە دەرگای پێشەوەم کردەوە، ڕۆیشتمە ژوورەوە و دەرگایەکەم داخستەوە. دواتر بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتم و بەرەو ژوورەکەمان بەڕێکەوتم، بینیم کە لوسی خەوتبوو، بۆیە بە بێدەنگی لە جێگەی خەوەکە نزیک بوومەوە. کە ڕاکشامە سەر جێگەکە، ئەوا هەستی بە بوونی من کرد و بە ڕوویەکی خەواڵووەوە گوتی: گەڕایتەوە ئازیزەکەم؟

وەڵامم دایەوە و گوتم: بەڵێ ئازیزەکەم، گەڕامەوە.

دواتر ماچێکی نێوچاوانیم کرد و پێم گوت کە بخەوێتەوە، ئەویش بەقسەی کردم و دووبارە خەوتەوە.

دواتر بە ڕاکشانەوە لێی نزیک بوومەوە و باوەشم پێداکرد، زۆری پێ نەچوو کە منیش خەوم لێکەوت.

بەم شێوەیە کۆتایی بە چیرۆکەکەم دێت، چیرۆکی گەشتی بوونم بە بکووژێک، بە تۆڵەسەنێرەوەیەک، چیرۆکی بوونم بە (جاک)ی خوێنڕێژ!

# کۆتایی